کوردستان مۆدێلی تازەی بونیادنانی دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

# نیگەرانیی ئێران و تورکیا و سعودیە بەدیار تابووتی سایکس پیکۆ-وە





**«فەرەنسا و بەریتانیا توانییان سەرکەوتوو بن لە کێشانی سنووری دەستکرد بۆ دەوڵەتە تازەکانی ناو ڕێککەوتننامەی -سایکس پیکۆ-، بەڵام نەیانتوانی لەناو ئەو سنوورە دەستکردانە دەوڵەتێکی ماقووڵ بونیاد بنێن و دامەزراوەی چالاک و ناسنامەی نیشتمانی هاوبەش لە نێو پێکهاتە جیاوازەکانی ئەو نەتەوانە دروست بکەن. ڕاستە ئێستا ئێران و تورکیا و سعودیە، پلان و تێڕوانینی خۆیان هەیە بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی ناوچەکە، بەڵام لە ئێستادا کۆمەڵێک فاکتەری دیکە هەن وەک بارودۆخی ناوخۆیی ناوچە، دەوڵەت، کاراکتەری غەیرەدەوڵەتی، ئەم کاراکتەرە تازانەش سەرەنجام ڕۆڵی یەکلاکەرەوە لە دووبارە ڕێکخستنەوەی نەخشەی ناوچەکە دەگێڕن، نەک سعودیە و ئێران و تورکیا.»**

- **مارینا ئۆتاوای گەورە توێژەر لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئامۆژگای ویدرۆ ویلسۆن**
- **توێژینەوەی: با لە سایکس پیکۆ فێربین - نۆڤەمبەری ٢٠١٥**

**دەوڵەتی ئەمری واقیعی کوردستان، هەر بە توانای خودی خۆی توانیویەتی ژێرخانێکی گەورە بۆ سەربەخۆیی ئابووری خۆی دابڕێژێت، لە هەمانکاتدا بە هاوکاری هاوپەیمانان ئێستا لە قۆناخی بونیادنانی ژێرخانێکی پتەوە بۆ دامەزراندنی سوپایەک کە توانای ئەوەی هەبێت خاکەکەی لە تیرۆریستان بپارێزێت و توانای ئەوەی هەبێت دیموکراتییەت و پێکەوەژیان و لێبووردەیی پێکەوە کۆبکاتەوە**

### ■ کۆتاییهاتنی هەر دوو دەوڵەتی عێراق و سووریا و دەرکەوتنی کاراکتەری غەیرەدەوڵەتی بۆ ڕێکخستنەوەی ناوچەکە

پرۆفیسۆر مارینا ئۆتاوا لە دەستپێکی توێژینەوە تازەکەیدا کە بە ناونیشانی «با لە سایکس - پیکۆ فێربین» و لە نۆڤەمبەری ئەمساڵدا لە سەنتەری وۆردۆ ویلسۆن بڵاوی کردۆتەوە، ڕاشکاوانە جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە، ئێستا عێراق و سووریا وەك دوو دەوڵەتی سەنتراڵی کە دەسەڵاتێکی سەنتراڵی هەموو خاکی ئەو دوو وڵاتە بەڕێوەبەرێت، کۆتایی هاتووە، هاوشان لەگەڵ کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی سەنتراڵیی ئەم دوو دەوڵەتەش، کۆمەڵێك کاراکتەری غەیرەدەوڵەتی هاتوونەتەئاراوە، کە مەزندەکان بەرەو ئەو ئاراستەیە دەبات، کاتێك بیر لە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست (Levant) دەکەینەوە، ئەوا لانیکەم دەگەینە ئەو دەرنجامەی کە بەشێك لەو دەوڵەتانەی دوای شەڕی یەکەمی جیهان لە چوارچێوەی ئەوەی پێی دەڵێن ڕێککەوتننامەی -سایکس پیکۆ- کۆتاییان هاتووە، ئەمەش مانای ئەوەیە خودی ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ کۆتایی هاتووە، بۆیە زۆر زەحمەتە مەزندەی ئەوە بکرێت هەندێك لەو دەوڵەتانە جارێکی دیکە بتواندرێت وەك دەوڵەت ڕێکبخرێنەوە، بەتایبەتیش عێراق و سووریا.

ئەوەی پرۆفیسۆر ئۆتاوا لەم توێژینەوەیەدا جەختی لەسەر کردۆتەوە، ئەوەیە کاراکتەری غەیرەدەوڵەتی ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکلایی دەکاتەوە، نەك هێزە گەورە هەرێمییەکانی وەك ئێران و سعودیە و تورکیا، بە مانایەکی دیکە مانای ئەوەیە هەر لایەنێکی نێودەوڵەتی بیەوێت ڕۆڵێکی بەهێزی لە ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبێت، ئەوا دەبێت لەگەڵ ئەو کاراکتەرە غەیرە دەوڵەتییانە ڕاستەوخۆ مامەڵە بکات کە ڕۆڵی ئەرێنی و یەکلاکەرەوە لە تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش و پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەتێکی تازە دەگێڕێت، لەناو ئەو دەوڵەتە تازەیەشدا ئیمکانییەتی ئەوە هەیە، دەوڵەتێکی ماقووڵی ئەوتۆ دروست بکرێت کە دامەزراوەی چالاك و ناسنامەی هاوبەشی نیشتمانی ئەوتۆ دروست بکرێت کە توانای ئەوەی هەبێت لە ناو خودی ئەو دەوڵەتە سەقامگیری و تەناهی فەراهەم بکرێت و هەر ئەو دەوڵەتەش خۆی فاکتەرێك بۆ ئاشتی و تەناهی لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی بێت.

کەواتە ئەم ئاراستە تازەیەی تێڕوانین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چۆنیەتی ڕێکخستنەوەی ئەم ناوچەیە، لە چەند خاڵێکدا خۆی چڕدەکاتەوە کە دەکرێت بەمجۆرە هەڵوەستەیان لەسەر بکەین:

١. لە ئاکامی ململانێی توندی هەرسێ لایەنی تورکیا، ئێران و سعودیە، لەسەر ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەوڵدانیان بۆ ڕێکخستنەوەی ناوچەکە لە چوارچێوەی ئەو پلان و ئامانجەی خۆیان هەیانە، بۆتە



هۆکاری ئەوەی لە سووریا و عێراقدا گرووپی دیکە وەك کاراکتەری غەیرەدەوڵەتی دەربکەون، لەناویاندا گرووپی تیرۆریستیی داعش کە یەك لە سەر سێی خاکی هەر دوو وڵاتی عێراق و سووریای داگیرکردووە و مۆدێلێکی زۆر دڕندانەی دەوڵەتی ڕاگەیاندووە کە دەیەوێت مۆدێلی دەوڵەت بگێڕێتەوە بۆ سەردەمی وەحشییەت و بەربەرییەت.

٢. تورکیای ئەتاتورك کە لەسەر میراتی دەوڵەتی عوسمانی درووست بووە، بەشێك نەبووە لە نەخشەی سایکس پیکۆ، ئەتاتورك دوای هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی شەڕێکی سەختی کرد بۆ ئەوەی دەوڵەتی تورکیای نوێ وەك کرۆکیی دەوڵەتی عوسمانی بە یەکگرتوویی بهێڵێتەوە و لە دەرەوەی نەخشەی سایکس پیکۆ دروستی بکاتەوە، بۆیە کاتێك باسی کۆتاییهاتنی سایکس پیکۆ و دووبارە دارشتنەوەی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی دەکرێت و بە شێوەیەکی تایبەتیش باسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەکرێت، تورکیا ترسی ئەوەی هەیە، ئەمجارەیان وەك دوای شەڕی یەکەمی جیهانی نەتوانێت خۆی بخاتە دەرەوەی گۆڕانکارییەکان، هەروەك چۆن ئەتاتورك تورکیای خستە دەرەوەی نەخشەکەی سایکس پیکۆ، بۆیە لەم حاڵەتەدا تورکیا هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە نەخشەی سایکس پیکۆ وەك خۆی بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی تورکیا دووبارە لە دەرەوەی ئەگەری دووبارە دارشتنەوەی نەخشەی ناوچەکە خۆی بەدوور بگرێت، لەلایەکی دیکەش بۆ ئەوەی بە هێرشکردن بەرپەرچی بەرگریکردن بداتەوە، تورکیا لە هەوڵی ئەوەدایە دووبارە چەمکی خەلافەت ببووژێنێتەوە و هانی ئاڕاستەی ئایینی و مەزهەبگەرایی سوننە بدات، بۆ ئەوەی خۆی ببێتە کاراکتەری سەرەکی لە دارشتنەوەی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەو لایەنە ئیسلامییانە بگەنە دەسەڵات کە ئاراستەی ئایدلۆژیان زیاتر لەگەڵ ڕەوتی ئیخوان موسلیمن و چەمکی دەوڵەتی خەلافەت یەکدەگرێتەوە، بۆیە لەم ڕووەوە تورکیا لە کاتێکدا زۆر بە توندی دژی کۆتاییهاتنی —سایکس پیکۆ -یە، لە هەمانکاتدا هەوڵی دیکەشی هەیە بۆ ئەوەی خەلافەتی ئیسلامی بە هاوشێوەی خەلافەتی عوسمانییەکان جێگەی سایکس پیکۆ بگرێتەوە، ئەم بۆچوونەش بۆ هێزە گەورەکان و بەتایبەتی ڕووسیا کە لە ساڵی ١٩١٧ بە هۆی ڕووخانی قەیسەرەوە زۆر شتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەدەست دا، لە ئێستادا پۆتین نایەوێت لە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێدا هەمان سیناریۆی بەسەردا دووبارە بێتەوە.

٣. عەرەبستانی سعودیەی ئێستاش کە بەرهەمی سایکس پیکۆ-ی دوای شەڕی یەکەمی جیهانە و ئەو دەوڵەتە نییە کە لە دەقی ڕێککەوتننامە ئەسڵییەکەی سایکیس پیکۆ، بەریتانیا بۆ شەریفی حوسێنی مەککە پێشنیاری کردبوو، بەوەی دەوڵەتێکی بۆ درووست

**دەوڵەتی ئەمری واقیعی کوردستان، کێشەی لەگەڵ هیچ ئایینێکی ئاسمانی و زەمینی نییە لە ناوچەکەدا و ڕێزی هەموو ئایین و پێکهاتەکان دەگرێت لە ناو سنووری سیاسی ئەم دەوڵەتە ئەمری واقیعەدا، بە هەمان شێوە هیچ کێشەیەکی لەگەڵ بەها و کەلتووری دیموکراتی و جیهانی ئازاددا نییە**

**دەوڵەتی ئەمری واقیعی کوردستان لەسەر ئاستی ئیقلیمی، تەنیا دەوڵەتە پێوەندییەکی هاوسەنگی لەگەڵ هەر سێ هێزە گەورەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (تورکیا و ئێران و سعودی) هەیە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم دەوڵەتی ئەمری واقیعەی ئێستا بوونی هەیە و بەرژەوەندی هاوبەشی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە لەسەر بنەمای ڕێز و بەرژەوەندی باڵای نەتەوەییە**

**تەنیا کوردستانە وەک دەوڵەتی ئەمری واقیع لەناو تەواوی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە (تورکیا و سعودیە و ئێرانیشەوە) زۆر بە جددی شەڕی دژ تیرۆریستانی داعش دەکات و کەلتووری ئەم دەوڵەتە ئەمری واقیعە ژینگەیەک نییە بۆ پەروەردەکردنی خۆماڵیبیانەی تیرۆریستان، نە لەسەر بنەمای مەزهەبی، نە لەسەر بنەمای قەومی و ناسیۆنالیستی**

دەکات لە حیجاز، بەڵکو ئەم سعودیەی ئێستا کە بەشی زۆری نیمچە دوورگەی عەرەبی لەخۆ دەگرێت، درا بە بنەماڵەی -ئال سعود- کە هەتا ئێستاش فەرمانڕەوایی سعودیە دەکەن، بنەماڵەی ئال سعود-یش مەترسییان لە دووبارە داڕشتنەوەی نەخشەی تازەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە، بەوەی کە دیسان نەخشەی سعودیەش گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بەتایبەتیش کە ئێرانی ئێستا وەك کۆماری ئیسلامی ئێران بۆتە دەوڵەتێکی ئایینی مەزهەبی شیعە و دەوڵەتەکەی سەردەمی شاهەنشاهی نییە کە ئامانجی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا بێت، بەڵکو ئامانجی فراوانکردنی مەدی شیعی و پووکانەوەی دەوڵەتی عەرەبستانی سعودی -یە، بۆیە لەم حاڵەتەدا هەموو هەوڵی سعودیە ئەوەیە کە ئەو هیلال و بازنە شیعییەی کە ئێران مەبەستێتی بە دەوری عەرەبستانی سعودیەدا بیکێشێت، ئەو هیلال و بازنەیە کۆتایی پێبهێنێت.

لە دوای نەخشەی سایکس پیکۆ-ی دوای شەڕ لە ١٩٢٥ هەتا ئێستا بە هۆی باڵادەستی و نفوزی بەریتانیا و فەرەنسا و دواتریش ئەمریکا، هەوڵدراوە ئێران لغاوگیر (ئیحتوا) بکرێت بۆ ئەم ئامانجە، بەڵام لە دوای ڕاپەڕینەکانی زستانی ٢٠١١ی وڵاتانی عەرەبی و هەڵکشانی مەدی تەیارە ئیسلامییەکان بەگشتی و ئیخوان موسلمین بەتایبەتی، لغاوگیرکردنی ئێران بۆ ئەم ئامانجە سەخت بووە، بۆیە لەم حاڵەتەدا سعودیە پشتگیری هەموو هەوڵەکان بۆ پاراستنی واقیعی سایکس-پیکۆ دەکات و پشتگیری هەموو ئەو لایەنانەش دەکات کە دژی تەیاراتی ئیسلامی و ئیخوان موسلمین ڕادەوەستنەوە، هەروەك چۆن ئەوپەڕی پشتگیری عەبدولفەتاح سیسی کرد بۆ کۆتاییهێنان بە حوکمڕانیی ئیخوان موسلمین لە میسر، هەر ئەمەش هۆکاری سەرەکی جیاوازی تێڕوانینی سعودیە و ئیماراتە لە دژی تورکیا و قەتەر لە هاوکێشەی سیاسیی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

٤. ئێران وەك دەوڵەت هەتا ساڵی ١٩٧٩، ئێرانی دوای ساڵی ١٩٧٩ی کۆماری ئیسلامی ئێران نییە، ئێرانی شاهەنشاهی هەتا ساڵی ١٩٧٩ وەك «پۆلیسی ڕۆژئاوا» لە کەنداو ناوی دەبردرا، بەڵام دوای هاتنی کۆماری ئیسلامی ئێران و بە درێژایی ٣٦ ساڵی ڕابردوو، ئێران وەك گەورەترین مەترسی بۆ سەر ڕۆژئاوا و هاوپەیمانە تەقلیدییەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا لە ناوچەکە سەیر دەکرێت، ئێرانی سەردەمی شاهەنشاهی هەرگیز بەشێك نەبووە لە گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەبەر ئەوەی بیانووی فەرەنسا و بەریتانیا بۆ داگیرکردنی بەشە عەرەبییەکەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئەوە بوو کە عەرەب ناتوانێت خۆی وڵاتی خۆی بەڕێوە بەرێت، بۆیە بەریتانیا و فەرەنسا پێش داگیرکردنی بەشە عەرەبییەکەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، هەوڵێکی زۆریان دا بۆ ئەوەی هانی هەست و سۆزی قەومییەی عەرەبی بدەن، بۆ ئەوەی دژی عوسمانییەکان ڕاپەڕین ئەنجام بدەن، هەر بەم بیانووەش دەوڵەتانی عێراق، سووریا، لوبنان، سعودیە و ڕۆژهەڵاتی ئەردەن و فەلەستین-یان داگیرکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێرانی سەردەمی شاهەنشاهی توانای دەوڵەتداری و خۆبەڕێوەبردنی هەبووە، زیاتر بە ڕێککەوتن و هاوپەیمانی کاری لەسەر کراوە. بەهەرحاڵ، ئێرانی تا ساڵی ١٩٧٩ دەوڵەتێك بووە خۆی وەك پێناسەی ناسیۆنالیزمی فارسی بەرجەستە کردووە، بە مانایەکی دیکە ئایین و مەزهەبی شیعە لە خزمەتی ناسیۆنالستی فارسی بووە، بەڵام ئێرانی دوای ١٩٧٩ خۆی وەك دەوڵەتێکی ئیسلامی مەزهەبی شیعە پێناسەکردۆتەوە، بۆ ئەمەش لە ساڵی ١٩٧٩ەوە ئەم ئامانجەی نەشاردۆتەوە، کە ئامانجی ئەم دەوڵەتە هەناردەکردنی شۆڕشە بۆ ئەو ناوچانەی کە پێڕەوانی مەزهەبی شیعەی لێیە. ئەم ترسە هۆکاری سەرەکی بوو کە سەدام حوسێن شەڕی لە دژی کۆماری ئیسلامی بۆ ماوەی ٨ ساڵ بەرپاکرد، هەر ئەم ترسەش وایکرد تەواوی وڵاتانی کەنداو و تەواوی وڵاتانی عەرەبیی سوننە و ڕۆژئاوا، لە شەڕی عێراق- ئێران پشتگیری سەدام حوسێن بکەن، بۆیە ئێرانی دوای ١٩٧٩، خۆی ئارەزوومەندانە دەخوازێت بەشێك بێت لە گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەوجۆرە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕێکبخرێتەوە کە لەگەڵ بۆچوونی دەوڵەتی شیعەگەرایی ئێران یەك دەگرێتەوە، لەم ڕاستەشەوە ئەگەر سەیری جەمسەربەندی هێزەکان بکەین، بە هێزە دەوڵەتی و غەیرە دەوڵەتییەکانەوە لە کەنداوی عەقەبەوە بۆ بەندەری باب و مەندەب، هەست دەکەین بە تەواوی جەمسەربەندییەکە لە نێوان مەزهەبی شیعە و سوننەدا دابەش بووە، کار گەیشتۆتە ئەوەی بە ئاشکرا لایەنێکی وەك حزبوڵای لوبنانی و عەسائیبی ئەهلی حەق لە عێراق بڵێن، شەڕکردن لە عێراق و سووریا شەڕکردن نییە بۆ پاراستنی ڕژێمەکانی دیمەشق و بەغدا، بەڵکو شەڕکردنە بۆ پاراستنی شیعە.

٥. ڕووسیا لە هاوکێشەی تازەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە ڕاشکاوانە خۆی وەك میحوەری (مۆسکۆ، تاران، بەغدا، دیمەشق) خستۆتەڕوو، پرسەکە ئەوە نییە ڤلادیمێر پۆتین یەکێکە لە ئایەتوڵاکانی شیعە و پشتگیری مەددی شیعە دەکات دژی سوننە، نەخێر

پرسەکە دەگەڕێتەوە بۆ پەراوێزخستنی ڕۆڵی ڕووسیا لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و ڕووخانی قەیسەر و سەرکەوتنی شۆڕشی بەلشەفی و ڕاگەیاندنی یەکێتی سۆڤیەت وەك بلۆکی سۆشیالیستی دژی بلۆکی ڕۆژئاوا، بەتایبەتیش دوای سەرکەوتنی شۆڕشی بەلشەفی کە بەریتانیا ئەو بەندەی ناو ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ-ی گۆڕی کە دانرابوو فەلەستین و ڕۆژهەڵاتی ئەردەن ناوچەیەك بێت لەلایەن هێزێکی نێودەوڵەتییەوە (فەرەنسا و بەریتانیا و ڕووسیا) بەڕێوەببردرێت، بەڵام دوای سەرکەوتنی شۆڕشی بەلشەفی، بەریتانیا بە تەنیا فەلەستین و ڕۆژئاوای ئوردنی خستە ژێر ماندێتی خۆی و فەرەنسا و ڕووسیای لێ بێبەش کرد، ئەم پەراوێزخستنەی ڕۆڵی ڕووسیا و پاشانیش یەکێتی سۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە دوای شەڕی دووەمی جیهانیش وەك خۆی مایەوە، لانیکەم وەك ڕۆژهەڵاتی ئاسیا نەبوو، کە توانرا بە جۆرێك لە جۆرەکان پارسەنگی یەکێتی سۆڤیەتی تێدا ڕاست بکرێتەوە، لە ماوەکانی شەڕی ساردیشدا، دووبارە و هێندەی دیکە ڕۆڵی یەکێتی سۆڤیەت لە ناوچەکە پەراوێز خرا، بەتایبەتی دوای مردنی جەمال عەبدولناسر و هاتنی سادات و مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی کامب دیڤید-ی نێوان (میسر و ئیسرائیل)، ئەم هاوکێشە سیاسییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە سەردەمانی شەڕی سارد و تا ئێستاش سیستمە عەرەبییەکانی کردۆتە هاوپەیمانی تەقلیدی ئەمریکا و ڕۆژئاوا، وایکردووە کە بۆ دووبارە درووستکردنەوەی ڕۆڵی ڕووسیا لە ناوچەکە، ڕووسیا هاوپەیمانی لەگەڵ ئەو لایەنانە ببەستێت کە بە شێوەیەکی تەقلیدی دەبنە دژی ئەمریکا و ڕۆژئاوا، لەمبارەوە تەنانەت لە لوتکەی گرووپی جی ٢٠ کە لە دوایین کۆبوونەوەیان لە تورکیا بەڕێوەچوو، کاتێك سەرۆك ئۆباما جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ڕووسیا لە شەڕی دژی داعش هاوپەیمانێکی شەرعیی ئەمریکایە، ئەمە زۆر بە توندی لەلایەن کۆمارییەکانەوە ڕەخنەی لێدەگیرێت و بە هەڵەیەکی گەورەی سیاسەتی ئۆباما لە ناوچەکە دەخوێندرێتەوە.

٦. سەبارەت بە دەوڵەتانی ناتۆ و یەکێتی و ئەورووپا و ئەمریکا، کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، بەڵام شەرعی خۆیان بە خاوەنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەزانن، پێداگرییان لەسەر مانەوەی سنوورە دەستکردەکانی سایکس پیکۆ-ی دوای شەڕ، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەو ترسەیان هەیە هەمان کارەساتی گۆرباچۆف-یان لە پرۆسەی ڕاگەیاندنی کرانەوە (گلاسنۆست) بەسەردا بێت، لەبەرئەوەی ئامانجی گۆرباچۆف لە پرۆسەی گلاسنۆست بۆ ڕێکخستنەوەی دووبارەی یەکێتی سۆڤیەت بوو، بەڵام ئەم پرۆسەیە وایکرد یەکێتی سۆڤیەت لەبەریەك هەڵبوەشێت و دیواری بەرلین بڕووخێندرێت و نەخشەیەکی تازەی سیاسی لەناوچەکە بێتەئاراوە، لەمەش خراپتر ئێستا ناتۆ و یەکێتی ئەورووپا و ئەمریکا، بە تەواوەتی گەیشتوونە قەناعەت، ئەو کاراکتەرانەی لەم گۆڕانکارییە ڕۆڵی کاریگەر و یەکلایی کەرەوەیان دەبێت، دەوڵەتە تەقلیدییەکانی پێشوو نین، بەڵکو کارەکتەرە غەیرەدەوڵەتییەکان، لە ئێستادا شەڕی سەرەکی نێوان گرووپی تیرۆریستی داعش وەك کاراکتەرێکی غەیرەدەوڵەتی و گرووپەکانی بەرەی نوسرە و ئەوەشی پێی دەگوترێت سوپای سووریای ئازاد و کەتائیبە شیعەکانی سووریا و حزبوڵڵای لوبنانی و حەشدی شەعبی شیعەکانی عێراق، ئەمانە هەموویان گرووپی غەیرەدەوڵەتین و ئاڕاستەی شەڕەکە دیاری دەکەن. لەناو ئەم هاوکێشەیەدا هەرێمێکی دیموکراتی هەیە کە باشووری کوردستانە، ئەم هەرێمە ڕاستە هەموو سیفەتێکی دەوڵەتی بە ئەمری واقیع وەرگرتووە، بەڵام هێشتا هەر وەك کاراکتەرێکی غەیرەدەوڵەتی لەم شەڕەدا سەیر دەکرێت، تەنیا ئەم کاراکتەرەش هەتا ئێستا توانیویەتی ئاڕاستەی شەڕەکە بۆ بەرژەوەندیی جیهانی ئازاد و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی تیرۆیستانی داعش ڕێکبخاتەوە، لەم حاڵەتەدا خەریکە ئاڕاستەی تێڕوانینی ناتۆ و یەکێتی ئەورووپا و ئەمریکا دەگۆڕێت بۆ ئەوەی پێش هەرشتێك گرنگە کە هەرێمی کوردستان لە عێراقدا بە زوویی بگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بۆ ئەوەی ئەم دەوڵەتە سەربەخۆیە ببێتە پێگەی سەرەکی و هاوپەیمانی تازەی ناتۆ و ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپا، بۆ ئەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تازە، لانیکەم بەرەو دیموکراتی و فرەیی و لێبووردەیی هەنگاو بنێت، نەك وەك ئەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەی کە هەرسێ دەوڵەتی سەرەکی سعودیەو ئێران و تورکیا بیری لێدەکەنەوە.

## ■ ئەو نەخشەیەی سایکس پیکۆ کە ئاکامی شەڕی یەکەمی جیهان فەرزی کرد

نەخشە ئەسڵییەکەی سایکس پیکۆ کە لەساڵی ١٩١٦ هەردوو دیپلۆماتکاری گەورە مارك سایکس -ی بەریتانی و فرانسۆ جۆرج پیکۆ-ی فەرەنسی لەسەری ڕێککەوتن، لە بنەڕەتدا بۆ دابەشکردنی میراتی دەوڵەتی عوسمانی بووە بە تورکیای ئێستاشەوە، بەڵام لەگەڵ دەستپێکی شەڕ، گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هات، واتە تورکیای ئەتاتورك بووە دەوڵەتێك لە دەرەوەی نەخشەی سایکس پیکۆ، هەروەها لەو کاتەی فەرەنسا و بەریتانیا پلانی شەڕیان بۆ داگیرکردنی

**لە ئێستادا لە چوارچێوەی ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی ناوچەکەی پێدا تێدەپەڕێت، ئەزموونی هەرێمی کوردستان، وەک ئەزموونی دەوڵەتێکی تازە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەوڵەتێک کە بیروبۆچوونەکانی لەگەڵ بەهاکانی جیهانی ئازاد یەک بگرێتەوە و تێڕوانینی ناسیۆنالیستی و مەزهەبی تێکەڵاوی سیاسەتی دەوڵەتمەداری نەکات، تەنیا و تەنیا ئەو دەوڵەتی ئەمری واقیعەیە کە ئێستا مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرۆکایەتی دەکات**

**کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هێزی سەربازی و بەدەستێوەردانی سەربازی چارەسەر ناکرێت، دەبێت دەوڵەتێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێتە ئاراوە و دابمەزرێت، کە بۆچوون و تێڕوانین و هەوڵەکانی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جیاواز بێت لەو کاراکتەرە سەرەکییانەی کە ئێستا لە ناوچەکە بوونیان هەیە**

# پاساوەکانی دژی سەربەخۆیی کوردستان بەسەرچوون

**لە کاتێکدا سەرتاسەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هەرەس و داڕووخاندایە، ئەوا ناسیۆنالیزمی کوردی بۆتە واقیعێک لەم ناوچەیە. کاتی ئەوە هاتووە چیتر مشتومڕی ئەوە نەکەین کە ئایا کورد شایستەی ئەوەیە ببێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ، یان نا. چونکە نزیکەی ٤٠ ملیۆن کورد لە تورکیا و عێراق و ئێران و سووریادا دەژین و ئەوان گەورەترین گرووپی ئیتنین کە مومارەسەی مافی بڕیاردانی چارەنووسیان نەکردووە. بۆ ماوەیەکی زۆر کورد کۆششی کردووە لە پێناوی سەربەخۆییدا، بەڵام ئەو دەوڵەتانەی تێیدا ژیاون، هەمیشە بەرهەڵستی ئەم هەوڵەیان کردووە. ئەمەریکا و هاوپەیمانە رۆژئاواییەکانی بەرهەڵستی سەربەخۆبوونی کوردیان کردووە، لەبەر ئەوەی نیگەران بوون لەوەی ببێتەهۆی ناسەقامگیرکردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەرزۆک!**

**پاساو و بیانووەکانی دژ بە سەربەخۆبوونی کورد بەسەرچوون. مەسەلەکە ئەوەیە نییە ئایا پێویستە جیهان رێگەبدات کوردان ببنە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان. بەڵکو مەسەلەکە بریتییە لە هەنگاوهەڵگرتنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێ بە پێی ئەو کارانەی کورد ئەنجامی داون. لە عێراق و سووریا، گرووپە کوردییەکان دەوڵەتی تایبەت بە خۆیان دامەزراندووە–ئەگەرچی دەوڵەتی ئەمری واقیعە–**

سووریا و عێراق و حیجاز بەڕێوەدەبرد و لە شەڕدا بوون، میسر سەربەخۆیی راگەیاند، ئەمە لەگەڵ ئەوەی نۆکەندی سویس هەر لە ژێر دەسەڵات و نفوزی فەرەنسا و بەریتانیا بوو هەتا ساڵی ١٩٥٦، هەر بۆیە لە دوای تەسلیمبوونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ١٩١٨ — ١٩٢٥ بەردەوام دانوستاندن و پەیمان ئیمزاکردن بووە بۆ چۆنیەتی نەخشەی سایکس پیکۆ-ی دوای شەڕ.

پڕۆفیسۆر مارینا ئۆتاوا لە توێژینەوەکەیدا بە ناونیشانی «با لە سایکس —پیکۆ فێر بین»، جەختی لە سەر ئەوە کردۆتەوە، دوای نیشتنەوەی تەپ و تۆزی رووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ئەو فاکتەرانە چی بوون کە لەبیرکران و دەرکەوت ئەو نەخشەیە بۆ ناوچەکە گونجاو نییە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیاردا پڕۆفیسۆر ئۆتاوا، ئەم خاڵانەی دەستنیشان کردووە:

١. بەریتانیا و فەرەنسا خۆیان بوونە هۆکاری بزواندنی سۆزی قەومیەی عەرەبی لە ناوچەکە بۆ ئەوەی دژی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی راپەڕن. بەریتانیا و فەرەنسا ئەمەیان بۆ ئەوە نەبوو دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ عەرەب دروست بکەن، بەڵکو بۆ ئەوەیان بوو، کۆمەڵێك دەوڵەت دروست بکەن کە بەوەکالەت بەرژەوەندییەکانی فەرەنسا و بەریتانیا بپارێزن، بۆیە ئەم دوو دەوڵەتە هێندەی حیسابیان بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان کردبوو، یان هێندەی لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە بەرژەوەندییەکانی خۆیان دژی ئەوی دیکە بپارێزن، هێندە لە خەمی



**بێ ئەوەی چاوەڕێی مۆڵەت وەرگرتن بکەن. ئەمانە دەوڵەتی سەربەخۆیی تەواو گەشەکردوو نین کە خودان پەیوەندی دیپلۆماسی بن لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و لەسەر ئاست جیهانی ئیعتیرافیان پێکرابێت. بەڵام ئەمە نەبۆتە ڕێگر، لەبەر ئەوەی سەلماندوویانە بێ ئەوەش دەتوانن کاروبارەکانی خۆیان بەڕێوە ببەن. لە ئێستادا پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئەمەریکا و ئەوانی دیکە خۆبەڕێوەبەری کورد قبووڵ دەکەن؟ لە ئێستادا ئەمە پرسێکی بەپەلەترە بە لەبەرچاوگرتنی گرنگیی کورد لە عێراق و سووریا بۆ شەڕکردن لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی کە بە شێوەیەکی بەربڵاو بە داعش ناسراوە.**

- **سەرچاوە: بۆچی ئێستا سەروەختی کوردستانی ئازادە؟**
- **نووسینی: ئەلیزا مارکوس**
- **لە سایتی "the daily beast"دا بڵاو کراوەتەوە.**

ئەوەدا نەبوون، بەوەی ئایا دوای بزواندنی هەستی قەومیەی عەرەبی و کاردانەوەیان بەرامبەر داگیرکاری فەرەنسا و بەریتانیا چۆن رەفتار دەکەن؟

٢. لایەنێکی دیکەی خراپیی نەخشەی سایکس پیکۆ وەك ئەوەی ئاکامی شەڕی یەکەمی جیهانی فەرزی کردووە، نەك نەخشە ئەسڵییەکەی کە فرانسوا پیکۆ و مارك سایکس دایانڕشتووە، ئەوەیە نەخشەکەی دوای شەڕ بۆتە ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی، نەك نەخشەیەکی کۆلۆنیاڵی بە کۆتاییهاتنی ئیمپریالیزم بگەڕێنەوە بۆ نەخشەی ئەسڵیی ناوچەکە، بۆیە لەمبارەوە ئەگەر نەخشە ئەسڵییەکە جێبەجێ بکرایە، لەگەڵ کۆتاییهاتنی ئیمپریالیزم و سەربەخۆیی دەوڵەتەکان، دەگەڕانەوە بۆ نەخشەی سرووشی دەوڵەتەکان.

٣. سەرکەوتنی کەماڵ ئەتاتورك بە دامەزراندنی تورکیای نوێ و هەڵوەشانەوەی خەلافەتی ئیسلامی بە فەرمی لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی رابردوو، هەروەها بە گۆڕینی ئاراستەی تورکیا بەرەو سیستمێکی سکولاریزم و لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە قبووڵکردنی فەرەنسا و بەریتانیا بەم دەوڵەتە تازەیە وەك دەوڵەتێك لە دەرەوەی نەخشەی سایکس پیکۆ، پاشانیش بوونی تورکیا بە دۆستی رۆژئاوا و کۆتاییهێنان بە دوژمنایەتی نێوان عوسمانییەکان و رۆژئاوا، بووە هۆکاری ئەوەی نەخشە ئەسڵییەکەی سایکس پیکۆ کۆتایی پێبێت.

**ئیسرائیل دەوڵەتێکە لە رووی سەربازییەوە زۆر زۆر بەهێزە و توانای گۆڕینی هاوکێشەی سەربازی بە ئاسانی هەیە، بەڵام لەسەر ئاستی سیاسی و هەوڵەکان بۆ چارەسەری ئاشتییانەی بارودۆخەکە و گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ ناوچەکە بە رێگەی دیپلۆماتی و سیاسی، رۆڵی ئیسرائیل بارودۆخە ئاڵۆزتر دەکات**

**بەریتانیا و فەرەنسا خۆیان بوونە هۆکاری بزواندنی سۆزی قەومیەی عەرەبی لە ناوچەکە بۆ ئەوەی دژی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی راپەڕن. بەریتانیا و فەرەنسا ئەمەیان بۆ ئەوە نەبوو دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ عەرەب درووست بکەن، بەڵکو بۆ ئەوەیان بوو، کۆمەڵێک دەوڵەت درووست بکەن کە بەوەکالەت بەرژەوەندییەکانی فەرەنسا و بەریتانیا بپارێزن**

**ئێرانی تا ساڵی ١٩٧٩ دەوڵەتێک بووە خۆی وەک پێناسەی ناسیۆنالیزمی فارسی بەرجەستە کردووە، بە مانایەکی دیکە ئایین و مەزهەبی شیعە لە خزمەتی ناسیۆنالستی فارسی بووە، بەڵام ئێرانی دوای ١٩٧٩ خۆی وەک دەوڵەتێکی ئیسلامی مەزهەبی شیعە پێناسەکردۆتەوە، بۆ ئەمەش لە ساڵی ١٩٧٩ەوە ئەم ئامانجەی نەشاردۆتەوە، کە ئامانجی ئەم دەوڵەتە هەناردەکردنی شۆڕشە بۆ ئەو ناوچانەی کە پێڕەوانی مەزهەبی شیعەی لێیە**

٤. لە نەخشە ئەسڵییەکەی سایکس پیکۆ-دا، رووسیای قەیسەری وەك هاوپەیمانی شەڕ مامەڵەی لەگەڵ کراوە، بۆیە جیا لەو ناوچانەی کە دیاریکراون بۆ فەرەنسا و بەریتانیا، لە هەمانکاتدا هەندێك ناوچەش دیاریکراون کە بکەونە ژێر چاودێری نێودەوڵەتییەوە، بۆ نموونە فەلەستین، بەڵام دوای رووخانی قەیسەر و سەرکەوتنی شۆڕشی بەلشەفی، رووسیا لە هاوپەیمانەوە بووە دوژمنی رۆژئاوا، بۆیە ئەو ناوچانەی کە دانرابوون بخرێنە ژێر چاودێری نێودەوڵەتی لەلایەن بەریتانیاوە داگیرکران.

٥. لە دوای شەڕ فەرەنسا و بەریتانیا دووچاری قەیرانێکی ئابووری گەورە هاتن، کەوتنە ژێر گوشاری ئەوەی هێزەکانیان بکێشنەوە و پیاوەکانیان تێکەڵاوی ژیانی مەدەنی بکرێنەوە، ئەمە وایکرد وینستۆن چەرچڵ کە وەزیری کاروباری کۆلۆنیالییەکان بوو لە بەریتانیا، هێزێکی کەم لە ناوچەکە بهێڵێتەوە و زیاتر پشت بە هێزی ئاسمانی ببەستێت (هەمان سیاسەتی ئێستای ئیدارەی ئەمریکا لە عێراقدا) بۆیە ئەمەش وایکرد کە بەریتانیا نەتوانێت لە عێراقدا سەقامگیری دروست بکات و دامەزراوەکانی دەوڵەت بەوجۆرە بونیاد بنێتەوە کە ناسنامەی نیشتمانی هاوبەش دروست بکات.

٦. دوای کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهان و دامەزراندنی کۆمەڵەی گەلان و هاتنە ناوەوەی ئەمریکا بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی کۆمەڵەی گەلان، ئەو ناوچانەی کە کەتبوونە ژێر دەسەڵاتی فەرەنسا و بەریتانیا کران بەناوچەی ماندێتی بەریتانیا و فەرەنسا لە چوارچێوەی بەندەکانی کۆمەڵەی گەلان، بەپێی ئەم بەندانە دەبوو فەرەنسا و بەریتانیا، چاودێری راستەوخۆی ئەو دەوڵەتانە بکەن، هەتا دانیشتووانە لۆکاڵەکانی فێردەبن حوکمڕانیی خۆیان بکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی لە میراتی ئیمپریالیزمی فەرەنسا و بەریتانیادا کەلتوورەکە بەو شێوەیە بووە، بە هێزێکی کەم کۆنترۆڵ بکەن و بە خەرجییەکی کەم ئیدارەی ئەو وڵاتانە بەڕێوە بەرن، بۆیە نەتوانرا دامەزراوەی ئەوتۆ لەو وڵاتانە دابمەزرێت کە بتوانێت حوکمڕانیی باش پیادە بکات، بۆیە بارودۆخەکە ئاڵۆزی و ناسەقامگیری لێکەوتەوە و بۆ هێنانەئارای سەقامگیری پەنایان بۆ دەسەڵاتی تۆتالیتاری برد.

٧. سنوورە دەستکردەکانی ئەم دەوڵەتە تازانە، شێوازێك لە فرەیی ئایینی و نەتەوەیی پێکەوە کۆکردبووەوە، لەناو ئەم سنوورە دەستکردانە، بەریتانیا و فەرەنسا هەوڵیان دا شێوازێك بۆ رێکخستنی فرەیی ئایینی و نەتەوەکان دابمەزرێنن، زیاتریش جەختیان لەسەر دەسەڵاتی سەنترالیزم و سەپاندنی سەقامگیری بە رێگەی هێز و توندوتیژی کردەوە، هەر ئەمەش وایکردبوو، ئەوەی لە میراتی فەرەنسا و بەریتانیا بۆ دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەجێما، ئەو سوپا بەهێزە بوو کە گەلەکەی خۆی سەرکوت دەکرد، هەروەك سوپاکەی سەدام حوسێن و سوپاکەی حافز ئەسەد و ئێستای بەشار ئەسەد.

ئەگەر بە خێرایی سەرنجێکی کورت لەسەر ئەو خاڵانە دەر ببرین کە پرۆ فیسۆر ئۆتاوا لە توێژینەوەکەیدا ئاماژەی پێکردووە، هەست دەکەین هەتا ئێستا هێزە نێودەوڵەتییەکان دەیانەوێت هەموو ئەو فاکتەر و کاراکتەرانە لەبیر بکەن، کە سەرەنجام دەبێتە هۆکاری سەقامگیر و ئاشتی لە ناوچەکەدا، بەڵام لە ئێستادا لەبەر ئەوەی بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی ئەوتۆ بۆتە هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، زیاد لەمەش لەناو ئەورووپادا کاراکتەری دیکە بوونەتە گەمەزانی ناو ئەم پرۆسەیە، پێدەچێت ئەمجارەیان نەتوانن ئەو فاکتەرانە لەبیر بکەن، کە دەبنە فاکتەری سەرەکی لە سەقامگیری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تازەدا، بەتایبەتیش دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان کە تەنیا رێگەیە بۆ دووبارە گێڕانەوەی سەقامگیری لە ناوچەکە.

## ■ دەوڵەتی کوردستان مۆدێلێکی تازەی بونیادنانەوەی دەوڵەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

ئەگەر لە ئێستادا هێزە گەورە نێودەوڵەتییەکان بیانەوێت بە رێگەی پەیوەندی و هاوپەیمانیەتی لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە سەقامگیری بگێڕنەوە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوا لە ئێستادا ئەو دەوڵەتانە بریتین لە: (ئێران، تورکیا، سعودیە)، ئەم سێ دەوڵەتەش هەر یەکەیان جۆرە پلان و بەرنامەیەکیان هەیە بۆ ئایندەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆیە هاوپەیمانی کردن لەگەڵ هەر یەکێك لەو سێ دەوڵەتە، دەبێتە هۆکاری ئەوەی ناوچەکە بەرەو ناسەقامگیری زیاتر و ئاژاوەو پاشاگەردانی زیاتر ببات، لەم رووەوە هێزە گەورەکان لە هەوڵی ئەوەدان ئەم سێ دەوڵەتە گەورەیە تەنیا وەك دەوڵەتێك بیربکەنەوە و خەریکی سنوورە تەقلیدییەکانی خۆیان بن، نەك بەرنامە و پلانی خۆیان بۆ گۆڕانکاری لە ناوچەکە جێبەجێ بکەن، بەڵام ئەم هیوا و ئاواتەی هێزە گەورەکان بە ئەمریکاشەوە لەسەر ئەرزی واقیع شتێکی دیکە دەڵێن و هەرسێ دەوڵەتە سەرەکییەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست خەریکی جێبەجێکردنی بەرنامە و پلانی خۆیانن، هەر یەکێك لەم دەوڵەتانەش بە شێوەی شەڕی بەوەکالەت رۆڵی خۆیان لە بارودۆخەکە گێڕاوە، بۆیە ئێستا کە سەیری بارودۆخی شڵەژاوی ناوچەکە دەکەین، دەبینین بارۆدخەکە بە جۆرێك لەبەریەك هەڵوەشاوە، نازانرێت کام لایەن هاوپەیمانی کام لایەنە و

کام لایەن لەگەڵ کام لایەن شەڕدەکات.

لەوانەیە کاتێک ئەم دێڕانە دەخوێندرێتەوە، ئەو پرسیارە بێتە ئاراوە: ئایا بۆچی هێزە گەورەکان ناتوانن لەم هاوکێشەیەدا هاوپەیمانی لەگەڵ ئیسرائیل بۆ رێکخستنەوەی ناوچەکە بکەن؟ دیارە وەڵامی ئەم پرسیارەش ئاشکرایە. راستە ئیسرائیل دەوڵەتێکە لە رووی سەربازییەوە زۆر زۆر بەهێزە و توانای گۆڕینی هاوکێشەی سەربازی بە ئاسانی هەیە، بەڵام لەسەر ئاستی سیاسی و هەوڵەکان بۆ چارەسەری ئاشتییانەی بارودۆخەکە و گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ ناوچەکە بە رێگەی دیپلۆماتی و سیاسی، رۆڵی ئیسرائیل بارودۆخە ئاڵۆزتر دەکات، ئەم راستییانە پێمان دەڵێن کە کێشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هێزی سەربازی و بەدەستپێوەردانی سەربازی چارەسەر ناکرێت، دەبێت دەوڵەتێک لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێتە ئاراوە و دابمەزرێت، کە بۆچوون و تێڕوانین و هەوڵەکانی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست جیاواز بێت لەو کاراکتەرە سەرەکییانەی کە ئێستا لە ناوچەکە بوونیان هەیە.

لە ئێستادا لە چوارچێوەی ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی ناوچەکەی پێدا تێدەپەڕێت، ئەزموونی هەرێمی کوردستان، وەك ئەزموونی دەوڵەتێکی تازە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەوڵەتێک کە بیروبۆچوونەکانی لەگەڵ بەهاکانی جیهانی ئازاد یەك بگرێتەوە و تێڕوانینی ناسیۆنالیستی و مەزهەبی تێکەڵاوی سیاسەتی دەوڵەتمەداری نەکات، تەنیا و تەنیا ئەو دەوڵەتی ئەمری واقیعەیە کە ئێستا مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرۆکایەتی دەکات.

دیارە لێرەدا ئاماژەکردن بۆ ئەو دەوڵەتی ئەمری واقیعەی کە مسعود بارزانی سەرۆکایەتی دەکات، مەبەست لە شێوازی بەڕێوەبردنی دەوڵەتەکەیە، بەبێ ئەوەی پێگە جوگرافییەکەی، یان سنوورەکانی دیاری کرابن. راشکاوانەتر دەوڵەتێك پێویستە بوونی هەبێت، پێش ئەوەی بە تەواوەتی سنووری هەموو خاکەکەی دیاری کرابێت، ئاشکرایە لە ئێستادا پێویستە دەوڵەتی کوردستان بە ئەمری واقیع بوونی هەبێت، بەبێ ئەوەی بزانرێت ئەو خاکەی دەبێتە سنووری ئەم دەوڵەتە چەندە، بە دیوێکی دیکەدا دەوڵەتێك لەسەر ئەو خاکەی بە ئەمری واقیع بەڕێوەی دەبات، ئەوجا دوای سەرکەوتنی ئەم مۆدیلەی دەوڵەت و چەسپاندنی پێگەی ئەم دەوڵەتە، دەکرێت بە شێوازی دانوستاندن و ئاشتییانە باس لە سنووری راستەقینەی ئەم دەوڵەتە بکرێت، بەڵام ئەوەی بۆ ئێستای جیهان بۆتە پێویستی، لەدایکبوونی ئەم مۆدێلەی دەوڵەتەیە، ئەم مودێلەی دەوڵەت ئەگەر سەرنج لە شێوازی دەوڵەتمەداری ناو دەوڵەتەکەی مسعود بارزانی بدرێت، هەست دەکەین لەیەك کاتدا ئەم خاڵانەی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە:

■ تەنیا کوردستانە وەك دەوڵەتی ئەمری واقیع لەناو تەواوی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە (تورکیا و سعودیە و ئێرانیشەوە) زۆر بە جددی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش دەکات و کەلتووری ئەم دەوڵەتە ئەمری واقیعە ژینگەیەك نییە بۆ پەروەردەکردنی خۆماڵییانەی تیرۆریستان، نە لەسەر بنەمای مەزهەبی، نە لەسەر بنەمای قەومی و ناسیۆنالیستی.

■ دەوڵەتی ئەمری واقیعی کوردستان لەسەر ئاستی ئیقلیمی، تەنیا دەوڵەتە پەیوەندییەکی هاوسەنگی لەگەڵ هەر سێ هێزە گەورەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (تورکیا و ئێران و سعودی) هەیە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم دەوڵەتی ئەمری واقیعەی ئێستا بوونی هەیە و بەرژەوەندی هاوبەشی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە لەسەر بنەمای رێز و بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی هەیە، چوارچێوەی پەیوەندییە دەوڵەتییەکانی کوردستان لەگەڵ هەرسێ دەوڵەتەکە بۆ بەرژەوەندی هاوبەشی نەتەوەیی هەمووانە.

■ دەوڵەتی ئەمری واقیعی کوردستان، کێشەی لەگەڵ هیچ ئایینێکی ئاسمانی و زەمینی نییە لە ناوچەکەدا و رێزی هەموو ئایین و پێکهاتەکان دەگرێت لە ناو سنووری سیاسی ئەم دەوڵەتە ئەمری واقیعەدا، بە هەمان شێوە هیچ کێشەیەکی لەگەڵ بەها و کەلتووری دیموکراتی و جیهانی ئازاددا نییە.

■ دەوڵەتی ئەمری واقیعی کوردستان، هەر بە توانای خودی خۆی توانیویەتی ژێرخانێکی گەورە بۆ سەربەخۆیی ئابووری خۆی دابرێژێت، لە هەمانکاتدا بە هاوکاری هاوپەیمانان ئێستا لە قۆناخی بونیادنانی ژێرخانێکی پتەوە بۆ دامەزراندنی سوپایەك کە توانای ئەوەی هەبێت خاکەکەی لە تیرۆریستان بپارێزێت و توانای ئەوەی هەبێت دیموکراتییەت و پێکەوەژیان و لێبووردەیی پێکەوە کۆبکاتەوە.

ئەم خاڵانە و چەندین خاڵی دیکەش کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە مەیدانەکانی شەڕی دژی تیرۆریستان توانیویانە شکستی گەورە بە سەر تیرۆریستانی داعش بهێنن، زەمینەی ئەوەی درووست کردووە، جیهان هەوڵبدات سوود لە هەڵەکانی سایکس پیکۆ وەربگرێت و بۆ داڕشتنەوەی نەخشەی تازەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گێڕانەوەی سەقامگیری و تەناهی لە ناوچەکە هەنگاوی یەکەم لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانەوە دەست پێبکات.

**بیانووی فەرەنسا و بەریتانیا بۆ داگیرکردنی بەشە عەرەبییەکەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئەوە بوو کە عەرەب ناتوانێت خۆی ولاتی خۆی بەڕێوە بەرێت، بۆیە بەریتانیا و فەرەنسا پێش داگیرکردنی بەشە عەرەبییەکەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، هەوڵێکی زۆریان دا بۆ ئەوەی هانی هەست و سۆزی قەومیەی عەرەبی بدەن، بۆ ئەوەی دژی عوسمانییەکان راپەڕین ئەنجام بدەن**

**هەر لایەنێکی نێودەوڵەتی بیەوێت رۆڵێکی بەهێزی لە ئایندەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبێت، ئەوا دەبێت لەگەڵ ئەو کاراکتەرە غەیرە دەوڵەتییانە راستەوخۆ مامەڵە بکات کە رۆڵی ئەرێنی و یەکلاکەرەوە لە تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش و پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەتێکی تازە دەگێڕێت**

**تورکیا لە هەوڵی ئەوەدایە دووبارە چەمکی خەلافەت بیووژێنێتەوە و هانی ئاراستەی ئایینی و مەزهەبگەرایی سوننە بدات، بۆ ئەوەی خۆی ببێتە کاراکتەری سەرەکی لە داڕشتنەوەی نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەو لایەنە ئیسلامییانە بگەنە دەسەڵات کە ئاراستەی ئایدلۆژییان زیاتر لەگەڵ رەوتی ئیخوان موسلیمین و چەمکی دەوڵەتی خەلافەت یەکدەگرێتەوە**



## لیوا شەهاب ئەحمەد
### راگری کۆلێژی سەربازیی دووەم لە زاخۆ بۆ گوڵان:

# ئازادکردنی شنگال مەلحەمەیەک بوو هێزی پێشمەرگەی کوردستان تۆماری کرد و شەڕی دژە داعشی بردە قۆناخی بەرەو کۆتایی

**پرۆسەی ئازادکردنی شنگال و کۆنترۆڵکردنی ڕێگەی سەرەکی و ستراتیژی ٤٧ و لەتکردنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعش، مەلحەمەیەك بوو بە سەپەرشتی ڕاستەوخۆی سەرۆك بارزانی و بە هەماهەنگی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سەر زەوی و فڕۆکەکانی هاوپەیمانان لە ئاسمان بەدەست هات. ئەم سەرکەوتنە گەورەیە تەنیا سەرکەوتنێکی سەربازیی ئاسایی نەبوو، بەڵکو سەرکەوتنی یەکێك لەو پلانە سەربازییانە بوو کە ئاراستەی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعشی گۆڕی و گوڕ و تینێکی بەهێزی دایە هاوپەیمانان بۆ ئەوەی بەرەو تێکشکاندن و ریشەکێشکردنی داعش جددیتر بن. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم سەرکەوتنە گەورەیەی لە شنگال تۆمارکرا، سەردانی ئەکادیمیای سەربازی زاخۆ-مان کرد و ئەم پرسەمان لەگەڵ لیوا شەهاب ئەحمەد عەبدولڕەحمان راگری کۆلێژی سەربازی دووەم تاوتوێ کرد و بەمجۆرە لەسەر ئەم سەرکەوتنە مەزنە بۆ گوڵان هاتەئاخاوتن.**

*** دەمانەوێت لەو پرسیارە دەست پێبکەین: وەك دەزانن پرۆسەی ئازادکردنی شنگال بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەرۆك بارزانی و لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە خاڵی وەرچەرخان لەم شەڕە گەورەیەدا، ئایا جیاوازی نێوان قۆناخی شەڕەکە پێش ئازادکردن و دوای ئازادکردنی شنگال چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- پێش هەموو شت، گرنگە باسی ئەوە بکەین گرووپی تیرۆریستی داعش چۆن بوونە ئەم هێزە گەورەیە و چۆن ئەم هەموو چەکە پێشکەوتووە کەوتە دەستیان؟ دیارە لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤ کاتێك داعش هاتن بۆ موسڵ، ئامانجیان ئەوە نەبوو موسڵ داگیر بکەن، لەبەر ئەوەی تەنیا ژمارەیان ٢٠٠-٣٠٠ چەکدار بوو، بەڵام بە هاتنی ئەوان لەبەر ئەوەی ژینگەی موسڵ هاوسۆز بوون لەگەڵ چەکدارانی داعش، ئەوا دوو فیرقەی عەسکەری (٢ و ٣) لەو شارە هەبوون و شەڕیان نەکردو خۆیان دا بەدەستەوە و تەواوی چەکی ئەو دوو فیرقەیە کەوتە دەستیان، پاشان هێشتا داعشەکان نەگەیشتبوونە موسڵ ناحیەی حەمام عەلیل رایگەیاند بوونەتە داعش، دوای ئەوە گەیشتە گیارە و پاشان شەرگات و بێجی و سەلاحەدین و لەوێشەوە بۆ حەویجە و نزیکی کەرکووك، لەو ناوچانەش هەردوو فیرقەی (٤و١٢) هیچ شەڕیان نەکرد و تەواو چەك و تەقەمەنی و ئامێری ئەو دوو فیرقە سەربازییەش کەوتە دەستی تیرۆریستانی داعش. بۆیە دوای کەوتنی موسڵ تیرۆریستانی داعش «خەلافەتی ئیسلامی»یان راگەیاند و بوونە دەوڵەتێکی تیرۆریستی، دەوڵەتێك کە هەموو جۆرە چەکێکی مۆدێرینی کەوتە بەردەست، پاش داگیرکردنی ئەو ناوچانەش داعش روویکردە حەمدانیە و دەشتی نەینەوا و سەدەی موسڵ و زوممار، ئەو کات پێشمەرگە کە تەنیا کلاشینکۆفی پێبوو، گوللەی تەواوی بۆ تەقاندنی کلاشینکۆفەکەشی پێنەبوو، لەبەرامبەردا داعش بە دەیان جۆر ئۆتۆمبێلی هامەر و تانك و زرێپۆش و چەك و تەقەمەنی زۆری لەبەر دەست بوو، هەربۆیە سەرەتا پێشمەرگە ناچار بوو لە هەندێك شوێن پاشەکشە بکات، هەروەها لە شنگالیش هێزێکی ئەوتۆی لێ نەبوو، یەك دوو فەوجیان بۆ گواستبۆوە، بەڵام چەکی قورس و مۆدێرینان پێ نەبوو، بۆیە تیرۆریستانی داعش توانییان پێشڕەوی بکەن، بەڵام پاش ئەوەی پێشمەرگە خۆی رێکخستەوە و شەخسی سەرۆك بارزانی بڕیاری شەڕی مان و نەمانی داو خۆی راستەوخۆ سەرپەرشتی بەرەکانی شەڕەکەی کرد، توانرا بە پەلە پێشڕەوییەکانی تیرۆریستانی داعش رابگیرێت و دواتر زۆر ناوچەش رزگار بکرێتەوە، هاوکات لەگەڵ هێرشەکانی داعش بۆ سەر کوردستان، هاپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش و بەتایبەتی ئەمریکا بە رێگەی هێزی ئاسمانی هاوکاری پێشمەرگەیان کرد، بۆیە بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزی ئاسمانی هاوپەیمانان و دواتریش بە هاتنی هەندێك چەك بۆ پێشمەرگە توانرا هەنگاو بە هەنگاو هەموو ئەو شوێنانەی کە داعش داگیری کردبوون وەك دەشتی نەینەوا، بەنداوی موسڵ، زوممار و چیای شنگال ئازاد بکرێت، هەتا گەیشتە ئەوەی بە سەرپەرشتی راستەوخۆی سەرۆك بارزانی و بە هەماهەنگی نێوان پێشمەرگە لە زەوی و فڕۆکەکانی هاوپەیمانان لە ئاسمان شنگال ئازاد بکرێت، بۆیە هەتا ئێرە دەتوانین بڵێین ئەوە قۆناخێکی شەڕەکە بووە، ئەم قۆناخەش قۆناخی هەرە سەختی شەڕەکە بووە، لەبەر ئەوەی تیرۆریستانی داعش چەکی مۆدێرن و هاوچەرخی زۆریان کەوتە بەردەست کە دەکرێت بە ٣٠ ملیار دۆلار مەزندە بکرێت، لە بەرامبەردا هێزی پێشمەرگەی کوردستان چەکێکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام ئێستا هاوکێشە سەربازییەکە پێچەوانە بۆتەوە، پێشمەرگە چەکی تازەی لەبەر دەستە هەماهەنگی لەگەڵ هێزی

**زۆر گرنگە بۆ سەرکردە کە لەناو هێزەکەی خۆی بێت و ئاگای لە هەموو پێشهاتەکان بێت، چونکە هەر کەموکورتییەک هەبێت، یەکسەر هێز و هاوکاریی بۆ دابین دەکات و چارەسەری دەکات**

**خاڵی سەرەکی لەم سەرکەوتنانە سەرکردایەتیکردن و سەرپەرشتیی راستەوخۆی جەنابی سەرۆک بووە لە هەموو هێرشەکانی رزگارکردندا، هەر لە رەبیعە و زوممار تا دەگاتە شنگال سەرۆک بارزانی هەر لە بەرەکانی شەڕدا بووە و دوای هەفتەیەک لە رزگارکردنی شنگالیش ئینجا گەڕایە**

ئاسمانی هاوپەیمانان هەیە، سەرکەوتنی گەورە تۆمار کراوە، بۆیە لە دوای ئازادکرنەوەی شنگال قۆناخێکی دیکەی شەڕەکە دەست پێدەکات، کە پشتیوان بە خوا کۆتایی هێنانە بە تیرۆریستانی داعش.

*** دیارە ئەو پلانە سەربازییەی بۆ ئازادکردنی شنگال داڕێژرابوو، زۆر سەرکەوتووانە و لە ماوەیەکی کورتتردا جێبەجێ کرا، وەك ئەوەی بۆ دیاری کرابوو، لەمەش زیاتر کۆنترۆڵکردنی ڕێگەی ستراتیژی ٤٧ کە دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی دەکات بە دوو کەرتەوە، ئایا وەك ئەکادیمییەکی سەربازی چۆن سەیری ئەو پلانە سەربازییە سەرکەوتووە دەکەیت؟**

- داڕشتنی پلانی سەربازی بۆ ئازادکردنی شنگال، وەك ئێمە لە زانستی سەربازی پێیدەڵێن، بریتی بوو لە هەماهەنگیی هێزی زەمینی و ئاسمانی، واتە هەماهەنگیی هێزی پێشمەرگە لە زەوی و فڕۆکەکانی هاوپەیمانان لە ئاسمان، هەروەها تۆپبارانکردنێکی پێشوەختە پێش ئەوەی هێرشەکە لە چوارچێوەی پلانە سەربازییەکە دەست پێبکات، کاتی دیاریکراو بۆ جێبەجێکردنی سەرکەوتووانەی ئەم پلانە بە ٣-٤ ڕۆژ مەزندە کرابوو، بەڵام هێزی پێشمەرگە بە هەماهەنگی لە گەڵ هێزی ئاسمانیی هاوپەیمانان کە دەستیان بە جێبەجێکردنی کرد، لە ماوەی ٢٤-٢٨ سەعات تەواوی ناوچەکەیان رزگارکرد، بۆ جێبەجێکردنی ئەم پلانە لە سەر زەوی سەرۆك بارزانی تەنیا ئەرکەکەی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان سپاردبوو، تەنیا هێزی پێشمەرگە سەرکردایەتی شەڕەکە و هێرشی بۆ سەر تیرۆریستانی داعش دەکرد و هەماهەنگی لەسەر زەوی لەگەڵ هیچ هێزێکی دیکە نەبووە، تیرۆریستانی داعش سەبارەت بەم پلانە سەربازییە بۆ ئازادکردنی شنگال مەزندەی ئەوەیان کردبوو کە شەڕێکی بەرەیی بکرێت، بەڵام پلانە سەربازییە دەوردانی هێزەکانی داعش بوو لە دوو قۆڵەوە بە درێژایی ٣٥ کیلۆمەتر، ئەم دوو هێزە لە یەك خاڵدا بە یەك گەیشتن و توانییان بە تەواوەتی تیرۆریستانی داعش گەمارۆ بدەن، تیرۆریستانی داعش بۆ شکاندنی گەمارۆی شنگال پشتیان بە هێزێکی خۆکوژ بەستبوو بۆ ئەوەی لە تەلەعفەرەوە بگەنە فریای هێزەکانیان، بەڵام ئەو هێزە خۆکوژەش تەقێندرانەوە و نەگەیشتنە ئامانجی خۆیان. سەبارەت بە کۆنترۆڵکردنی ڕێگەی سەرەکی و ستراتیژی ٤٧ یش، بێگومان کۆنترۆڵکردنی ئەو ڕێگەیە، گورزێکی گورجکبڕی لە هاتوچۆی تیرۆریستانی داعش وەشاندووە، لەناو زانستی سەربازیدا پەکخستنی ڕێگەی هاتوچۆ و پێوەندی گەورەترین سەرکەوتنە، بۆیە ئەگەر سەیری ڕێگەی ستراتیژی ٤٧ بکەین، ئەم ڕێگەیە ناوچەی تەلەعفەر لە بەعاج و ڕەققە لە موسڵ جیادەکاتەوە، پێش کونترۆڵکردنی ئەم ڕێگەیە دووری نێوان تەلەعفەر و شنگال تەنها ٣٥ — ٥٠ کیلۆمەتر بوو، ئەمەش واتە بە ئۆتۆمبێل تەنیا ٣٠-٤٠ خولەك بوو، بەڵام دوای گرتنی ئەم ڕێگەیە دەبێت بچنەوە ڕێگەیەکی دیکە و لە حەزەر بسوورێنەوە، واتە ڕێگەکە بۆتە ٣٠٠-٣٥٠ کیلۆمەتر، ئەمەش واتە ماوەکە بۆتە ٥-٦ کاتژمێر، ئەمە بۆ ڕەققە و موسڵیش هەر بەو جۆرە دوور کەوتۆتەوە، دیارە لە ناو پلانی سەربازیشدا قورسکردنی ڕێگەی هاتوچۆ و پێوەندیکردن بە هێزەکانەوە، گەورەترین سەرکەوتنی سەربازییەوە و دەبێتە ئاستەنگ و هێزەکان ناتوانن بە ئاسانی یەکتری بگرنەوە، لەم ڕووەوە دەکرێت بە دیدێکی زانستی سەربازییانە بڵێین پرۆسەی ئازادکردنی شنگال مەلحەمەیەك، یان ئەفسانەیەك بوو، تۆمار کرا و ئاراستەی شەڕەکەی بە جۆرێکی دیکە و بۆ بەرژەوەندی هێزی پێشمەرگە و هاوپەیمانان گۆڕی.

*** ئایا دەکرێت بڵێین ئەم سەرکەوتنەی ئازادکردنی شنگال بووە هۆکارێك کاردانەوەی داعشی بەدوادا بێت بۆ هێرشکردنە سەر پاریس، یان بووە هۆکاری ئەوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ لەناوبردنی داعش زیاتر جددی بن؟**

- هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی، پێش ئازادکردنی شنگالیش پشتیان بە کورد بەستبوو، گەیشتبوونە ئەو قەناعەتەی تەنیا کوردە بە جددی شەڕی تیرۆریستانی داعش دەکات، تەنانەت ٨-٩ مانگێك پێش ئێستا سەرۆك ئۆباما خۆی ئاماژەی بەوە کردبوو، سەرکەوتنی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سەرۆکی کورد خۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ پێشمەرگە لە شەڕەکاندا بەشدار بووە، بێگومان بارەگای سەرۆك بارزانی بۆ سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی شەڕەکان لە سحێلا بوو، تا تەواوبوونی پرۆسەی ئازادکردنی شنگالیش بۆ ماوەی یەك هەفتە خۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ پێشمەرگە بووە و لەو یەك دوو ڕۆژەی رابردوو گەڕایەوە. هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش سەلماندوویەتی کە توانای تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعشی هەیە، بەڵام دوای ئازادکردنی شنگال هیوایەکی دیکە بۆ هەموو هاوپەیمانانی دژی تیرۆریستانی داعش درووست بووە، بەوەی داعش بەجۆرێك تێکشکاوە دەتواندرێت لە شوێنی دیکەش تێکبشکێندرێت. سەبارەت بە کاردانەوەی داعشیش داوای ئازادکردنی شنگال، گومانی تێدا نییە داعش داوای ئازادکردنی شنگال هەستی بە تێکشکانێکی گەورە کرد، بۆیە تەقینەوەکانی پاریس و هێرشەکانیان لە ناوچەکانی دیکە، هەوڵێکی تیرۆریستانی داعش بوو بۆ شاردنەوەی ئەو شکستە گەورەیەی لە شنگال بەسەریاندا

**سەرۆک بارزانی لە بەرەکانی شەڕدا دەبیندرا، هێشتا مقەڕ و سەنگەریشمان ئامادە نەبوو، شەوان هەر لە ناو ئۆتۆمبێل ئەگەر کەمێک پشووی بدایە، زۆربەی کاتیش تا بەیانی بەخەبەر بوو، بۆ ئەوەی سەرپەرشتی هێزەکان بکات**

**شنگال پانتاییەکی بەرفراوانی هەیە و پێویستە لیوایەکی مەشقدراوی کارامە بیپارێزێت و سریە و فەوجەکانی دابەش بن، ئەم لیوایە توانای جووڵانەوەی خێرای هەبێت بۆ ڕاگرتن، یان پاشەکشە پێکردنی هەر هێرشێکی خێرای دوژمن**

**لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکاندا سەرەڕای ئەوەی لە ١٠٠ ئەفسەر ئەگەر ئەفسەرێکی کورد بوایە، بەڵام لە سوپای عێراق ئەگەر چوار ئەفسەری باش هەڵکەوتبان، ئەوا دووانیان کورد بوون**

**چەندین ئەکادیمیای سەربازیمان لە زاخۆ و دهۆک و قەڵاچوالان هەیە و چەندەها ئەفسەری دەرچوومان هەن کە ئێستا پلەی عەمید و عەقید-یان هەیە و دەتوانین چەندین لیوای دیکەی سەربازی دروست بکەین**




هات، واته هەوڵێك بوو بۆ گێڕانەوەی ئیعتیبار بۆ خۆیان بۆ ئەوەی بڵێین بە تەواوەتی تێكنەشكاون، بەڵام ئەم كاردانەوەی داعش ئاكامی پێچەوانەی لێكەوتۆتەوە لەبەر ئەوەی فڕۆكەكانی فەرەنسا هێرشەكانیان زیاتر كردووە، كەشتی فڕۆكە هەڵگری شارل دیگۆل هاتۆتە دەریای سپی ناوەڕاست بە ڕێژەیەكی زۆر زیاتر گورز لە تیرۆریستانی داعش دەوەشێنێت. لەمەش زیاتر سەركەوتنەكان بوونە هۆكاری ئەوەی زیاتر پشت بە هێزی پێشمەرگەی كوردستان ببەسترێت و هەماهەنگی نێوان هێزی پێشمەرگە لە زەوی فڕۆكەكانی هاوپەیمانان لە ئاسمان زیاتر بێت. ئەگەر سەیر بكەین لە ئێستادا، كاتێك چوار، یان پێنج ئۆتۆمبێلی داعش بە یەكەوە دەبیندرێن لە ماوەی چارەكە سەعاتێكدا فڕۆكەكانی هاوپەیمانان یەكسەر بۆردوومانی دەكەن و لەناویان دەبەن، ئەوان ئێستا زیاتر تەكسی، یان ئۆتۆمبێلی مەدەنی و تەنانەت جلی دیكەش بەكاردێنن، گوایە ئەوانە خەڵكی سڤیل و خێزانن لەناو ئەو ئۆتۆمبێلانەدان، بۆیە ئەمە دەقۆزنەوە، چونكە فڕۆكەكان لە منداڵ و خەڵكی ئاسایی نادەن، هاوپەیمانییەكی باشیش هەیە لە نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزی هاوپەیمان، یان با بڵێین فڕۆكەكانیان، بۆ نموونە لە هێرشی شنگال هیچ جارێك فڕۆكەكان ئەوەندە هێرشیان نەكردووە، دواتر تۆپ و راجیمەكانی پێشمەرگە بۆردوومانیان كرد. هەربۆیە ئەوە راستە هاوپەیمانان كاتێ دەبینن كە هێزی پێشمەرگە چەند سەركەوتن تۆماردەكات و لە هێرشەكانیاندا پێشڕەوی دەكەن، ئەوان زیاتر هاوكاریی پێشمەرگە دەكەن، بەڵام بەداخەوە بۆ ئەم سەركەوتنانە پتر لە ١٢٠٠ شەهیدمان داوە.

*** ئەگەر وەك راگری كۆلێژی سەربازی ئەو پرسیارەت لێ بكەین، ئایا پێداویستیەكانی ئێستای پێشمەرگە وەك سوپایەكی مۆدێرن چین و خۆمان لە ئێستا چیمان پێدەكرێت؟**

- ڕاستە پێشمەرگە درێغی لە شەڕ ناكات و فیداكاری دەكات و ئازایە، بەڵام من بە پێویستی دەزانم كە سێ لیوای سەربازی یەدەگ هەبن و مەشق و ڕاهێنان بكەن و ئامادەكاری بكەن و هەر یەكەیان بەرەیەكیان پێ بسپێرین، چونكە نزیكەی ١٠٠٠ كیلۆمەتر بەرەی شەڕمان هەیە و پێویستە هەمووی بە توندی كۆنتڕۆڵ بكەین، گەرچی ئەو ئیمكانیاتەی كوردستان هەیەتی، بە بەراورد بە دۆخەكە باشە نییە، چونكە ماوەیەكی زۆرە حكومەتی مەركەزی مووچەی ڕەوانە نەكردووە

**پاش ئەوەی پێشمەرگە خۆی ڕێكخستەوە و شەخسی سەرۆك بارزانی بڕیاری شەڕی مان و نەمانی داو خۆی راستەوخۆ سەرپەرشتی بەرەكانی شەڕەكەی كرد، توانرا بە پەلە پێشڕەوییەكانی تیرۆریستانی داعش رابگیرێت و دواتر زۆر ناوچەش رزگار بكرێتەوە**

**لە ئێستادا، کاتێک چوار، یان پێنج ئۆتۆمبێلی داعش بە یەکەوە دەبینرێن لە ماوەی چارەکە سەعاتێکدا فڕۆکەکانی هاوپەیمانان یەکسەر بۆردوومانی دەکەن و لەناویان دەبەن**

**داعش داوای ئازادکردنی شنگال هەستی بە تێکشکانێکی گەورە کرد، بۆیە تەقینەوەکانی پاریس و هێرشەکانیان لە ناوچەکانی دیکە، هەوڵێکی تیرۆریستانی داعش بوو بۆ شاردنەوەی ئەو شکستە گەورەیەی لە شنگال بەسەریاندا هات**

**هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی، پێش ئازادکردنی شنگالیش پشتیان بە کورد بەستبوو، گەیشتبوونە ئەو قەناعەتەی تەنیا کوردە بە جددی شەڕی تیرۆریستانی داعش دەکات**

و نزیکی دوو ملیۆن پەنابەر و ئاوارەش لە کوردستانن، بۆیە ئێمە کەم و کورتیمان زۆرە. لەگەڵ ئەوەشدا چەندین ئەکادیمیای سەربازیمان لە زاخۆ و دهۆك و قەڵاچوالان هەیە و چەندەها ئەفسەری دەرچوومان هەن کە ئێستا پلەی عەمید و عەقید-یان هەیە و دەتوانین چەندین لیوای دیکەی سەربازی دروست بکەین. هەروەها لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکاندا سەرەڕای ئەوەی لە ١٠٠ ئەفسەر ئەگەر ئەفسەرێکی کورد بوایە، بەڵام لە سوپای عێراق ئەگەر چوار ئەفسەری باش هەڵکەوتبان، ئەوا دووانیان کورد بوون، کەواتە ئێستا ئێمە ئەفسەرمان هەیە و ئەگەر چەکی باش هەبێت ئەوا دەتوانین لە ماوەی ٦ مانگ بۆ ساڵێك چەند فیرقەی نیزامی دروست بکەین. کە گرنگە ڕاهێنراو بن، چونکە مەشق و ڕاهێنان بۆ سوپا گرنگە. واتە ئەگەر لیوایەك لە بەرەی شەڕدا بن، ئەوا پێویستە فەوجێك لە پشتی ئەو مەشق بکات کە هەر کاتێك مەشقیان تەواو کرد و چوونە بەرەوە، ئەوا فەوجێکی دیکە بێتە جێی و ئەو فەوجەش یەدەگ بێت. فەرماندەش دەکەوێتە بەردەم سەختترین بڕیارەوە، کاتێك هێزی یەدەگی نامێنێت و بێ هێزی یەدەگ کار بکات، چونکە هەر هێرشێك بکرێت و هەر شکانێك ڕووبەڕووی ببێتەوە، ئەوا دووچاری زەحمەتی دەبێت. لەبەر ئەوە پێویستە فەرماندە یەدەگی هەبێت. چونکە وەك ئاماژەمان پێکرد کاتێك بەرەی شەڕ ٩٣٠ بۆ نزیکەی ١٠٠٠ کیلۆمەتر دەبێت ئەوا داعش هەوڵ دەدات هێرش بکات و هەڵبژاردنی کاتیش لە دەستی ئەودایە، واتە هەر کاتێك بە باش بزانێت، ئینجا هێرش دەکات، بەڵام ئەگەر هێزی یەدەگ هەبوو کە ڕاستەوخۆی بەشداری کرد، ئەوا ئەگەر بۆ بەرەنگاری کەلێنێك هەبێت، پڕی دەکاتەوە، ئەمە لە هێرشی خێرادا گرنگە و دەبێت بایەخی زیلاری پێبدەین. ئیمتیازێکی هێزی هێرشبەر ئەوەیە کە ئەو هێڵی بەرگرییە نزیکەی ١٠٠٠ کیلۆمەترە و ئەگەری ئەوە هەیە ئەو هەموو هێزێکی لە بەرەیەکدا کۆبکاتەوە و هێرش بکات، هەروەها کاتی هێرشبردنیش لە دەستی هێرشبەردایە و دەڕوانێت لە کوێدا خاڵی لاواز هەیە، لێی دەدات، بەڵام ئەگەر هێزی یەدەك هەبێت، هێرشی بۆ دەبات و ناچاری دەکات پاشەکشە بکات. بۆیە پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکەین:

- زۆر گرنگە بە شێوەیەکی زانستییانە هێزی پێشمەرگە ڕێکبخرێت.
- پێویستە هێزێکی نیزامی خاوەن چەك و چۆڵی پێشکەوتوومان هەبێت و لانیکەم دوو لیوای زرێپۆشی تەواومان هەبن. بۆ ئەوەی هاوشان بێت بە هێزی پیادەی پێشمەرگە.
- گرنگە کۆگای تایبەت بە تەقەمەنی و یەکەی خزمەتگوزاری کارگێڕیی و چەند هێڵێکی بەرگری تۆکمەمان هەبن.
- پێویستە دەزگای تایبەت بە ئامادەکردنی تەقەمەنی و فریاگوزاری ئیمێرجنسی سەربازی بە تەواوی کەلوپەلەکانەوە هەبێت.
- پێویستە ئەو چەکانەی کە بە دەست پێشمەرگەوەن، مەشقی زیاتر لەسەر بەکارهێنانیان بکرێت، تا کاریگەرانەتر بەکاریان بهێنن.
- پێویستە چەکی پێویست، بەتایبەت چەکی دژە تانك و زرێپۆشی وەك میلان، لە هەموو بەرەکانی شەڕ بوونیان هەبێت.
- شنگال پانتاییەکی بەرفراوانی هەیە و پێویستە لیوایەکی مەشقدراوی کارامە بیپارێزێت و سریە و فەوجەکانی دابەش بن، ئەم لیوایە توانای جووڵانەوەی خێرای هەبێت بۆ ڕاگرتن، یان پاشەکشەپێکردنی هەر هێرشێکی خێرای دوژمن.

*** وەك ئاماژەت پێکرد، جەنابی سەرۆك بارزانی بە درێژایی ئەم شەڕە هاوشانی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕ بووە. ئەوە تاچەند هۆکاری سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕدا بووە؟**

- بوونی شەخسی سەرۆك بارزانی لە بەرەکانی شەڕدا مەزنترین ڕۆڵی هەبووە و باشترین هێز بووە بۆ ورەی پێشمەرگە، سەرکردایەتی جەنگ دژی دوژمنێکی وەك داعشی دڕندە ئەگەر لەسەر ئاستی سەرۆکایەتی هەرێم سەرۆکت لە پشت بێت و لەگەڵت ئامادە بێت، ئەمە وا دەکات ئەگەر مەعنەوییاتی پێشمەرگە ٥٠ بێت، بۆ ١٥٠ بەرز ببێتەوە، لە سەرەتادا کە سەرۆك بارزانی لە بەرەکانی شەڕدا دەبینرا، هێشتا مقەڕ و سەنگەریشمان ئامادە نەبوو، شەوان هەر لە ناو ئۆتۆمبێل ئەگەر کەمێك پشووی بدایە، زۆربەی کاتیش تا بەیانی بەخەبەر بوو، بۆ ئەوەی سەرپەرشتی هێزەکان بکات. بە دیتنی سەرۆك بارزانی پێشمەرگەکانی بەرەکانی شەڕ هەمیشە لەوپەڕی ورە بەرزیدا دەمانەوە. جارێکی دیکە دووبارەی دەکەمەوە کە خاڵی سەرەکی لەم سەرکەوتنانە سەرکردایەتیکردن و سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی جەنابی سەرۆك بووە لە هەموو هێرشەکانی ڕزگارکردندا، هەر لە ڕەبیعە و زوممار تا دەگاتە شنگال سەرۆك بارزانی هەر لە بەرەکانی شەڕدا بووە و دوای هەفتەیەك لە ڕزگارکردنی شنگالیش ئینجا گەڕایەوە. ئەمە زۆر گرنگە بۆ سەرکردە کە لەناو هێزەکەی خۆی بێت و ئاگای لە هەموو پێشهاتەکان بێت، چونکە هەر کەموکورتییەك هەبێت، یەکسەر هێز و هاوکاریی بۆ دابین دەکات و چارەسەری دەکات.



پرۆفیسۆر مایکڵ درێزن لە زانکۆی رۆما بۆ گوڵان:

# ئەگەر کورد بتوانێت سەرکەوتنەکەی شنگال بچەسپێنێت زیاتر لە بەدەستهێنانی دەوڵەت نزیک دەبێتەوە

**مایکڵ درێزن پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکان و کاروبارە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی جۆن کابۆت لە رۆما ـی ئیتاڵیا کە تێیدا وانەبێژی ئایین و سیاسەتە. بڕوانامەی دکتۆراشی لە بواری زانستە سیاسییەکاندا لە زانکۆی نۆتردام بەدەست هێناوە. بۆ هەڵوەستەکردن و شیکردنەوەی پەرەسەندنە نوێیەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو ئەگەر و ئایندەیەی چاوەڕێی ئەم ناوچەیە دەکات، گوڵان دیدارێکی لەگەڵدا سازکرد، ئەویش بەم شێوەیە بۆچوونەکانی خستەڕوو.**

*** پاش تێوەگلانی رووسیا لە هاوکێشە هەرێمایەتییەکان و ویستی ئەو وڵاتە بۆ هەبوونی پێگەیەك لە سەرلەنوێ دانانەوەی سیاسەتی هەرێمایەتی و بوونی بە یاریزانێکی سەرەکی تیایدا، دەبینین ئەم تێوەگلانە بارودۆخی ناوچەکەی زیاتر ئاڵۆز کردووە، بەتایبەتی لە ئێستادا پاش رووداوەکانی پاریس و خستنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی رووسی لەلایەن تورکیاوە، ئایا پێشبینی هیچ پێکدادانێك لە ناوچەکەدا دەکەیت؟**

- پەلامارەکانی داعش بۆ سەر پاریس و -رووداوی خستنەخوارەوەی- فڕۆکەکەی رووسیا قۆناغێکی نوێی دروست کردووە، بۆیەکەم جار لەماوەی دووساڵدا رێکەوتنێکی نێودەوڵەتی لە دژی داعش دروست بووە، ئەمەش ئەوەم بیردەهێنێتەوە کە لە ساڵی ١٩٩١ سەدام حوسێن کوەیتی داگیرکرد، هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی لە دژی سەدام حوسێن دروست کرا، بۆیە ئێستاش ئەگەری سەرهەڵدانی شتێکی ئاوا لەئارادایە، رووسیا، وڵاتە یەکگرتووەکان، فەڕەنسا، سعودیە، ئێران و هەمووان پێیانوایە داعش دەبێت نەمێنێت، بۆیە ئەگەری دروستبوونی هاوپەیمانییەکی یەکگرتوو هەیە بۆ هێرشکردنە سەر داعش، ئەمەش ئەگەری ئەوەی هەیە بزووتنەوەیەك بێنێتەئاراوە بۆ تێکشکان و لەناوبردنی داعش، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە دوای ئەوە چی دەبێت؟ لەبەر ئەوەی پاشەگەردانییەکمان لە ئێستادا لێرە هەیە و روون نییە، رووسیاش بارودۆخەکەی زۆر ئاڵۆزتر کردووە و زۆر قورس بووە ئەسەد بڕووخێ و بەرژەوەندییەکانی رووسیا وای لە ولایەتە یەکگرتووەکان و فەڕەنسا کردووە گومانیان هەبێت لەوەی کە رووسیا دەیکات، هەروەها پێوەندی ئێران لەگەڵ رووسیا و وڵاتە یەکگرتووەکاندا وای کردووە قورس بێت عێراق و سووریایەکی سەقامگیر پاش داعش دروست بێت، بەتایبەتی لە پاش خستنەخوارەوەی فڕۆکە رووسییەکە لەلایەن تورکیاوە.

*** سەرهەڵدانی داعش و دروستکردنی خەلافەتێك لە ناوچەکەدا سنوورەکانی لە ناوچەکەدا گۆڕیوە و کۆتایی بە رێکەوتنی سایکس پیکۆ هێناوە، ئایا پێشبینی گۆڕانی سنوورەکان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ لەناوچەکەدا دەکەیت؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر بەجێیە. پێموایە کورد لە ئێستادا پێگەیەکی سیاسیی زۆرباشیان لە رۆژئاوادا هەیە و پێشموایە شتی زۆر نوێ لەلایەن رۆژئاواوە بۆیان دەبێت، بەتایبەتی ئەگەر کورد سەرکەوتووبن لە چەسپاندنی سەرکەوتنیان لە شنگال و رزگارکردنی مووسڵ، ئەمە ئەگەری دروستبوونی دەوڵەتی کوردستانیان دەداتێ، بەڵام بەدڵنیاییەوە کاتێك دێتە سەر ئەوە، تورکیا مەسەلەیەکی گرنگە، بەڵام ئەگەر هەیە جۆرێك لە سازانی مێژوویی لەسەر ئەمە دروست بێت. هەروەها ئەگەری دروستبوونی هەرێمی دیکە لەناوچەکەدا هەیە، وەك ئەگەری دروستبوونی هەرێمێکی سوننی لە سووریا، لەبەر ئەوەی کاتێك باس دێتە سەر دیمەشق و بەغدا، کەس پلانێکی باشی نییە بۆ دابەشکردنی بەغدا و دیمەشق بەسەر سوننە و شیعە، یان سوننە و عەلەوییەکان و مەسیحییەکان، بۆیە هەندێك بەش لە سووریا لەوانەیە واباش بێت چارەسەری جیاکردنەوەی سوننەکان بکرێت لەبەر ئەوەی دەوڵەتی ئێستای سووریا و عێراق پاشەگەردانییەکی گەورەیان دروست کردووە، بۆیە ئەم ئەگەرانە لەئارادان.

*** زۆربەی شارەزایان پێیانوایە بۆ تێکشکانی داعش دەبێت هێزی زەمینی هەبێت، بۆ ئەمەش وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی ناتوانن و نایانەوێت ئەمە بکەن، لەلایەکی دیکەیشەوە شیعەکان لە عێراق بە حەشدی شەعبی شەڕەکەیان بۆ شەڕی تائیفی گۆڕیوە، ئەمەش بارودۆخەکەی خراپتر کردووە. هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەتایبەتی پاش رزگارکردنی شنگال سەلماندیان دەتوانن تیرۆریزم تێکبشکێنن، بۆیە تاچەند دەبێت هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ تێکشکانی داعش لەسەر زەمین یارمەتی و پاڵپشتی پێشمەرگە بکەن؟**

- ولایەتە یەکگرتووەکان و سەرۆك ئۆباما زۆر دوودڵن لە هێنانی هێزی زەمینی، بۆیە سیاسەتەکە ئەوەیە پاڵپشتی هێزە ناوخۆییەکان بکەن لەسەرزەمین، وەك کوردەکان و ئۆپۆزیسیۆنی سووریا، هەروەها رێگەدان بە سعودیە و تورکیا کە پابەندبن بە ئەم شەڕەوە، مەسەلەکە دەگۆڕێت

**پێکدادانی شارستانیەتەکان گوتارێکە کە بەڕاستی داعش دەیەوێت جێبەجێی بکات، بەڵام لە ئەوروپادا زۆربەی خەڵک لەگەڵ ئەمە نییە**

**چارەسەری کێشەکان بەوە دەبێت کە دەوڵەتێکی نەتەوەیی خاوەن سەروەری و سەربەخۆ دابمەزرێت لەناوچەکەدا، بەڵام ئەمەش پرۆسەیەکی زۆر قورسە**



بە شەڕی هەرێمایەتی و ئێرانیش زیاتر دەستێوەردان دەکات، بەڵام ئەگەر لە هەڵبژاردنەکانیساڵی داهاتووی ئەمریکادا کۆمارییەکان بیبەنەوە، ستراتیژی ئەمریکا بەخێرایی دەگۆڕێت.

*** لەم بەشەی جیهاندا لە پاکستانەوە تا نایجیریا دەوڵەتان شکستخواردوون و تیرۆریستان ئەم بۆشاییەیان پڕکردوەتەوە، بۆیە ئەگەر داعشیش تێکبشکێت، پێشبینی دەکرێت میلیشیا و ڕێکخراوی تیرۆریستی دیکە لەناوچەکەدا دەربکەون، بۆیە بۆ ئەوەی کێشەکە چارەسەر بکرێت، پێویستە یەکەمجار ئەم دەوڵەتە شکستخواردووانە چارەسەر بکرێن، چۆن ئەمە ڕوودەدات؟**

- ئەمریکا لە ئەفغانستان بۆ چەندین ساڵ هەزاران سەربازی بڵاوکردەوە، بەڵام ئێستا توانای ئەوەی نییە خۆی بپارێزێت، بۆیە دەبێت ئەمە لەبەرچاو بگیرێت کاتێك بیر لە داعش دەکەینەوە لە سووریا، سەبارەت بە عێراق ئەمریکا دەبێت هەوڵبدات ستراتیژێك پەیڕەو بکات کە ببێتە هۆی درووستبوونی دەوڵەتێکی نەتەوەیی، چارەسەری کێشەکان بەوە دەبێت کە دەوڵەتێکی نەتەوەیی خاوەن سەروەری و سەربەخۆ دابمەزرێت لەناوچەکەدا، بەڵام ئەمەش پرۆسەیەکی زۆر قورسە.

*** مەسەلەی پەنابەران بووەتە بارێك بەسەر ئەورووپاوە و هۆکارە سەرەکییەکەشی سەرهەڵدانی تیرۆریزم و توندوتیژی و ناسەقامگیرییە لە سووریا، ڕۆژئاوا بەگشتی بەرپرسیارن لەم بارەیەوە، لەبەر ئەوەی لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم بارودۆخەوە لە سووریا بەخێرایی کاریان نەکرد بۆ چارەسەری کێشەکانی سووریا تا لە دەست دەرچوو، لەئێستاشدا ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبێت. لە سەرهەڵدانی ئەم کێشەیەوە هەندێك لەپارتە سیاسییەکان لە ئەوروپا پێشوازی لە پەنابەران دەکەن و هەندێکیش لە دژیان وەستاونەتەوە. تا چەند پێشبینی پێکدادانی شارستانیەتەکان دەکەیت، بەتایبەتی پاش هێرشەکانی فەرەنسا؟**

- ئەمە کێشەیەکی مەترسیدارە بۆ ئەوروپا، بۆیە پێویستمان بە دەنگی زۆر بەهێزی سیاسی هەیە کە مامەڵە لەگەڵ ئەمەدا بکات و دیالۆگ درووست بکات. پێکدادانی شارستانیەتەکان گوتارێکە کە بەڕاستی داعش دەیەوێت جێبەجێی بکات، بەڵام لە ئەوروپادا زۆربەی خەڵك لەگەڵ ئەمە نییە، جگە لە ڕاسترەوە توندڕەوەکان و سیاسەتی زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا لەسەر نەژادپەرستی و ترس و جۆرێك لە پۆلێنکردنی ئایینەکان بنیاد نەنراوە، بۆیە ئەمە بەڕاستی زۆر مەترسیدارە و پێویستە لە ئێستادا هەموو جیهان لە دژی بوەستنەوە.


DANGER
HIGH EXPLOSIVE



# ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەروبەندی هەڵدێر و هەڵوەشانەوەدا

## پەرەسەندنی چاوەڕواننەکراو و ئایندەی نادیار

«ئەو دەوڵەتەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئێمە پێی ئاشناین لە ئاوابوون و لە ناوچووندان، دژوارە ببینین جارێکی دیکە ئەو تەنە تێکشکاوە، پێکەوە گرێ بدرێتەوە. بۆ ئەوەی زیاتر لەم پرسە دڵنیا بین، ئەوا دەڵێین زۆرێک لە دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەوڵەتی ناشەرعین. رەنگە ئەوان لە رووی نێودەوڵەتییەوە دانپێدانراو بن، بەڵام حکومەتەکان مومارەسەی دەسەڵاتێکیان کردووە کە زیاتر لە رێی داپڵۆسین و هەندێ جار لە رێی تیرۆریشەوە کاریان بۆ بەردوامبوونیان کردووە. لە زۆر شوێن سنوورە جوگرافییەکان لە باری شلۆقیدان. ئەگەر بڵێین بوونیشیان هەیە، ئەوا بە زۆری لە خەیاڵی سەرکردەکان و دارێژەرانی نەخشەی دەوڵەتان و رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بوونی هەیە. دەوڵەتان بە دوو شێوەی زەق کۆنترۆڵیان لەدەست داوە: لە رووی سیاسی و عەمەلی و لە رووی ئیدارییەوە، هەروەها لە روانگەی دڵسۆزی و مەیلی بەشێکی بەرفراوانی دانیشتووانەکەیان. لە ئێستادا

عێراق بە جۆرێک تێکشکاوە کە چیتر نازناوی دەوڵەتێکی یەکگرتوو پڕ بە پێستی ئەم وڵاتە نییە و بگرە پایەکانی دەوڵەت بە جارێک لەم وڵاتەدا داڕووخان و حوکمڕانییەکەشی دووچاری شکستێکی گەورە بۆتەوە و لە هەندێ لە بەشەکانی وڵاتەکە لە رووی ئەمری واقیعەوە دەسەڵاتی دەوڵەت کۆتایی هاتووە و لە چەند بەشێکیشیدا دەوڵەتی ئەمری واقیع دروست بووە

### بەرگی شکست بۆتە کاڵا بۆ بەری دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

رۆژگاری دوور و درێژی شکستهێنانی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەداکردنی ئەرکە بنەڕەتییەکانیان، کێشە چارەسەرنەکراو و هەڵپەسێردراوەکان و ناکۆکییە درێژخایەنەکان و تەنگژە قووڵەکانی ئەم ناوچەیە سەریان کێشا بۆ سەرهەڵدانی دۆخێکی ئەوتۆ کە بەرگی شکست بۆتە کاڵای باڵای ئەم دەوڵەتانە و سنوورەکانی دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە لەبەریەك هەڵدەوشێننەوە، پایە و بنچینە بنەڕەتییەکانی ئەو نیزامەی ئەم دەوڵەتانەی لەسەر راوەستابوو، ئێستا لە داڕووخان و داخورانێکی خێرادایە، گەشەی ئابووری و سەقامگیری سیاسی بۆتە کاڵایەکی دەگمەن و لە هەمووشی مەترسیدارتر لە ناوچوونی تەبایی و ئاشتی کۆمەڵایەتی و بڵێسەسەندنی ئاگری شەڕ و ناکۆکییە تائیفەگەرییەکانە.

ئەوەی مایەی تێڕامانە نەك نەتوانراوە سنوور و مەودای ئەم کێشە و گێژاو و ئاڵۆزییانە بەرتەسك بکرێنەوە، بەڵکو تا دێت پانتایی شەڕەکان بەرفراوانتر دەبن، کێشە و ناکۆکییەکان قووڵتر دەبنەوە، کاریگەری هێزە دەرەکییەکان لەسەر رەوت و رەوشی ناوخۆیی وڵاتانی ناوچەکە زیاتر دەبێت. لە هەمان کاتدا رۆژ بە رۆژ دەسەڵاتی دەوڵەت داکشانی زیاتر بە خۆوە دەبینێت، سەرئەنجام بۆشاییەك دروست بووە کە کاراکتەرە نادەوڵەتییەکان بەوپەڕی گوڕ و تینەوە هەوڵی پڕکردنەوەی دەدەن. ئەوەی جێی ئاماژەپێکردنە ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی نیزامە کۆنەکە تێکشکاوە، ئەوا هیچ نیزامێکی نوێ گەڵاڵە نەبووە و لە ئاسۆدا دەرنەکەوتووە. رواڵەتێکی دیکەی ئەو هەلومەرجە باڵادەستەی ئێستا ئەوەیە کە چیتر کێشەکان لە سنووری دەوڵەتێکدا قەتیس نابن، بەڵکو کاریگەرییەکانیان دەپەڕێتەوە بۆ وڵاتانی دیکە و ئاسەوارەکانی پەلدەکێشن بۆ دراوسێکانیان. هەموو ئەوانەش دۆخێکیان دروست کردووە کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتە گۆڕەپانێکی کراوە بۆ دەستێوەردانی دەرەکی، بە چەشنێك جڵەوی دەستپێشخەری و چارەسەرەکانیش لە دەستی دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە دەرچووە. هەربۆیە لە ئێستادا پێناچێت دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە نە ئیرادە و نە توانای ئەوەیان هەبێت گرژی و ئاڵۆزییەکان یەکلا بکەنەوە. کەواتە هەموو ئەوانە پێویست بە هەڵوەستەکردن دەکات بۆ تێڕامان لەو هاوکێشە و پەرەسەندنە نوێیانەی هاتوونەتەئاراوە.

### پانتاییە حوکمڕانی نەکراوەکان

یەکێك لە زەقترین شکستەکانی دەوڵەتانی ناوچەکە ئەوەیە چیتر پێناسەکەی کۆمەڵناسی ئەڵمانی، ماکس ڤێبەر-یان بەسەردا جێبەجێ نابێت، ئەو لە پێناسەکەیدا باس لەوە دەکات کە دەوڵەت مافی بەکارهێنانی توندوتیژی شەرعی هەیە لە پاراستنی خاکەکەی، بەڵام ئەگەر لە راستییەکان سەر ئەرزی واقیع بڕوانین، ئەوا ئاشکرایە داڕووخانی سەروەری ئەم دەوڵەتانەیە بەو مانایەی چیتر هێزی ناچارکردن و بەکارهێنانی توندوتیژی شەرعی تەنیا لە دەستی

**ئاشکرایە کە چیتر هەردوو دەوڵەتی سووریا و عێراق ناتوانن ئەرکە تەقلیدییەکانی خۆیان ئەنجام بدەن، وەک کۆکردنەوەی باج و بە سەربازگرتن لەسەر ئاستی نەتەوەیی. ئەم دەوڵەتانە ناتوانن چاودێرییەکی کارای سنوورەکانیان بکەن. پێدەچێت سوننەکانی عێراق و سووریا خاڵی هاوبەشیان زیاتر بێت، بە بەراورد بەو زەمینە هاوبەشەی لەگەڵ هاونیشتمانییەکانیاندا هەیانە. بە هەمان شێوە، میلیشیا شیعەکانی عێراقیش پێیان باشترە بە پشتیوانی ئێران شەڕ بکەن، نەک ملکەچی فەرمانەکانی حکومەتی عێراق بن. لە لوبنانیش حزبوڵای شیعە، جۆرێکە لە هێزێکی نایاسایی چەکداری کە چالاکییەکانی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا سنووردار نین، وەک دەبینین بە هۆی دەستتێوەردانی لە دژی حوسیە شیعە یاخیبووەکانەوە لە یەمەن هەڕەشە لە سعودیە دەکات.**

**■ سەرچاوە: واشنتۆن پۆست– ئایندەی پشێویی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

**■ نووسینی: هێنری بارکی**

دەوڵەتدا نەماوەتەوە، ئێستا هێزگەلێکی دیکە هەن کە لە دەرەوەی چەتری دەوڵەت مومارەسەی ئەم مافە حەسرییەی دەوڵەت دەکەن. دەکرێت ئەم مەسەلەیە بە پرسی شڵەژانی دۆخە ئەمنییەکەوە لەم وڵاتانەدا گرێ بدەینەوە. بۆیە هاووڵاتیان هەست ناکەن چیتر دەوڵەت ئەو سایە و سێبەرەیە کە دڵنیابن لەوەی ماف و ژیانیان پارێزراو دەکات. ئەمەش مانای ئەوەیە پایە و ستوونە بنەڕەتییەکانی ئەو دەوڵەتانە داڕووخاوە. لەمبارەوە هەروەك توێژەری ئەڵمانی ڤۆلکەر پێنسەر، لە موحازەرەیەکدا بە ناونیشانی: "The end of the Middle East as we know it" دەڵێت، ئەو دەوڵەتانە ناتوانن لە ئاست ئەرکەکەدا بن و ئەم بەرپرسیارێتیە لە ئەستۆ بگرن، لە هەمان کاتدا ئەم ئیرادە و ویستە لە هێزە دەرەکییە سەرەکییەکانیشدا بەدی ناکرێت، هەروەها ئەو باوەڕی وایە کە ئامانجی کاراکتەر، یان هێزە سەرەکییە نێودەوڵەتییەکان لە تێوەگلانیان لە بارودۆخەکە ئەوەیە ئیحتیوای هەڕەشەکانی ناوچەکە بکەن، نەك دووبارە دەست بە داڕشتنەوەی ئەندازەی دەوڵەتانی ناوچەکە، یان سیستمی ناوچەکە بکەن، هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش بەڵگەیەکە لەسەر ئەوەی خواستی ئەوان ئیحتیواکردنی هەڕەشە و مەترسییەکانە، نەك نەخشەکێشانەوەی ئەندازەی دەوڵەت و کۆمەڵگە و سیستمی ناوچەکە، واتە چیتر خواستێك بەدی ناکرێت لە نێو وڵاتانی فەرەنسا و بەریتانیا بۆ ئەنجامدانی سایکس پیکۆ-یەکی نوێ، نە ئەمەریکاش دەیەوێت رێککەوتنێکی چەشنی دایتۆن بسەپێنێت، ئیدی بەسەر سووریادا بێت، یان ئیسرائیل، یاخود فەلەستین. کەواتە کار و کۆششی دەوڵەتانی ناوچەکە و کاراکتەرە سەرەکییە نێودەوڵەتیەکان لە بەرهەڵستیکردنی و بەرپێگرتنی هەوڵەکانی دووبارە نەخشەکێشانەوەی ئەندازەی سیستمی ناوچەکە و بونیادی دەوڵەتانی ناوچەکە چڕ دەبێتەوە

**■ عێراق و سووریا**

**ئەو دوو دەوڵەتەی شکشت بۆتە چارەنووسیان**

کێشەی جیهانی ئێستادا لەوەدا چڕدەبێتەوە کە نە دەتوانرێت پێشبینی پەرەسەندنەکان بکرێت، نە دەشتوانرێت بەر بە روودانیان بگیرێت، لە بەشێکیدا بێتواناییش لە بەرپێگرتن بە پەرەسەندنەکان لە بێتوانایی لە پێشبینیکردنی رووداوەکانەوە سەرچاوەی گرتووە. رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بەدەر نییە لەم هاوکێشەیە و بگرە بە تەواوەتی تێیدا بەرجەستەبووە و رەنگیداوەتەوە. بۆ نموونە شارەزایان ئاماژە بەوە دەکەن کە نەتوانراوە پێشبینی هیچ یەکێك لەم رووداوانە بکرێت، وەك جەنگی ساڵی ١٩٧٣، دەستپێشخەری ئاشتییانەی ئەنوەر سادات، کوشتنی سادات، داگیرکردنی عێراق لە لایەن کوەیت-ـەوە، راپەڕینە عەرەبییەکان لە دوای ساڵی ٢٠١١ـەوە، سەرهەڵدانی داعش و دەستێوەردانی سعودیە لە یەمەن و هێرشی رووسیا بۆ سەر کریما و.. هتد، کە هەموو ئەو رووداوانەش دەرهاویشتە و دەرئەنجامی گەورە و درێژخایەنیان لێکەوتەوە، بگرە دابڕانیان لەگەڵ دۆخی پێش روودانیاندا درووست کرد. لەبەر ئەوە پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئەم ناوچەیە

**به رەچاوکردنی لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی سیستمی ناوچەکە، ئەوا نە دەوڵەتانی ناوچەکە و نە کاراکتەرە نێودەوڵەتییەکان ناتوانن سیستمێکی ناوچەیی نوێ دابمەزرێنن، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ ئەوەی ناکۆکیەکان بچنە دۆخی سڕبوونەوە**

# ڕەنگە شەڕی ساردی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو شەڕێکی کراوە بچێت

**عەرەبستانی سعودیە فڕۆکەی جەنگی ڕەوانە کردووە بۆ یەمەن بۆ گوزرەوەشاندن لە میلیشیا شیعە پاڵپشتیکراوەکان لە لایەن ئێرانەوە. لە عێراقدا ئەو هێزانەی لە لایەن ئێرانەوە چەکیان پێدەدرێت و مەشقیان پێدەکرێت، سەرقاڵی شەڕکردنن لە دژی میلیشیای سوننەکان کە لە لایەن سعودیەوە دارایی و چەکداریان بۆ دەستەبەر دەکرێت. هەروەها بە دووری هەزاران میل، ئیدارەی ئۆباما دەستەویەخەیە لەگەڵ قەیرانێکی نوێدا، ڕەنگە شەڕی ساردی درێژخایەنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەروبەندی گەرمبووندا بێت.**

**سعودیە و ئێران، کە یەکەمیان هێزە سوننە سەرەکییەکەی جیهانی ئیسلامی و ئەوەی دووەمیان هێزە شیعە سەرەکییەکەی ئەو جیهانەیە، بە دەیان ساڵ و بە پەنهانی و بێدەنگی سەرقاڵی ڕەوانەکردنی چەک و پارە بوون بۆ هێزە هاوپەیمانەکانیان لە ناوچەکەدا، ئەمەش وەک هەوڵێک بۆ بنیادنانی دەستڕۆیشتوویی خۆیان لە سەر حیسابی یەکتر. واتە لە سێبەر و تاریکیدا ململانێ و ڕکابەری یەکتریان کردووە، واتە وەکیلەکانیان هەستاون بە ئەنجامدانی شەڕەکە لە بری ئەوان و لە بری ئەوانیش کوژراون. بەڵام دەستتێوەردانی ڕیاز لە یەمەن ڕووی ئەو ناکۆکییەی بۆ سەرتاسەری جیهان هەڵماڵی، کە بۆی**

هەمیشە لە بەردەم ئەگەری پێشهاتی چاوەڕواننەکراو و پەرەسەندنی پێشبینی نەکراودا نییە؟ ئەگەر وابێت، ئایا چۆن بتوانرێت بە چەشنێك جڵەوی ڕەوش و ڕووداوەکان بکرێت کە لانیکەمی سەقامگیری سیاسی و گەشەی ئابووری و دۆخێکی ئەمنی ئارام دەستەبەر بکات؟ هەروەها حاڵی حازر ناوچەکە دەستەویەخە بووە لەگەڵ پەرەسەندنی نوێ و بێ پێشینەدا، هەروەك ڤۆلکەر پێنسەر دەڵێت، هەموو ئەمانە بۆ یەکەمجار ڕوودەدەن، ئێستا عێراق و سووریا بوونەتە شانۆ و چەقی ململانێی ئایدیۆلۆژی و جیوپۆلەتیکییەکان و ململانێکانی پەیوەست بە ناسنامە، بۆیە دوو دەوڵەتی هاوچەرخن کە شکست بووەتە چارەنووسیان، ئەویش لە بەشێکیدا دەگەڕێتەوە بۆ دەستتێوەردانی دەرەکی و لە بەشێکیدا بۆ شکستی نوخبە مەحەلییەکە بۆ بنیادنانی سیستمێك کە هەموان لە خۆبگرێت. بۆ یەکەمجارە سووریا و عێراق چیتر ڕۆڵێکی جیوپۆلەتیکی و چالاك ناگێڕن، بەڵکو خۆیان بوونەتە گۆڕەپان و شانۆی کار و چالاکییە جیوپۆلەتیکییەکان. هەروەها بۆ یەکەمجارە- کە ڕەنگە ئەمەیان گرنگتر بێت- شەڕی ناوخۆیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چیتر لە سنووری دەوڵەتەکاندا قەتیس نابێت. کەواتە ڕۆژ بە ڕۆژ هاوکێشەکان ئاڵۆزتر دەبن، نە دەتوانرێت بەر بە ڕوودانی قەیران و تەنگژەکان بگیرێت و نە دەشتوانرێت کاتێك ڕوودەدەن، ئیدارە و جڵەو بکرێن، بەڵکو لەگەڵ ڕوودانیان بەرەو هەڵکشانی زیاتر دەچن و پتر تەشەنە دەکەن و ڕەهەندی نوێیان بۆ درووست دەبێت و هێز و کاراکتەری زیاتری دەستتێوەردان درووست دەکەن.

ئەوەی چاوەڕوان دەکرێت ئەوەیە کە لە ماوەدای نزیکدا پشێوی و ئاڵۆزی و گێژاو و گەردەلوولی سیاسی و ئەمنی زیاتر باڵدەکێشن بەسەر ناوچەکەدا، لەبەر ئەوە هەروەك نووسەر و توێژەر ئەنیس سالم لە توێژینەوەیەکیدا بە ناونیشانی ”Changing Regional Order“ دەڵێت: حاڵی حازر گۆڕانکاری دراماتیکی لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست ڕوودەدەن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی پێشبینیکردنی ئایندەی دوورمەودای ناوچەکە کارێکی زەحمەت بێت. هەروەها لە کاتێکدا ناکۆکیی نوێ سەریان هەڵداوە، ئەوا ناکۆکییە کۆنەکانیش درێژەیان هەیە و لە ئارادا ماون. هەر بۆیە کاتێك لە واقیعی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانین ئەوا ئەو ڕاستییە بەدی دەکەین کە تەناتەت نەتوانرا ئیدارەی کێشە و ناکۆکییەکان بکرێت، هەروەها نەتوانراوە ئیحتیوای مەترسی و هەڕەشەکانیش بکرێت.

خاڵێکی دیکە کە شایستەی هەڵوەستەکردن بێت ئەوەیە تەناتەت ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی ئەم ناوچەیەش

**حاڵی حازر گۆڕانکاری دراماتیکی لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست ڕوودەدەن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی پێشبینیکردنی ئایندەی دوورمەودای ناوچەکە کارێکی زەحمەت بێت**

**هەیە بۆ شەڕێکی کراوە لە نێوان هەردوو وڵاتەکەدا سەربکێشێت.**
**حاڵی حازر وەکیلەکانی ئێران و سعودیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەگەڵ یەکتریدا لەشەڕدان. سەرۆکی سووریا، بەشار ئەل ئەسەد، کە هاوپەیمانێکی نزیکی ئێرانە، چەک و دارایی لە لایەن ئێرانەوە پێی گەیشتووە، هەروەها کەسانی سەر بە دەزگای هەواڵگری وڵاتەکەی و کەسانی قاڵبووی شەڕی وەک میلیشیای حزبوڵای لە لوبنانەوە بۆ هاوکاریکردنی ئەسەد رەوانە کردووە. لە هەمان کاتدا، سعودیە چەک و دارایی و کەل و پەلی رەوانە کردووە بۆ ئەو هاوپەیمانێتیە ناتۆکمەیەی کە شەڕی رووخاندنی ئەسەد دەکەن. هاوکاری دەرەکی دەبێتە هۆی ئەوەی شەڕە ناوخۆییە خوێناوییەکەی وڵاتەکە درێژە بکێشێت، کە بە سەدان هەزار کەس تێیدا کوژراون، ملیۆنەها کەسیش بێ ماڵ و حاڵ بوون و شارێکی کۆنی وەک حەلەب بە رادەیەکی گەورە خاپوور بووە و هیچ لایەکیش لە سەرکەوتنی کۆتایی نزیک نەبۆتەوە.**

**■ سەرچاوە: لە یەمەندا: بۆی هەیە شەڕی ساردی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببێتە شەڕێکی گەرم**
**■ نووسینی: یوچی درێزەن**
**■ رۆژنامەی واشنتۆن پۆست**

بە ئاکام و ئەنجامی خۆیان ناگەن، بۆ نموونە راپەرینەکانی بەهاری عەرەبی ئەگەرچی هەڵگری خەون و مژدەی گەورە بوون، بەڵام بە نائومێدی و تێکشکان کۆتاییان هات، ئەم نائومێدی و ئاژاوە و پشێوییەش لەم وڵاتانەدا گەورەترین شەپۆلی کۆچی لە مێژووی جیهاندا درووست کردووە.

کەواتە ئەگەر نەتوانرێت سیستمێکی نوێ لە ناوچەکەدا بنیاد بنرێ و ئەگەر چارەسەری کارا و ریشەییانەی کێشەکان نەدۆزرێتەوە، ئەوا چ چارەنووسێك چاوەڕێی ناوچەکە دەکات؟ سەبارەت بەم لایەنە سەنتەری کۆڕبەر بۆ کاروبارە نێودەوڵەتییەکان لە توێژینەوەیەکیدا بە ناوی: «دەوڵەتی ئیسلامی و ئایندەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست» لە بارەی سیناریۆکانی ئایندە ئاماژە بەوە دەکات کە: «بە رەچاوکردنی لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی سیستمی ناوچەکە، ئەوا نە دەوڵەتانی ناوچەکە و نە کاراکتەرە نێودەوڵەتییەکان ناتوانن سیستمێکی ناوچەیی نوێ دابمەزرێنن، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ ئەوەی ناکۆکیەکان بچنە دۆخی سڕبوونەوە، ئەمەش ئەگەری هەڵکشانی زیاتری بارودۆخەکە لەخۆ دەگرێت. لەوەش زیاتر، دەبێتە هۆی داکشانی زیاتری دەستڕۆیشتوویی رۆژئاوا، لە ئەنجامدا رۆژئاوا کار بۆ بەهێزکردنی شەریکە ناوچەییەکانی خۆی دەکات».

**■ پێگە و نەخشی کورد لە ناوچەکەدا**
**مۆدێلێکی سەرکەوتوو لە ناوچەیەکی شکستخواردوودا**

لە توێژینەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ژێر سێبەری دەوڵەتی ئیسلامیدا ئاماژە بەوە کراوە کە پێدەچێ ئەو نیمچە دەوڵەتانەی کە کورد خاوەندارین لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی هەرێمی کوردستان لە عێراق، بەرجەستەبوونی خەونی نوخبە رۆژئاواییەکان بن، هەر لە لیبراڵەکانەوە بۆ موحافیزکارە نوێیەکانی ئەمەریکا — کە ماوەیەك پێش ئێستا لە ئارادا بوون-، ئەمەش حاڵەتێکی جیاوازە بە بەراورد بەو کێشە سەرەکییانەی لە ناوچەکەدا هەن. چونکە لەم هەرێمەدا قەوارەیەکی سیاسیی کارا بوونی هەیە، کە توانای ئەوەی هەبێت بونیادێکی کارای شێوە دەوڵەت دابمەزرێنێت، هەموو ئەمانە لە سەروەختێکدا کە پشێوی باڵی کێشاوە بەسەر ناوچەکەدا و سیستمی ناوچەیی لە لێکترازان و لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەدایە. لەبەر ئەوە رەنگە لە نێو ئەم هەلومەرجە سەخت و دژوارەدا کوردان رێگەچارەیەکی دیکە شك نەبن، جگە لە خستنەگەڕی هەوڵەکانیان بۆ مومارەسەی مافی بڕیاردانی چارەنووس، چونکە رەوا نییە چیتر باجی هەڵە و شکست و دارووخانی حوکمڕانی لە عێراقدا بدەن. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە کورد دەتوانێت بە پشتبەستن بە پاساوی بەهێز پێداگیری

**کێشەی جیهانی ئێستادا لەوەدا چڕدەبێتەوە کە نە دەتوانرێت پێشبینی پەرەسەندنەکان بکرێت، نە دەشتوانرێت بەر بە روودانیان بگیرێت، لە بەشێکیدا بێتواناییش لە بەرپێگرتن بە پەرەسەندنەکان لە بێتوانایی لە پێشبینیکردنی رووداوەکانەوە سەرچاوەی گرتووە**

# دوای ئازادکردنی شنگال
# ئومێدی ئەوە پەیدا بوو ستراتیژیەتی ئۆباما بەرهەمی هەبێت

بەپێی لێکدانەوەی بەرپرس و شرۆڤەکارانی ئەمەریکا، بۆی هەیە گرتنەوەی شنگال و لەتکردنی ڕێگەی خێرای ستراتیژی ٤٧ کە لە ژێردەستی دەوڵەتی ئیسلامیدا بوو، گوڕ و تین ببەخشێت بە ستراتیژیەتەکەی ئۆباما بۆ تێکشکاندنی گرووپێکی تیرۆریستی.
ئەو هێرشەی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ چاوڕوان دەکرا ئەنجام بدرێت، یەکێکە لە ئاماژەکان. ئەو بەرپرسانە دەڵێن: وا ستراتیژیەکەی ئۆباما لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریا- کە ڕووبەڕووی ڕەخنەکەیەکی زۆر بۆوە و ستراتیژیەتێکی خاو بوو- دەرئەنجامی دەبێت.
ئەگەر هێزە کوردییەکان بتوانن پارێزگاری لە ڕێگەی خێرای ٤٧ بکەن، ئەوا ڕێگەی سەرەکیی کۆمەکی هێزەکانی دەوڵەتی ئیسلامی دەبڕن، ئەو هێڵەی دەکەوێتە نێوان باشوور و ناوەڕاستی عێراق و بنکەی سەرەکییان لە رەققە کە دەکەوێتە باکووری سووریاوە. ئەو بەرپرس و شرۆڤەکارانە دەڵێن: ئەمەش وا دەکات گرووپەکە بە زەحمەت بتوانێت جووڵە بکەن بە هێزی پشتیوان و کۆمەک لە هەردوو بەرەی سنوورەوە.
جێفری وایت، کە شرۆڤەکاری دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا بووە و ئێستاش توێژەرە لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیک، دەڵێت: داعشییەکان لە چەند بەرەیەکدا دووچاری فشاری زۆر بوونەتەوە، ئێستاش ئەوان دەبێت لەبارەی چۆنیەتی بڵاوەپێکردنی هێزەکانیان بڕیاری قورس بدەن.
جێفری وایت و دوو بەرپرسی دیکەی لەسەر پیادەکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس بدات، لە نێویشیاندا هەنگاو هەڵگرتن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ و گەیشتن بە ترۆپکی ئامانجەکانی خۆی.
چونکە لە ئێستادا سەرجەم چاودێران و توێژەران کۆکن لەسەر ئەوەی عێراق بە جۆرێك تێکشکاوە کە چیتر نازناوی دەوڵەتێکی یەکگرتوو پڕ بە پێستی ئەم وڵاتە نییە و بگرە پایەکانی دەوڵەت بە جارێك لەم وڵاتەدا داڕووخان و حوکمڕانییەکەشی دووچاری شکستێکی گەورە بۆتەوە و لە هەندێ لە بەشەکانی وڵاتەکە لە ڕووی ئەمری واقیعەوە دەسەڵاتی دەوڵەت کۆتایی هاتووە و لە چەند بەشێکیشیدا دەوڵەتی ئەمری واقیع درووست بووە. لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بە دوایین ڕاپۆرت بکەین لەم بارەیەوە کە بە ناونیشانی: «بنیادنانی دەوڵەت لە کوردستانی عێراقدا» کە پرۆژەیەکە لە لایەن ئامۆژگای دیراساتی مافەکانی مرۆڤی سەر بە زانکۆی کۆلۆمبیا ئامادە کراوە و دەیڤید فیلیپس، کە بەڕێوبەری پرۆگرامی بنیادنانی ئاشتی و مافەکانە لەم ئامۆژگایە، خۆی بەڕێوەبەری ئەم پرۆژەیەیە. لەم ڕاپۆرتەدا باس لەوە دەکەن هەوڵەکانی کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی تایبەت بە خۆی خەونێکی ڕەوایە و شایستەی ئەوەیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتیوانی لێبکات، بۆ بنیادنانی ئەم دەوڵەتەش پرۆسەیەکی ئارام و سەقامگیر هەبێت، لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: «قەیرانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست-وەك داعش و شەڕی ناوخۆیی سووریا و شەپۆلی پەنابەران- بوونەتە جێی سەرنجی سیاسەتداڕێژەران، یەکێك لەو ناوچانەی شایستەی شیکردنەوەی زیاترە پەرەسەندنی پرۆسەی سەربەخۆبوونی کوردستانی عێراقە، هەرەسهێنانی سوپای عێراق و بە ئاسانی کۆنترۆڵکردنی ناوچە سوننەکانی عێراق لە لایەن داعشەوە ڕاچڵەکاندن و بە هۆش هێنانەوەی چاودێران و سیاسەتداڕێژەرانە. عێراقێکی یەکگرتوو چیتر واقیعێك نییەو لەئارادا بێت. کەواتە پێویستە سیاسەتەکان بگونجێندرێن بۆ ئەوەی ڕەنگدانەوەی واقیعی سەر زەوی بن. لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستبەرداری بیرۆکەی عێراقێکی یەکگرتوو نابێت.
ئەم تێڕوانینە پتر لە نێو ئەمەریکادا باڵادەستە، کە بە چەندەها ترلیۆن دۆلاری خەرجکردووە و پتر لە دەیەیەك

**لە ئێستادا پێناچێت دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە نە ئیرادە و نە توانای ئەوەیان هەبێت گرژی و ئاڵۆزییەکان یەکلا بکەنەوە. کەواتە هەموو ئەوانە پێویست بە هەڵوەستەکردن دەکات بۆ تێڕامان لەو هاوکێشە و پەرەسەندنە نوێیانەی هاتوونەتەئاراوە**

**ئەمەریکا سەرنجی ئەوەیان داوە کە لە کاتێکدا گرتنەوەی شنگال سەرکەوتنێکی گرنگە، بەڵام هێشتا رێگەیەکی دورودرێژمان لە پێشە بۆ تێکشکاندنی دەوڵەتی ئیسلامی، کە ئەوەی خستۆتەڕوو توانای خۆگونجاندنی لەگەڵ شکستەکاندا هەیە- و لە ماوەی ١٤ مانگی هێرشەکانی هاوپەیمانێتیەکە- بە سەرۆکایەتی ئەمەریکا هەر کاتێک هێرشی کرابێتەسەر لە شوێنێکی دیکە سەریهەڵداوەتەوە.**

**بەرپرسێکی ئەمەریکی، دەڵێت: لێرەدا شەڕی ئیستنزاف بەڕێوەدەچێت. بەڵام هێشتا دەوڵەتی ئیسلامی توانای زۆری هەیە و پێداگیرییەکی سەرسوڕهێنەری هەیە بۆ بەردەوام بوون تاوەکو مردن. بەرپرسەکان دەڵێن هەر هەوڵێک بۆ گرتنەوەی مووسڵ، -دووەم گەورەترین شاری عێراق - لە دەستی دەوڵەتی ئیسلامی، چەند مانگێکی پێدەچێت بۆ ئەوەی ئەنجام بدرێت، بەڵام لە بنەڕەتدا ئامانجی ستراتیژیەتەکەی ئۆباما کە لەساڵی پاردا ئاشکرای کرد- دوای ئەوەی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی توانییان نەوایەک بۆ خۆیان لە سووریا دروست بکەن و دوای ئەوەی بەشێکی زۆری عێراقیان داگیرکرد- ئەوەیە سەرەتا ئەم گرووپە گۆشەگیر بکرێت و دواتر تێکبشکێندرێت.**

**■ سەرچاوە: بۆی هەیە شەڕی شنگال گوڕ و تین بە ستراتیژیەتی ئۆباما دژی دەوڵەتی ئیسلامی بدات**

**■ نووسینی: جۆناسان لاندای و وارین سترۆبێڵ**

**■ لە سایتی ڕۆیتەرزدا بڵاو کراوەتەوە.**

---

لە راهێنانی دەستەبەرکردووە و ژمارەیەکی زۆری گیانی سەربازەکانیشی لەدەست داوە. ئەو بونیادەی دەوڵەت کە لە رێککەوتنی سایکس-پیکۆی ساڵی ١٩١٦دا وێناکرا ئێستا لە سەروەختی داڕووخاندایە. سەقامگیری ناوچەکە پێویستی بە بیرکردنەوەی نوێ هەیە.

کەواتە لێرەدا ئەوەی جێی سەرنجە درووستبوون و گەڵاڵەبوونی بۆچوون و تێڕوانینی نوێیە کە رایوایە دەستگرتن بە سیستمە کۆنەکەوە چیتر مایەی دەستەبەرکردنی ئارامی و سەقامگیری نییە بۆ ناوچەکە، بەپێچەوانەوە لە ئێستادا سەقامگیری ناوچەکە بەندە بە پێداچوونەوە بە سیاسەتە پیادەکراوەکان و لەبەرچاوگرتنی ئەو واقیعە نوێیەی هاتۆتەئاراوە، واتە لەبری ئەوەی پێداگیری لەسەر گەڕاندنەوەی بارودۆخەکە بۆ باری رابردوو بکرێت، ئێستا درك بە مەحاڵی ئەم ئەرکە و بە بێهودەیی ئەم هەوڵە دەکرێت، بۆیە بەو دەرئەنجامە گەیشتوون کە واقیعە نوێیەکە پێویستی بە بیرکردنەوە و سیاسەتی نوێ هەیە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە لەو توێژینەوەدا باس لەوە دەکرێت کە «هەر لە ساڵی ١٩٩١ـەوە کوردی عێراق دەوڵەتی ئەمری واقیعیان بنیادناوە. لە ماوەی دوانزە ساڵی دوای داگیرکارییەکەی ئەمەریکاوە، کوردی عێراق هەوڵیان داوە کار لەگەڵ حکومەتە مەرکەزییەکەی بەغدا بکەن. لەگەڵ هەرەسهێنانی عێراقیشدا، چیتر ئەوان ئەو کارە ناکەن. ئێمە نازانین چۆن و کەی ئەوان هەوڵی ئەوە دەدەن سەربەخۆبوونێکی رەسمی بەدەست بهێنن، بەڵام لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نییە بەربەست درووست بکات لە بەردەم خەونی رەوای کورد بۆ مومارەسەکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس. لە بری ئەوە پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کار لەگەڵ هەرێمی کوردستان و بەغدا و دەوڵەتە پێوەندیدارەکان بکات، بۆ ئەوەی پرۆسەکە بە پرس و راوێژ و بە شێوازێکی دیموکراتی و بەرپرسیارانە و سەقامگیرانە بەڕێوە بچێت.»

کەواتە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان لەگەڵ ئەوەی مافێکی رەوا و خەونێکی شەرعییە، هۆکارێکیشە بۆ سەقامگیری و ئارامی و دەبێتە مایەی چارەسەرکردنی بەشێك لە کێشەکانی ناوچەکە.

**دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان لەگەڵ ئەوەی مافێکی رەوا و خەونێکی شەرعییە، هۆکارێکیشە بۆ سەقامگیری و ئارامی و دەبێتە مایەی چارەسەرکردنی بەشێک لە کێشەکانی ناوچەکە**




نەدیم شاهدی توێژەری باڵا لە چاتام هاوس بۆ گوڵان:

# ژێرخانی داعش پاشماوەی ڕژێمی سەدام حوسێنەو سیاسەتی تایفەگەری مالیکی دروستی کردەوە

**نەدیم شـاهدی، توێژەرە لە پرۆگرامی رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت و باکووری ئەفریقیا لە ئامۆژگای چەتەم هاووس، پێشتر بەڕێوبەری سەنتەری دیراساتی لوبنانی بووە لە کۆلێژی ئۆکسفۆرد. هەروەها راوێژکاری چەندین حکومەت و رێکخـراوی نێودەوڵەتـی بـووە. خاوەنـی چەندیـن بڵاوکراوەیـە و بـەردەوام قسـە و لێدوانی لەبـارەی کاروبارەکانی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتەوە هەیـە. بـۆ بەدواداچوون و لێکدانـەوەی دواییـن گۆڕانکاری و پێشـهاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرسی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و چۆنیەتی تێکشکاندنی داعش، گوڵان چەند پرسیارێکی ئاڕاستەکرد و ئەویش بەم شێوەیە خوێندنەوەی خۆی بۆ بارودۆخەکە خستەڕوو.**

*** وەك دەزانن حاڵی حازر رەوشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو ئاژاوە و ئاڵۆزی زیاتر دەچێت، بارودۆخی ناوخۆیی ئەم وڵاتانە پشـێوی باڵی کێشـاوە بەسـەریدا و وڵاتانی دەرەکیش بەردەوام دەسـتێوەردان دەکەن. پرسیارەکە ئەوەیە تـا چەند تێوەگلانی رووسـیا لـە بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کێشەکانی ئاڵۆزتر کردووە؟**

- پێموایـە هێشـتا لـە سـەرەتای کێشـەکاندایـن لەگـەڵ رووسـیادا لە ناوچەکەدا لەبەر ئەوەی رووسـیا بەگشـتی هاتـووە بـۆ رووبەڕوبونـەوەی سیاسـەتەکانی رۆژئـاوا و ئەجێنـدای ئەمەریکـی، ئەمـەش هێشـتا بەڕاسـتی دەرنەکەوتووە، بۆیە ئێستا ناکۆکییە راستەقینەکە لە نێوان رووسیا و ولایەتە یەکگرتووەکاندایە لە ناوچەکەدا، بەڵام هێشـتا رووبەڕووبوونەوەیەکـی وا نەزانـراوە و بەدڵنیایەوە دەردەکەوێت و دەزانرێت. ئەمەریکا و رووسـیا دەیانەوێت خۆیان لە لایەنی سـەربازی و دیپلۆماسـی بەدوور بگرن و هەردووکیـان وا خۆیـان پیشـان دەدەن کە شـەڕ لەگەڵ داعـش دەکەن، ئەمەش راسـت نییـە، هەردووکیان خۆیان وادەردەخـەن کـە کار دەکـەن بـۆ چارەسـەرێکی سیاسـی لـە سـووریا، ئەمـەش هـەر راسـت نییـە، لەبـەر ئـەوەی رووسـیا و ئێران کار لەسـەر چارەسـەرێکی سـەربازی لە سـووریا دەکـەن، بۆیە نکۆڵیکردنێکـی زۆر هەیە لەلایەن رۆژئـاواوە لەترسـی ئیعترافکـردن بەمـە، بـەڵام ئەمـە رووبەڕووبوونەوەیەکـە کە جەنگی سـاردمان بیردەخاتەوە، بـەڵام زوو، یـان درەنـگ مـن پێموایـە ئەمـە شـتێکی حەتمییە و ئیعترافی پێدەکرێت، رووداوەکەی فڕۆکەکەش لە تورکیا هەنگاوێکە بەو ئاراستەیە.

*** بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بەتایبەتی پاش پەلامارەکانی پاریـس بایەخـی زۆرتـری پێدراوە و سیاسـەتی سـەرۆك ئۆبامـا تێکشـکان و لەناوبردنـی تیرۆرە، بەڵام کێشـەکە ئەوەیـە لـە پاکسـتانەوە تـا نایجریـا وڵاتانـی ناوچەکـە دەوڵەتی شکسـتخواردون و بۆشـاییەکی ئەمنی هەیە و پاش تێکشـکانی داعشـیش، رەنگە میلیشیا و گرووپی تیرۆریسـتی دیکە ئەو بۆشـاییە پڕبکەنـەوە، کەواتە بێ پاڵپشـتیکردنی ئەو وڵاتانە بۆ دابینکردنی ئاسـایش بۆ ئەو ناوچانە چۆن تیرۆر لەناودەبرێت؟**

- مـن راڤەیەکـی تـا رادەیـەك جیـاوازم هەیە بـۆ ئەمە، ئـەوە دەوڵەتانـی شکسـتخواردوو نیـن کـە تیرۆریزمیـان بەرهەم هێناوە، بەڵکو ئەو کاتانەی کە سـەرکەوتوو بوون تیرۆریان بەرهەم دەهێنا، بۆیە عێراقی ژێردەستی سەدام تیرۆریزمـی بەرهـەم دەهێنـا، سـووریای ژێر دەسـەڵاتی ئەسـەد تیرۆریـزم بەرهـەم دەهێنێت و پاڵپشـتی دارایـی دەکات، داعـش دێوێکـە سـەدام حوسـێن دروسـتی کـرد و هێشـتویەتەوە، بۆیـە چارەسـەرکردنی داعـش چارەسـەرکردنی پاشـماوەکانی سـەدام حوسـێنە و دوا گۆڕانکارییـە لـە عێراقـدا، بۆیـە پێویسـتمان بـەوە نییە دەوڵەتـەکان بگەڕێنینـەوە بـۆ شـوێنی خۆیان، پێویسـت نییـە ئەسـەد بگەڕێنینـەوە، بەڵکـو پێویسـتە لەنـاوی بەریـن، لەبـەر ئـەوەی خۆی کێشـەکەیە و چارەسـەرەکە نییـە. هـەر لێرەشـەوەیە کـە سیاسـەتی ئەمەریکـی بـە تـەواوی خـراپ ئاراسـتە کـراوە لەناوچەکـەدا، لەبـەر ئەوەی بایەخ بە نیشـانەکانی نەخۆشـییەکە دەدات، نەك مەسـەلە راسـتەقینەکە و بە شـەڕکردن لەگەڵ داعش و فەرامۆشـکردنی هەڕەشـەکانی دیکـە لەناوچەکەدا وەك پاسەوانانی ئێرانی کە کاران لە سووریا و عێراق و لوبنان و بەحرەیـن و یەمەنـدا، ئـەوا هەڵەیەکی گـەورە دەکەن و شەڕ لەگەڵ توندڕەوان هەموویان ناکەن.

*** ئەگەر سـەبارەت بە هەڵوێسـتی قەتەر و تورکیا قسە بکەین، هەست دەکەین هەڵوێستیان لێك نزیکە، ئایا چۆن ئەم لێکنزیکییە دەخوێنێتەوە؟**

- قەتـەر و تورکیـا و سـعودیە و دەوڵەتانـی کەنـداو لـە

**یاسای نێودەوڵەتی بەرپرسیارت ناکات لەوەی دژی ستەمکاری کارت نەکردووە، بەڵام لە رووی مێژووییەوە ئەگەر بوەستیت و سەیر بکەیت دیکتاتۆرەکان خەڵکی خۆیان بە کۆمەڵ دەکوژن، ئەوا مێژوو بەرپرسیارت دەکات**

**بە تەنیا داعش هەڕەشە نییە، دیکتاتۆرەکان هەڕەشەن و ئەم دیاردەیەیان دروست کردووە، دەبێت دیدێکی درێژخایەنمان هەبێت بەوەی ئەم ناوچەیە دەبێت لە داهاتوودا چۆن بێت**

هەموان زیاتر دژی داعشن، لەبەر ئەوەی داعش بە شێوەیەکی سەرەکی هەڕەشەیە بۆ ئەو دەوڵەتانەش، داعش ئامانجی ئەوەی نییە تاران داگیربکات، ئەوان دەیانەوێت ئیستەنبول و ریاز و مەککە داگیر بکەن، داعش لەدژی ئاراستە سەرەکییەکەی خۆیەتی، بۆیە توندڕەوان دەیانەوێت زاڵ بن بەسەر رەوتە باوەکەی کۆمەڵگەکەی خۆیان. بۆ ئەمەش دوولایەن هەن: پاسەوانانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران کە ئامانجی ئەوەیە زاڵ بێت بەسەر رەوتە باوەکەی نێو شیعە کە نەجەفە و هەڕەشەن بۆ ئەو رەوتە سەرەکییەی شیعە، هەروەها داعش هەیە کە دەیەوێت باڵادەست بێت بەسەر رەوتە باوەکانی نێو سوننەکان، کاتێك شەڕ لەگەڵ یەکتر دەکەن، هەردووکیان براوەن لە دژی رەوتە باوەکان. بۆیە شەڕی راستەقینە لە دژی داعش لەلایەن قەتەر و سعودیە و تورکیایە و زۆرباش دەزانن کە شەرکردن لەگەڵ داعش بە بۆمبارانکردنی نابێت لە ئاسمانەوە، بەڵکو بەوە دەبێت کە ئاراستە سەرەکییەکەیان لێ بسەندرێتەوە.

*** بەڵام بەو شێوەیەی حکومەتی عێراقی شەڕیان لەگەڵدا دەکات، بە دروستکردنی حەشدی شەعبی شیعەکان جیاوازیە تائیفییەکانی قووڵتر کردووەتەوە؟**

- بە بۆچوون و راقەی من، ئەو هۆکارەی وای کرد داعش بەرەو موسڵ و رومادی و شوێنەکانی دیکە بروات بەبێ بەرەنگاری و پرسی ئەوەی بۆچی خەڵك لە دژی شۆڕشیان نەکرد، لەبەر ئەوەیە پێیانوایە حەشدی شەعبی و پاسەوانانی شۆڕشی ئێران و میلیشیا شیعەکان و هەروەها پێشمەرگە هەڕەشەیەکی گەورەن، لەبەر ئەوەی مەسعود بارزانی رایگەیاند کە تەنیا لە کوردستان شەڕ دەکەن، بۆیە ئەگەر من شێخێکی خێڵەکی بم و ببینم پێشمەرگە دێت، ئەوا داعشم لا باشتر دەبێت، لەبەر ئەوەی نامەوێت ببم بە بەشێك لە کوردستان و میوان بم و وەك بێگانە بم لە خاکی خۆمدا، بۆیە دەبێت بزانن کە بۆ خەڵکی ئەو ناوچانە چارەسەرێکی درێژخایەن پێویستە، کە هەموو هەست بکەن لە ماڵی خۆیاندان، هەروەها هەڕەشەکان بۆ ئەم دیدە درێژخایەنە، کە سوننە و شیعە و کورد و ئێزیدی و هەموان لە ئاشتیدا لە عێراقدا بژین کە زۆر ئەگەری هەیە و دەبێتە شوێنێکی زۆر بووژاوە، توندڕەوەکان، ئەوانەی کە پرۆژەی هەژمونداریان هەیە، پێویستە بارودۆخێك درووست بێت کە تیایدا خەڵك هەست بکەن دەتوانن پێکەوە بژین، هەر ئەمەشە کە ونە، ئەمەش ونە لەبەر داعش، لەبەرئەوەی ئەگەر شیعە، یان کورد بیت، ناتوانیت لەگەڵ داعشدا بژیت، ئەگەر سوننە بیت ناتوانیت لەگەڵ حەشدی شەعبیدا بژیت، هەروەها ناشتوانیت لەگەڵ پێشمەرگەدا بژیت داگیرت بکات، بۆیە چارەسەری درێژخایەن ئەوەیە هەموان هەست بە ئارامی بکەن.

*** ئایا سەرۆك وەزیرانی پێشوی عێراق مالیکی یەکێك لەو هۆکارانە نەبوو کە داعش بەشە سوننەکانی عێراق داگیربکات؟**

- ئەگەر بمانەوێت بە دیاریکراوی ئەمە بڵێین، ئەوا بە تۆخکردنەوەی جیاوازییە تائیفییەکان لە عێراقدا ئەم دەرئەنجامە هاتەدی.

*** بەم دواییانە رزگارکردنی شنگال لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە سەلماندی کە پێشمەرگە دەتوانێت هێزی زەمینی بێت بۆ تێکشکانی تیرۆر، لەبەر ئەوەی ئەمە بە تەنیا شەڕی خەڵکی کوردستان نییە، بەڵکو شەڕی هەموو جیهانی ئازادە. تاچەند پاڵپشتی ئەو بیرۆکەیە دەکەیت کە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی پێویستە یارمەتی هێزەکانی پێشمەرگە بدەن بۆ تێکشکانی دوژمنی جیهان؟**

- بەڵێ دەزانم و زۆر بە بەرزی ئەوە دەنرخێنم کە پێشمەرگە دانیشتووانی کوردستان دەپارێزن و بە بێ ئەوان شتی زۆر خراپ رووی دەدا بەسەر کورددا، بەڵام پێشمەرگە ناتوانێت موسڵ رزگار بکات، ئەوەی پێویستە ئەوەیە بگەڕێنەوە بۆ سەحوە، ئەو رۆژانەی خەڵکی ئەو ناوچانە لە دژی بەعس و قاعیدە شۆڕشیان کرد، خێڵەکان و خەڵکی ناوچەکە ئەوانەن کە دەبێت شوێنەکە بگرن، نەك پێشمەرگە و حەشدی شەعبی لەبەرئەوەی ئەمە نابێت.

*** سەبارەت بە بڕیارە نوێیەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی رێگرتن و سەرکوتکردنی گرووپە توندڕەو و تیرۆریستییەکان کە بە شێوەیەکی بێ پێچ و پەنا هێرشە تیرۆریستیەکانی داعشی شەرمەزار کرد، پرسیارەکە ئەوەیە لێکەوتەکانی ئەو بڕیارە چین، بەتایبەتی کە دەڵێت هەڕەشەکان لە مێژوودا هاوشێوەی نەبووە؟**

- پێموایە پێویستە پێناسەی گرووپە توندڕەوەکان فراوان بکرێت، لەبەر ئەوەی پاسدارانی ئێرانیش گرووپێکی توندڕەون و هاوشێوەی داعش و زیاتریش مایەی هەڕەشەن، بۆیە پێموایە بڕیارەکە و سیاسەتە جێبەجێکاریەکانی پێویستە هەموو توندڕەوەکان بگرێتەوە لەناوچەکەدا، ئەمە توندڕەوییە لە دژی ئاراستە سەرەکییەکە، ئاراستە سەرەکییەکەی خەڵك—حەزم لە وشەی میانڕەو نییە، بۆیە ناویان دەنێم ئاراستە سەرەکیەکە—دەتوانن پێکەوە بژین و سەدان و هەزاران ساڵە پێکەوە دەژین لە ناوچەکەدا، کێشە لە نێوان خەڵکی سوننە و شیعەدا نییە، کێشەکە لە

**پێویستە ناوچەکە لە داعش و پاسەوانی شۆڕشی ئێرانی پاك بکرێنەوە کە خەڵك بۆ هەزاران ساڵە پێکەوە دەژین و دەیانەوێ تێکی بدەن**

**پێویستە پێناسەی گرووپە توندڕەوەکان فراوان بکرێت، لەبەر ئەوەی پاسدارنی ئێرانیش گرووپێکی توندڕەون و هاوشێوەی داعش و زیاتریش مایەی هەڕەشەن**

نێوان داعش و پاسەوانی شۆڕشی ئیسلامی ئێراندایە، هەروەها کورد و عەرەبیش هەر پێکەوە ژیاون و هەندێك خێڵ هاوپەیمانیەتییان هەیە و بەشێکن لەناوچەکە و لە مێژووی ناوچەکە و دەتوانن پێکەوە بژین، بەڵام توندڕەوان هەوڵدەدەن خاك زیاتر بگرن بە شەڕکردن لەگەڵ یەکتر، بۆیە دووبارە پێموایە چارەسەر شەڕکردنە لەگەڵ توندڕەوان. من دڵنیا نیم لەوەی داعش چییە، بۆیە هەڕەشە هەیە لە ئاشتی و ئارامی نێودەوڵەتی، بەڵام نازانم چییە، من دڵنیا نیم ئەوەی لە پاریس روویدا و لە ناوچەکانی دیکە روو دەدەن، وەك ئوستڕالیا و ئەمەریکا کە بەشێکن لە هەمان دیاردە و هەمووان بە داعشییەوە گرێ دەدەن و مەکینەیەکی پڕوپاگەندەی زۆر بەهێز هەیە کە بەشێکە لە دیاردەی تیرۆر و هەوڵدەدەن زۆر مەترسیداری بکەن، بۆیە دەبێت لە رووی فیکریشەوە بەرپەرچ بدرێتەوە نەك هەر سەربازی، بە تەنیا داعش هەڕەشە نییە، دیکتاتۆرەکان هەڕەشەن و ئەم دیاردەیەیان درووست کردووە، دەبێت دیدێکی درێژخایەنمان هەبێت بەوەی ئەم ناوچەیە دەبێت لە داهاتوودا چۆن بێت. دەمانەوێت و پێویستە ناوچەکە لە داعش و پاسەوانی شۆڕشی ئێرانی پاك بکرێنەوە کە خەڵك بۆ هەزاران ساڵە پێکەوە دەژین و دەیانەوێ تێکی بدەن.

*** ناسەقامگیری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست قەیرانی پەنابەرانی درووست کردووە و بەم دواییانە بووەتە هەڕەشە و بارێك بە سەر رۆژئاواوە، هەندێك رۆژئاوا بە بەرپرسیار دەزانن، لەبەر ئەوەی لە سەرەتای کێشەکاندا بە شێوەیەکی خێرا کە پێویست بوو کاریان نەکرد، ئەم مەسەلەیەش رۆژ بە رۆژ ئاڵۆزتر دەبێت، بەتایبەتی دوای دەستێوەردانەکانی رووسیا، ئەم مەسەلەیە چۆن دەبینی؟**

- پێموایە ئەمە بەرپرسیارێتی هەموو لایەکە، رۆژئاواش بە دڵنیایەوە بەرپرسیارە لە رووی مێژووییەوە، بەوەی یارمەتی خەڵکی سووریایان نەدا لە ساڵی ٢٠١٢ دا و نەیانپاراستن لەوەی بەشار ئەسەد چی لێدەکردن، کە پەلی کێشا بۆ ئەم بارودۆخە. من ئەمە بە ١٩٩١ بەراورد دەکەم، کاتێك رۆژئاوا بە هەمان شێوە هیچی بۆ کورد و شیعە و سوننەکان نەکرد، کاتێك لە دژی سەدام شۆڕشیان کرد و رێگە درا بە سەدام شۆڕشەکە دابمرکێنێتەوە و سوپای ئەمریکی لە ناوچەکەدا تەنیا سەیری دەکرد. بۆیە پێموایە لە رووی یاساییەوە لەوانەیە هیچ بەرپرسیارێتییەك نەبێت، لەبەر ئەوەی یاسای نێودەوڵەتی بەرپرسیارت ناکات لەوەی دژی ستەمکاری کارت نەکردووە، بەڵام لە رووی مێژووییەوە ئەگەر بوەستیت و سەیر بکەیت دیکتاتۆرەکان خەڵکی خۆیان بە کۆمەڵ دەکوژن، ئەوا مێژوو بەرپرسیارت دەکات.

*** دەبینین کە نەخشەی سیاسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەن هێزە دەرەکییەکانەوە بە شێوەیەکی دەستکرد لە رێککەوتننامەی سایکس پیکۆ-دا کێشراوە، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی داعش و دامەزراندنی دەوڵەتەکەی، سنوورەکان گۆڕاون. ئێستا ئێمە لە کوردستانی عێراق هیچ پێوەندیەکی زەمینیمان لەگەڵ عێراقدا نەماوە، داعش لەگەڵ سووریادا ئەو بەشەی عێراق کە داگیری کردووە بەستووەتەوە، بۆیە تا چەند پێشبینی گۆڕانی سنوورەکان دەکەیت بە هۆی ئەو بارەی ناوچەکە و ئایا پێشبینی دەکەیت دەوڵەتی نوێ دروست بێت؟**

- دەزانم بە تەواوی مەبەستت چییە. مەبەستت دەوڵەتی کوردستانە. پێموا نییە ئەم شیکارییە وا بێت، شتێك نییە بە ناوی دەوڵەتی سروشتی، هەموو دەوڵەتان دەستکردن و هەموو سنوورەکان دەستکردن. کاتێك پاش جەنگی جیهانی یەکەم سنوورەکان کێشرانەوە، لەهەمان کاتدا سنوورەکانی ئەورووپا و هەموو جیهانیش کێشرانەوە، بە هۆی رووخانی ئیمپراتۆری عوسمانی و هەنگاری، کارێکی خراپیان کرد لە ئەورووپاشدا، چونکە جەنگی جیهانی دووەم هەڵگیرسا و بەلکان تێکچوو، هەروەها سۆڤیەت نیوەی ئەورووپای داگیرکرد و چواردە ملیۆن ئەڵمانی بوونە پەنابەر و شەش ملیۆن جوولەکە کوژران، مێژووی ئەورووپا لە سەدەی بیستەمدا زۆر باش نەبوو، ئەمەش بەشێکە لە دەرئەنجامەکانی رێککەوتنەکانی پاش جەنگی جیهانی یەکەم، بۆیە بە شێوەیەك ئەورووپی و هێزە کۆلۆنیالییەکان کارێکی باشتریان کرد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەوەی کە لە ئەورووپادا کردیان، پێموایە ئەگەر رێگەیان پێدابایین خۆمان سنوورەکان بکێشین، ئەوا کارێکی زۆر خراپترمان دەکرد. چونکە دەوڵەتان دەستکردن و هەمیشە سنوورەکان بە شەڕەکان دەکێشرێن، بۆیە ئەگەر یەکێك سنوورەکانت بۆ بکێشێت، ئەوا تۆزێك لە جەنگ دەتپارێزێت.


*** هیچ شتێکی ترت هەیە لە کۆتاییدا زیاتر ئاماژەی پێبدەیت؟**

- دەمەوێت سەبارەت بە پرسیاری کۆتا لە بارەی کوردستانەوە بڵێم کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئابووری خۆی هەیە و سەربەخۆیە لە زۆر رووەوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێت، پێموایە لە داهاتوودا جۆرێك لە رێکخستن دەبێت کە هەرێمەکانی عێراق و دوڵەتانی دیکەی ناوچەکە سەربەخۆییان زیاتر دەبێت و کۆنترۆڵی حکوومی کەمتر دەبێت و زیاتر وەك سەردەمی عوسمانییەکان، بەڵام پێموا نییە بەرەو پارچەپارچەبوونی تەواوی ناوچەکە بچین.

**پێشمەرگە ناتوانێت مووسڵ رزگار بکات، ئەوەی پێویستە ئەوەیە بگەڕێنەوە بۆ سەحوە، ئەو رۆژانەی خەڵکی ئەو ناوچانە لە دژی بەعس و قاعیدە شۆڕشیان کرد، خێڵەکان و خەڵکی ناوچەکە ئەوانەن کە دەبێت شوێنەکە بگرن، نەک پێشمەرگە و حەشدی شەعبی لەبەرئەوەی ئەمە نابێت**

**داعش ئامانجی ئەوەی نییە تاران داگیربکات، ئەوان دەیانەوێت ئیستەنبول و ریاز و مەککە داگیر بکەن، داعش لەدژی ئاراستە سەرەکییەکەی خۆیەتی**

# ستراتیژگەلی دەوڵەتانی رۆژئاوا لەهەمبەر بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*
بۆ گوڵانی نووسیوە

سەرەتا پێویستە کە باس لە مانای ستراتیژ بکەین بەو ناوەی دیدگایەکی گشتی و سەرتاپاگیرە و رووبەڕووی ئایینـدە دەبێتەوە و ئامانجی دووری خۆی و چۆنێتی وەدیهێنانی تێدا دەست نیشان دەکات، بەمەش ستراتیژ سیستەمێکی تەواوەو بەشێوەیەکی گشتگیر و قووڵ لە چوارچێوەی خوێندنەوەی بونیادگەرییدا جێبەجێ دەکرێ، لە ستراتیژدا بوارەکانی جوداکردنەوەو پاڵپشتی و پشتگیریی لەبەرامبەر رەتکردنەوەو پەڵپگرتن و ورووژاندنی لەمپەر دەست نیشان دەکرێن و دواتر خاڵە بەهێزو لاوازەکان لە بزاوتی جێبەجێکردن لە چوارچێوەی زەمینەیەکی دیاریکراودا دیراسە دەکرێن.

هەموو هەڵوێستێکی ستراتیژی کۆششی خۆی هەیە لە رەچاوکردنی پێشهاتەکاندا بۆ تازەکردنەوەی ئەو ئەگەرانەی هاتوونەتە ئاراوە بەپێی رووداوە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا، هەروەها لە پێوەندیی بە وەدیهێنانی ئامانجی کۆتاییدا، لە بیرکردنەوەی ستراتیژیدا وێنەی ئەو پلانانە دەکێشرێن کە پێویستی پێیانە بۆ ئەوەی گشت هێزە بەئامانجکراوەکان بخرێنە ژێر جووڵەوە بە ئاراستەی ئامانجێکی دیاریکراودا، جا ئەمە لە هۆش و مەبەستەوە هاتبێت یان لەژێر فشارو دروستکردنی هەلومەرج، کە ئەوەی بەرامبەر ناچار بکات بێتە سەر رێچکەیەکی دیاریکراو.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە مێژوو و شێوازی پێوەندیی نێوان رۆژئاواو رۆژهەڵات بکەین لە سەردەمی تازەدا بە هەموو قۆناغەکانییەوە بە تایبەتیش لەژێر رۆشنایی ئەو جەنگە جیهانییانەی روویانداو ئەو دەرئەنجامانەی لێیان کەوتەوە. بۆیە چاکتر وایە باسی رێککەوتننامەی سایکس پیکۆ و دیاریکردنی جوگرافیای سیاسیی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین دواتر کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی و ئەو گۆڕانکارییانەی لێی کەوتنەوە، هەروەها گواستنەوە لە رۆڵی کۆمەڵەی گەلان بۆ رۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش، واتە رۆڵی دەوڵەتە گەورەکان و دابەشبوونی جیهان بەسەر هەردوو بلۆکی سۆسیالیزم و کاپیتاڵیزم و کاریگەریی ئەو دابەشبوونە بۆ سەرهەڵدانی بیرۆکەی دەوڵەتی نیشتمانی و شێوازەکانی هەوڵدان بۆ ئازادی و خستنەگەڕی هەموو کۆششەکان بەرەو سەربەخۆیی و پەرەپێدان.

گواستنەوە بۆ پێوەندییە دیبلۆماسییەکان لەو رێککەوتننامانە دەکۆڵێتەوە کە ئامانجە ستراتیژییە دوورەکانی دەوڵەتە گەورەکانی رۆژئاوا ئەم چارەسەرییەمان بۆ دەستەبەر دەکەن، هەڵوێستی ستراتیژیی رێکی دەخات کە پشت بە بەگەڕخستنی کارگەکانی رۆژئاوا دەبەستێ لە پەلکێشکردنی وزە لەلایەك و دەستەبەرکردنی و بەهێزکردنی شێوازی بەکاربردن بۆ لایەنی بەرامبەر لەلایەکی دیکەوە کە مەبەست لێرەدا وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.

لەگەڵ گەشەسەندنی هۆشیاریی سیاسی و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە ستراتیژی دەستەبەرکاری ئەو ئامانجانە، پێویستیان بە تازەبوونەوە هەبوو کە هەندێ سیاسەتی رۆژئاوای کەوتە ناو بە ئاراستەی تیۆرە تازەکانی لیبراڵییەت و پارێزگارخوازە توندڕۆکان، ئەوانەی پێیانوابوو کە مانەوەی پاشکۆیەتی بۆیان و ملکەچکردنی ئەوی دی بە دارگۆچانێکی ئەستوور دەبێت، هەتا ئەگەر بە ئامرازی تازەش بێت. بۆیە پلانە ستراتیژییەکان کرانەوە کە پێیانوایە وروژاندنی بێسەروبەری لە قۆناغێکی دواتردا دەبێتە هۆی دارشتنەوەی ناوچەکە بە رێگەیەك کە دەکرێ بەو شێوەیە رێکبخرێت کە ستراتیژییەکانیان نەخشەیان کێشاوە.

شتێکی ئاساییە کە ئەو لایەنانە پاش ماوەیەکی کەم لە شەڕی ساڵی ٢٠٠٣ پاڵ بەهەندێ لە کەسەکانیانەوە بنێن کە بەسەرپەرشتی ئەوان مەشق و راهێنانیان کردووە، لە کاتێکدا چاوپۆشی دەکەن لە هەنگاوەکانی گەشەکردنی حزبەکانی ئیسلامی سیاسی بە هەردوو باڵی تایفەگەری و میلیشیاکان و پێکهاتەکانیانەوە بە هەموو ئەو تاوانانەی ئەنجامیان داوە

لە جینۆسایید و تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی دەرحەق پێکهاتەکانی کۆمەڵگا بەمەبەستی دەستبەسەرداگرتنی ڕەوشەکە بە دیدگایەکی کورت کە سنووری جوگرافیای بە ئاراستەی مەرامە هەنووکەییەکان و مەبەستە تایبەتییە تایفەگەرییەکان دەوەستێ.

شتێکی ئاساییە کە لەسایەی ئەم بارودۆخەدا هەندێ حاڵەتی هاتنەکایەی مافیاگەلێك و چەقۆوەشێنەکان و میکانیزمەکانی بارودۆخەکە گەشەبکات، کە بریتین لە میکانیزمی کلیپتۆکرات لە سیستەم و لە میکانیزمی کارکردنیاندا. بەڵام ئەو شتانە لە هەموو بارێکدا ڕوویانداو ئێستا دەقۆزرێنەوە و بەگەڕدەخرێن بەو پەڕی دەستەبەرکراوی مافیا نێودەوڵەتییەکان و کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان، دیارە سیستەمە ڕۆژئاواییەکانیش کە بەجیددیەوە هەوڵدەدەن هەموو پەرچەکردارێك دووربخەنەوە کە هەڕەشە لە بارودۆخ و ستراتیژییەکانیان دەکەن.

جا ئەگەر پشتیوانیکردن لە پرەنسیبی دوورخستنەوەی پەرچەکرداری ڕادیکالی و توندڕۆیی لە کۆمەڵگای دەوڵەتانی شارستان و پیشەسازی ڕاست بێت، ئەوا دروستیشە کە بە دوای سەرکەوتووترین هۆکاردا بگەڕێین بۆ کۆتایی هێنان بە کاردانەوەو شێوازە تیرۆریستییەکانیان کە میلیشیا تایفەگەرەکان دەرحەق گەلەکانیان ئەنجامی دەدەن.

میلیشیاو باڵە سیاسییەکانیان کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان هەڵوەشاندەوەو ڕێبازی بارودۆخەکانیان لە شۆڕشەکانی بەهارو ڕاپەڕینە ئاشتیخوازەکان و سەرکەوتنی ئیرادەی گەلان لە دروستکردنی دیموکراسییەوە گۆڕی بۆ دروستکردنی سیستەمگەلی کلیپتۆکراتیی تایفەگەری کە بۆتە مەترسییەك بۆ سەر هەردوو ئاسایشی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی.

ئەمەش ئەنجامێکی سروشتی ئەو ستراتیژییەتە ڕۆژئاواییانەیە لەباتی ئەوەی پشتیوانیی لە هێزە عەلمانی و مەدەنییە دیموکراسییەکان بکات، پشتیوانیی لە هێزە تایفەگەر و ئیسلامییە سیاسییەکان دەکەن بەهەموو ڕادیکالییەتە توندڕۆکان و هزری تاریکپەرستیی کوشندەی بەسەرچوو، هەروەها لەو بێ سەروبەرییەی کە بۆتە هۆی پارچەپارچەکردنی کۆمەڵگا نێوخۆییەکان و ڕێگەخۆشکردن بۆ هەرەسهێنانی تەواوی دەوڵەت و دامەزراوەکانی، بۆیە ئەگەر ئەو کارانە بە هەمان ئاراستە بەردەوام بوون ئەوا ناکرێ لە ئایندەیەکی دیاریکراودا بنیادی دەوڵەتی نیشتمانی بە بنەما مەدەنی و ئاشتییەکانیەوە بێتەئاراوە.

ئەزموونی عێراق و سەپاندنی میکانیزمی پشکایەتیی تایفەگەری و هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوە نیشتمانییە گرنگەکان و بنیادنانی ئەلتەرناتیف بەو ڕێگایانەی کە لە لۆژیکی سەردەم بەدەرن، هەروەها میکانیزمی بنیادنانی دەوڵەتی دیموکراسی بووە هۆی ئەو ئەنجامەی کە بۆ نموونە لە ئێستادا لە عێراق دەیبینین، ئەمەش ئەنجامێکە بونیادی دەوڵەت و پێکهاتە دامەزراوەییەکانی داڕووخاند، تەنانەت ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵگاشی هەڵتەکاند و جۆرێك لە ئابووریی قازانجخوازیی بەکاربەریی بڵاوکردەوە، نەك هەنگاوی وەبەرهێنان، هەروەها هیچ دەرفەتێکی نەڕەخساند بۆ بنیادنان و پەرەپێدانی ڕێبازەکەی لە هەلومەرجی هەرەسهێنانی گشتیدا، لەوانەش هەرەسهێنانی خوێندن بە هەموو قۆناغ و شێوازەکانییەوەو پەکخستنی مەڵبەندەکانی توێژینەوە و پاکتاوکردنی عەقڵی زانستی و بڵاوکردنەوەی نەخوێندەواری و دواکەوتوویی و لۆژیکی ئەفسانە.

ستراتیژییەتی هێزە پارێزەرە ڕۆژئاواییەکان بۆ داڕشتنی ستراتیژییەکانیان لەسەرئەم بنەمایانە کاریان کرد:

١. کاراکردنی هەوڵەکان لەپێناو گۆڕانکاری و پشتیوانیکردنی گوتارەکەی بەشێوەیەکی گشتی بەبێ شتی دیاریکراو کە پابەندبێت لەئاست ئەو هەوڵدانەو ئاییندەکەی، پێش ئەمەش دۆخێکی لەگەڵدابوو تایبەت بە وازهێنان لە پشتیوانیکردنی سیستەمە نێوخۆییەکان، لەبەر ئەوەی سیستەمی تۆتالیتاریی دیکتاتۆرین، ئەمەش لەبەر ئاراستەی گشتیی گەلان و کۆمەکی نێودەوڵەتی بوو، هەروەها لەپێناو نەوەستان دژی ئەم ئاراستەیە بە تایبەتیش لە چوارچێوە ناوخۆییەکەی کە بریتییە لە کۆمەڵگەی پیشەسازیی پێشکەوتوو و سیاسیی لیبراڵیی دیموکراسی.

٢. لەبەرامبەردا مەڵبەندە سەرەکییەکانی پلاندانان لەو دەوڵەتانە بە ئاراستەی پشتیوانیکردنی بزاوتی میللی و پێدانی مۆرکی توندوتیژی بە شۆڕشە ئاشتیخوازییەکانی بەهار کاریان کرد، ئاسانترین شتیش کە ئەم کارەی بۆ مەیسەر دەکات کارلێکە لەگەڵ هێزەکانی ئیسلامی سیاسی و باڵە تایفەگەرییەکانیان بەهەردوو لایەنیانەوە لەبەر ئەوەی هێزگەلێکی توندڕەوی پەڕگیرن و مۆرکی توندوتیژخوازییان پێوە دیارە.

٣. چاوپۆشییان لە پرۆسەکانی مەشقکردنی میلیشیاکان و پێدانی چەك کرد، ئەویش بە شێوەکانی پاڵپشتیی لۆجیستی لەلایەن دەوڵەتانی ناسراوی ئیقلیمی.

٤. کارکردن بە ئاراستەی واژۆکردنی گرێبەستی ئابووریی تایبەت بە نەوت و داهاتەکانی وزە کە لەلایەك نرخی دابەزاند و لەلایەکی دیکەوە نرخی کەلوپەلی دروستکراوی هەناردە بۆ دەوڵەتانی ناوچەکە بەرزکردەوە.

٥. پێوەندییەکانیان لەگەڵ گروپە نەتەوەیی و ئایینییە بچووکە فەرامۆشکراوەکان ڕێکخست لە هەلومەرجێکدا کە ویستیان ئەوپەڕی سوودی بەرژەوەندییە سیاسیەکانی لێ ببینێت، لەوانەش بەرژەوەندیی ئابووری، بەڵام پابەند نەبووە بە ڕێککەوتنی جیددی کۆنکریت کە ئەنجامی ئەرێنی بەدوادابێت لە پشتیوانیکردنی مافی چارەی خۆنووسین، بەقەد ئەوەی ئەو شتانە بەگوێرەی پلانە دوورخایەنەکانی و دڵنیایی قۆناغ دوای قۆناغ بەڕێوەدەچن، لەو چوارچێوەدا کاردەکات بۆ پشتیوانی ڕووکەشی لە هەنگاوەکان کە لەگەڵ

**لە بیرکردنەوەی ستراتیژیدا وێنەی ئەو پلانانە دەکێشرێن کە پێویستی پێیانە بۆ ئەوەی گشت هێزە بەئامانجکراوەکان بە ئاراستەی ئامانجێکی دیاریکراودا بخرێنە ژێر جووڵەوە**

**چاکتر وایە باسی ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ و دیاریکردنی جوگرافیای سیاسیی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین دواتر کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی و ئەو گۆڕانکارییانەی لێی کەوتنەوە**

**ستراتیژیەتی ڕۆژئاوایی لەباتی ئەوەی پشتیوانی لە هێزە عەلمانی و مەدەنییە دیموکراسییەکان بکات، پشتیوانی لە هێزە تایفەگەر و ئیسلامییە سیاسییەکان دەکات**

**لەگەڵ گەشەسەندنی هۆشیاریی سیاسی و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە ستراتیژی دەستەبەرکاری ئەو ئامانجانە، پێویستیان بە تازەبوونەوە هەبوو کە هەندێ سیاسەتی ڕۆژئاوایی کەوتە ناو بە ئاراستەی تیۆرە تازەکانی لیبراڵییەت و پارێزگارخوازە توندڕۆکان**

**مەڵبەندە سەرەکییەکانی پلاندانان لەو دەوڵەتانە بە ئاراستەی پشتیوانیکردنی بزاوتی میللی و پێدانی مۆرکی توندوتیژی بە شۆڕشە ئاشتیخوازییەکانی بەهار کاریان کرد**

**ئەو ڕێککەوتنە ستراتیژییانە تایبەت بە پڕچەککردنی ئەتۆمی ئەنجامی کردارەکییان بەدوای خۆیاندا نەهێنا بۆ ڕێککردنی هاوسەنگیی ئیقلیمی، بۆیە ئەو سیاسەتە ستراتیژییانەی ئێستا ناوچەکەیان لە چەک دانەماڵی**

ئامانجەکانی ئەو گروپانە بگونجێت و ئەو ڕەزامەندییانە خزمەتی بەرژەوەندییە باڵاکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخواز ناکات. لەڕووی ئابووریشەوە بەردەوامن لە بەستنەوەی ئابوورییەکان بە پاشکۆی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ نەك بە هاوپەیمانێتیی و ڕێککەوتنی ئەرێنی کە بەرژەوەندییەکانی هەموولایەنەکان وەربگرن بەڵکو لایەنە نیشتمانییە ناوخۆییەکان ناچار دەکەن بەوەی کە بارگرانین بەسەر گەلانی ناوچەکەوە.

٦. ئەو ڕێککەوتنە ستراتیژییانە تایبەت بە پڕچەککردنی ئەتۆمی ئەنجامی کردارەکییان بەدوای خۆیاندا نەهێنا بۆ ڕێککردنی هاوسەنگیی ئیقلیمی، بۆیە ئەو سیاسەتە ستراتیژیانەی ئێستا ناوچەکەیان لە چەك دانەماڵی، هەروەك بوونە هۆی زیاتر بڵاوبوونەوەی چەکی نەریتی لە دەوڵەتانی ناوچەکە.

٧. پشتیوانیکردنی بنیادنانی دەوڵەتانی ناوچەکە و ژێرخانیان ئەنجام نەدا، بەڵکو وازیان لێ هێنان تا ئەوەی هەشیانە لەدەستی بدەن، هەوەها پشتیوانی لە پلانی بەکارخستن و ئابووریی قازانجخوازی کرد، هەروەك چۆن وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان دووچاری قەرزی مەرجداری سەخت کرد بەشێوەی ئەو مەرجانەی کە سندووقی دراوو سیاسەتی بانکی نێودەوڵەتی سەپاندوونی.

٨. ئەو ستراتیژییانە بەرەو دروستکردنی هاوپەیمانێتیی شێوەیی سیاسی دەچن لەگەڵ زۆربەی دەوڵەتانی ناوچەکە لە کاتێکدا کە هاوپەیمانێتیی قووڵ و چەسپاوی ستراتیژی لەگەڵ لایەنە ئیقلیمییە ناسراوەکاندا دەبەستن.

لەو حاڵەتەدا ئەوەی ڕاستە بریتییە لە گەڕان بەدوای شێوازەکانی هاوپەیمانێتیی سیاسی و ئابووری کە بەپێی توانا هاوسەنگییان تێدابێت و نەکەونە داوی ڕەتکردنەوەی هەڵچووی نەرێنی و کەڵەگاییەوە، بەمەش وڵاتانی ناوچەکە و هێزە مەدەنی و ئازادیخوازەکان دەتوانن بەدوای چاکترین هاوپەیمانێتی لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژئاوادا بگەڕێن کە سەقامگیرییان بۆ بگێڕنەوەو پێشهاتە هەنووکەییەکانیان لێ دووربخەنەوە.

ئەمەیان ناکرێ بێتەدی بێ چاوخشاندنەوەی جەوهەری بە سیاسەتەکانی خۆماندا و بێ دوورخستنەوەی کەسانی نەخۆش کە وەك پەتا بەنێوماندا بڵاوبوونەتەوە. بۆیە دەپرسین ئایا ئاگاداری ئەوەین کە چی لێمان چاوەڕوانکراوە یان ئێمە پشت بە کەسانی دیکە دەبەستین کە زیاتر لە ئاست ئەرکەکانمان کەمتەرخەمین.

ئەمانە پرسیارن وەڵامەکانیان دوا ناکەون لەبەر ڕۆشنایی دەرهاویشتەکانی ئەو گۆڕانکارییە جەوهەرییانەی بەم زوانە ڕوودەدەن و دەبێ ئێمەش خۆمان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بەرپرسیارێتیماندا لە ئاست ئەو دەرهاویشتانە ئامادە بکەین.

---

*** توێژەری ئەکادیمی زانستە سیاسیەکان و سەرۆکی زانکۆی ئیبن ڕوشد لە دانیمارك**

# ڕۆژی گوند لە کوردستان



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

asidiq1962@yahoo.com

لەم سەردەمی ڕاهاتن بە ژیانی شار و لە سەردەمی قەیرانی نەوت و دابەزینی نرخی و زەحمەتیی هەناردەکردنی و هاوردەکردنی زۆربەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و قەیرانی بێکارییەدا، جێگەی خۆیەتی لە بیری ئەوەدا بین کە لە هەرێمی کوردستاندا ڕۆژێك دیار بکرێت بە ناوی (ڕۆژی گوند لە کوردستان)، بە مەبەستی گێڕانەوەی پێگەی گوند و بایەخدانی زیاتر بە گوند و لادێ وەك فاکتەرێکی سەرەکی و شادەماری ژیان لەهەر

وڵات و هەرێمێکدا، کە دیارە هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو، ڕژێمی بەعس هەمیشە گوند و لادێکانی کوردستانی وێران و خاپوور دەکرد، خەڵکی ئەو گوندانەشی ڕاپێچی ئۆردووگا زۆرەملێکان دەکرد.

بۆیە هەمیشە پاراستنی هاوسەنگیی لە هاوکێشەی ژمارەی دانیشتووانی شار و لادێ، بایەخێکی یەکجار گرنگی هەیە، چونکە ئەو هاوکێشەیە پەیوەندیی هەیە بەدابەشکردنی دانیشتووان بە سەر ڕووبەرەکاندا، بەپێی قەبارەی دەرامەتە، بەڵام ئەوەی جێگەی تێڕامان و سەرنجە، ئەوەیە کە ئێستا ئەم هاوکێشەیە تێکچوونێکی ترسناکی تێکەوتووە، کە گێڕانەوەی هاوسەنگی بۆی ئەرکێکی یەکجار گرانە و نەخشە و پلانێکی زانستی وردی دەوێت، چونکە هەر بە گەڕانەوە بۆ ئامارەکانی پەنجا ساڵی لەمەو پێش، بەشێوەیەکی دیارتر بۆ ئاماری ساڵی (١٩٦٥) دەردەکەوێت کە ئەوسا ڕێژەی سەدیی دانیشتووانی گوند و لادێ لەچاو ڕێژەی تەواوی دانیشتووانی پارێزگاکان لە هەرێمدا، ڕێژەیەکی بەرز بووە، کە بەم بەم جۆرەی لای خوارەوە بووە:

سلێمانی ٥٨ ٪ ـ هەولێر ٦٢ ٪ ـ دهۆك ٦٧ ٪

بە وەرگرتنی تێکڕای ئەو ڕێژانەی سەرەوە دەردەکەوێت کە زیاتر لە (٦٢٪)ی دانیشتووانی سێ پارێزگاکەی ئێستای هەرێم دانیشتووی گوندو لادێ بوون، بەڵام ئێستا بەپێی ڕووپێوکردن و داتاکانی پلاندانان و بەدواداچوون لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان ڕێژەی سەدیی دانیشتوانی گوند لەهەرێمی کوردستاندا نزیکەی لە (٢٠٪)ـە. واتە لە ماوەی نیو سەدەدا زۆربەی دانیشتووانی گوندەکانی هەرێم ڕوویان لە شارەکان کردووە لە بەر زۆر هۆی وەك ڕاگوێزانی سەردەمی ڕژێم و پشتگوێ خستنی لادێ و گوندەکانیش لەلایەن خۆمانەوە.

دیارە ئەم دیاردەی ڕوو لە شار کردنەش تادێت بەرەو زیادبوون دەچێت، لەگەڵ بەردەوام بوونیشیدا زۆر گرفتی ژینگەیی لەلادێکاندا دروست دەکات وەك:

١. پشتگوێخستنی خاك و سەرچاوەکانی ئاو لە گوندەکاندا.

٢. کەمبوونەوەی بەر و بوومی کشتوکاڵ.

٣. زیانێکی زۆر بەر جووتیارو کشتیاران دەکەوێت. شارەکانیش بەو ڕووبەرە دیار و ژمارە زۆرەی دانیشتووانەوە تووشی زۆر گرفتی ژینگەیی دەبن، لە جۆری:

١. گرفتی نیشتەجێبوون.

٢. گرفتی هاتوچۆ، قەرەباڵغی لە بازاڕ و شوێنە گشتییەکان.

٣. گرفتی کەم ئاویی و کێشەی زێراب و ئاوەڕۆ.

٤. ڕازیبوون بە پیشەی کەم قازانج و زیان زۆر بۆ ژینگە.

٥. هەڵس و کەوتی دوور لە هەستکردن بە گیانی شارستانیەت و ڕەوشتی ژینگەیی.

دیارە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە گەورەیە پلان و هەنگاوی کردیی پێویستە لە چەشنی:

١. پشتگیریکردنی دارایی بۆ گەڕانەوەی هاووڵاتیان بۆ گوندەکان.

٢. زیندووکردنەوەی ئابووریی کشتوکاڵیی.

٣. خودبژێوی ژیانی لادێ.

٤. بە زانستی کردنی کەرتی کشتوکاڵ.

٥. هێنانی تەکنەلۆژیای سەردەم بۆ زیادکردن و چاکترکردنی بەرهەم.

٦. دامەزراندنی پیشەسازیی خۆراك.

٧. دابینکردنی دەرفەتی کار لەلادێ بۆ ئافرەت و پیاو بە مەبەستی بەهێزکردنی ئابووری لە لادێ و زیادکردنی داهات.

لێرەوە جێگەی خۆیەتی کە ئەم هەنگاوانە هەڵبگرن:

١. لیژنەی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە پەرلەمانی کوردستان، پێشنیازی پەسەندکردنی بڕیارێك بکات بۆ دیارکردنی ڕۆژێك کە وەك (ڕۆژی گوند) لە کوردستان بێتە ناساندن.

٢. وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان کاری پراکتیکی بۆ سەرخستنی بڕیارەکە بکات.

٣. کۆلێژەکانی کشتوکاڵ لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بە توێژینەوە و باسی زانستییانەی سەردەم و بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی گەلانی دیکە، پشتگیریی لە بڕیارەکە بکەن.

٤. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و گرووپە خۆبەخشەکانیش دەتوانن بە کەمپین و چالاکیی جۆراوجۆر ئەم ڕۆژی گوندە بەرزڕابگرن.

دەکرێت بۆ ئەم بۆنەیە لۆگۆیەکی هەمیشەیی هەبێت تیایدا ئاماژە بۆ گوندی (چەرموو) بکرێت، کە وەك یەکەم شوێن لە هەموو جیهاندا پێش هەزاران ساڵ کشتوکاڵ و چاندن و دروێنەی تێدا کراوە. دەشکرێت ئەم ڕۆژە بکەوێتە ڕۆژێك لەو ڕۆژانەی کە سەرەتای پرۆسەی تۆوکردنە، یان بکەوێتە کۆتایی وەرزی دروێنەکردن لە کوردستاندا، کە بیرخستنەوەیەك دەبێت بۆ ئەنجامە باشەکانی بایەخدان بە گوند و دابینکردنی سامانی خۆراك بۆ هاووڵاتییان وەك هەوڵێك لە پاراستنی ئاسایشی خۆراك لە هەرێمدا.

# شنگال..
# رابردوو.. ئێستا.. داهاتوو



دکتۆر بێوار خنسی*

تایبەت بۆ گوڵان ئامادەی کردووە



شاری شنگال ١١٥کم لە خۆرئاوای سەنتەری شاری موسڵ-ەوە دوورە و دەکەوێتە ڕۆخایی باشووری شاخی شنگالەوە. شنگال لە ساڵی ١٩٢٨ بە دواوە کراوەتە قەزا، ڕووبەرەکەی نزیکەی ٣١٨٨ کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، ڕووبەری سەنتەری شارەکە لە پانتایی ١٧٤٠کیلۆمەتر پێکدێت، لە ڕووی کارگێڕییەوە چوار ناحیەو نزیکەی ٣٠٠ گوند لەخۆدەگرێت، ژمارەی کۆی دانیشتووانەکەی زیاتر لە ٤١٢٠٠٠ هەزار کەس پێکهاتووە، سەرەڕای پرۆسەکانی بەزۆرکۆچپێکردنی زۆرەملێ و تەعریب و گۆڕینی دیمۆگرافیاو جیۆگرافیای ناوچەکە، کەچی تا ئێستاش کوردانی ئێزیدی نزیکەی ٧٠٪ ی دانیشتووانەکەی پێکدێنن، بانەکانی زەوی و دۆڵەکانی لە ٣٠٠مەتری سەرئاستی دەریا دەست پێدەکات تا دەگاتە بەرزترین شوێنی لە چیای شنگال لە ١٤٥٦ تا ١٤٦٣ مەتر لەسەر ئاستی دەریاوە، ناوچەیەکە بە نیمچە وشك ناسراوە، چونکە ڕێژەی بارانبارینی ساڵانەی لە ٢٥٠ ملم تێناپەڕێت، بەهۆی ئەو وشکەساڵی و دیاردەی خۆڵبارینەی لەم دواییانەدا ڕووی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کردووە لە ڕووی باری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە کاردانەوەی نەرێنی هەبووە بەتایبەت بۆ خەڵکی ئەم ناوچەیە کە بە پلەی یەکەم پشتبەستوو بوون بە کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕومالآت و ئاژەڵداری، دواتریش بەهۆی فەرامۆشکردنی ناوچەکەوە لە ڕووی کارگێڕییەوە، هەروەها بە هۆی داپڵۆسین و ترساندن و تەعریبکردنی خەڵکە ڕەسەنەکەیەوە لە لایەن ڕژێمە یەك لە دوایەکەکانی عێراق، بەڵام خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە کە بریتین لە کوردانی ئێزیدی هەزاران ساڵە بە خاك و ناسنامەی نەتەوەیی و ئایین و شوێنەوارە مێژوویی و دێرین و سرووتسازیەکانیانەوە هۆگرو پابەندن، وێڕای ئەوەی کە چیای شنگال تژییە لە پێچ و پەنای جیۆگرافیی و ئەشکەوت و کانی و چەمی سروشتی و بەروبوومی خۆراکی ڕووەکی و سامانی ئاژەڵی، ئەمەش وایکردووە کە ببێتە قەڵایەکی مەتین و لە ڕووی ئەو هەموو شاڵاوانە خۆڕاگربێت کە دوژمنانی کورد کردوویانەتە سەر ناوچەکە، ئێزیدییەکان بە ٧٤ فەرمان واتە (حەفتاوچوارجار پەلاماردران) ناوزەدی دەکەن و مێژووی ناوچەکەش گەواهیدەری ئەم قسەیە.

## ■ بایەخی ستراتیژی دەڤەری شنگال

پێشان دەڤەرەکە لە بەشی خۆرئاوای دەروازەی شاری موسڵەوە کە بە دەرگای شنگال دەناسرێت، خاڵی پێکگەیشتنی جووڵانەوەی بازرگانی بووە، لەوێوە کاروانسەرای بازرگانی لە نێوان شام و خاکی دوو ڕووبار هەبووە.

بایەخی زیاتری شنگال ئەو کاتە وەدەرکەوت کە هەردوو دەوڵەتی سووریا و عێراق دامەزرێندران، سنووور و نەخشەی نێودەوڵەتی بە وردی لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا نزیك بەشی خۆرئاوای چیای شنگال نەخشێندراوە، پێگەی جیۆگرافیی و بەروبوومی سروشتی و سەرچاوەکانی ئاوو بەرزاییە شاخاویەکان ڕۆڵیان هەبووە لە دانانی نەخشەکەدا، بەو شێوەیە چیای شنگال خراوەتە سەر عێراق و چیای عەبدولعەزیزیش بەر دەوڵەتی سووریا کەوتووە، لە ڕاستیدا دەرکەوتنی نەوت و غاز لە هەردوو باشوورو خۆرئاوای کوردستان ڕۆڵی کارایان گێڕاوە لە نەخشاندنی سنوورەکەی نێوان عێراق و سووریادا، ئەمەش لە لایەن بەریتانیاو فەرەنسا بۆ دابەشکردنی دەسکەوتەکانی سەر خاکی کوردستان لە نێوان خۆیاندا ئەو ڕاستەهێڵە دەستکردەیان کێشاوە، کە لە سێگۆشەی سنووری عێراق و تورکیا و سووریاوە بە ئاڕاستەی دەڤەرەکە درێژدەبێتەوە، ڕەنگبێ ئەو زانست و زانیارییە پێشکەوتووانەی بۆ ناسینی



ژێرخانی بەرووبوومی سروشتی ژێر زەوی لە نەوت و غازو گۆکرد ئێستاکە هەیە؛ ئەگەر ئەوساکە هەبووایە، سنووری ناوچەکە بە شێوەیەکی جیاواز لەوەی ئێستا دادەڕێژرایەوە.

### ■ بایەخی ئابووریی دەڤەری شنگال

دەڤەری شنگال بریتییە لە باشووری ئەو سنوورەی بەپێی زاراوەی جیۆلۆجی بە بانە شاخاویەکانی عێراق دەناسرێت، مێژووی پەرەسەندنی جیۆلۆجی و تەکتونی بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیوە، ئەویش بە هۆی پرۆسەکانی ڕووخان و بونیادنانەوەو سەقامگیربوون، بە پێی نیشتەنییە جیۆلۆجیەکانی چاخی ئەرودۆ فیشیی نزیکەی ٤٩٠ ملیۆن ساڵ لەمەوبەر، هەروەها بە پێی ئەو نیشتەنییانە تازانەی چاخی چوارینی بەر لە ٣ ملیۆن ساڵ، جۆرو قەبارەی توێژ و چینە نیشتەنییەکانی کوردستان گۆڕانکاریی زۆریان بەسەردا هاتووە، هەندێ بەردی زەبەلاحی دەریایی لە شنگال ئەستوورابیان دەگاتە ٦ کیلۆمەترو ئەمەش بە پێی ناوچەکە دەگۆڕدرێت، واتە لە دهۆك حەوت تا هەشت کیلۆمەترو لە هەولێریش لە هەشت تا نۆ کیلۆمەترو لە کەرکوك ئەستوورابیە بەردینییەکان دەگاتە نزیکەی دوازدە کیلۆمەتر، هەموو ئەم بارودۆخە جیۆلۆجییانە بوونەتە هۆی پێکهاتنی نەوت و مانەوەی پێکهاتەی جیۆلۆجی ناو کون و کەلەبەری نەوتیی، تۆڕی نەوت و غازیی لە سنووری ئەم پێکهاتانەی چینەکاندا کە ڕۆڵ دەگێڕن بۆ پێکهاتنی بەردی سەرچاوەو بەردی شاردراوەو بەردی داپۆشراو ماونەتەوە کە پێکرا لە چوارچێوەی سنووری پێکهاتەیەکی دیاریکراودان کە لە شێوەی پێچاوپێچ بەدەرکەوتوون، ئەمانە بە شێوەی گردۆلکەی چیایی لەسەر زەوی قوتبوونەتەوە، هەندێکیشیان بە ئاسانی دیاری ناکرێن بە هۆی ئەوەی بوونەتە بارستاییەك بۆ دروستبوونی حەوزی نەوت و غاز، بە تایبەتی حەوزی نەوت و غازی کوردستان کە لە خانەقینەوە بەرەو کەرکووك و مەخموورو دیبەگەو عەینزالەو قەرەچوغ و ماردین دەستپێدەکات تا دەگاتە دیاربەکر بە درێژایی ٨٠٠ کیلۆمەتر و بە پانایی ٥٠ تا ٢٠٠ کیلۆمەتر، لە حەوزە بنەڕەتییەکەشەوە چەندین لقی دیکەی لێدەبێتەوە، بەو شێوەیە دەبێتە چەند بەشێك لەوانە حەوزی خۆرئاوای ڕووباری دیجلە کە پێکدێت لە(بەتمە، عەینزالە، عەلیۆکا تا دەگاتە شنگال) لە ٢٣ پێکهاتەی جیۆلۆجی دروست بووەو لە شێوەی گردو گردۆلکەی چیاییدایە بە قەبارەی جیاوازو بەرزایی هەمەچەشنەوە، تا ئێستاش کێومالی سێ ڕەهەندیی جیۆلۆجیانەی بۆ نەکراوە، چونکە چەندین پێکهاتەی تری شاراوەی ژێر زەوی تێدایەو پڕێتی لە نەوت و غاز، ئەمەش لە ڕووی بایەخی ئابوورییەوە زۆر کاریگەرە، بە تایبەتی لە خۆرئاوای دیجلەوە کە دەکاتە دەڤەری شنگال، پێکهاتە جیۆلۆجییەکان کە ژمارەیان ٢٣ دانەیە بەم شێوەیە دابەشبوون، لە ڕووی نەوتەوە بوونەتە سێ گرووپ: شەش پێکهاتەیان دۆزراونەتەوەو غازو نەوتی تێدا بەرهەمدەهێنرێت، هەشت دانەی تریان دۆزراونەتەوە، بەڵام هێشتا هیچی تێدا بەرهەم نەهاتووە، نۆ پێکهاتەشیان هێشتا نەدۆزراونەتەوەو نەوتیان تێدا بەرهەم نەهاتووە.

**سەرەڕای پرۆسەکانی بەزۆرکۆچپێکردنی زۆرەملێ و تەعریب و گۆڕینی دیمۆگرافیا و جیۆگرافیای ناوچەکە، کەچی تا ئێستاش کوردانی ئێزیدی نزیکەی ٧٠٪ی دانیشتووانەکەی پێکدێنن**

**خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە کە بریتین لە کوردانی ئێزیدی هەزاران ساڵە بە خاك و ناسنامەی نەتەوەیی و ئایین و شوێنەوارە مێژوویی و دێرین و سرووتسازییەکانیانەوە هۆگر و پابەندن**

### ■ خەمڵاندنی بەرایی بۆ یەدەگ و بەرهەمی نەوت و غاز

قەبارەی یەدەگی نەوت و گازی ئەو دەڤەرە کوردیەی خۆرئاوای دیجلە کە پێکهاتووە لە ٢٣ پێکهاتەی جیۆلۆجی، لە میانەی بەراوردکردنی لە ڕووی هەڵسەنگاندنی قەبارەی یەدەگ و بەرهەمەوە بە پێکهاتەکانی بلۆکیی نەوتی هەرسێ پارێزگای هەولێرو دهۆك و سلێمانی و دەڤەری گەرمیان کە ئەوانیش ٥٧ پێکهاتە لە خۆدەگرن، تێکڕایان پێکدێن لە ٤٥ملیار بەرمیل نەوت و نزیکەی٥,٧ترلیۆن مەتر دوجای غازی هەیە، بەرزبوونەوەی توانای بەرهەمهێنان بۆ ٧٠٠ هەزار بەرمیلیش لە ڕۆژێکدا بەو شێوەیە دەکرێت قەبارەی یەدەگی نەوت و غاز لە دەڤەری خۆرئاوای دیجلە بقەبڵێنرێت بە نزیکەی ١٠ ملیار بەرمیل واتا توانای بەرهەمهێنانی ٥٠٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکداو قەبارەی غازی سروشتیش نزیکەی ٢,٣ ترلیۆن پێی دوجا لە غازی سروشتی هاوتاو گەرم، کەواتە ٢٦٪ قەبارەی یەدەگی بەرهەمی نەوت و غاز دەکەوێتە دەڤەری شنگالەوە، وەك باسمانکرد لە قەزای شنگال هەشت پێکهاتەی جیۆلۆجی لەسەر زەوی دەرکەوتن، دیارترینیان لەم شوێنانەدان (چیای شنگال، باکوور-سنونێ، قەحتان، نەدا، ئەشکەفت، هاتف، عەینغەزالە، تەلحەجەر)

### ■ پێکهاتەی جیۆلۆجیی چیای شنگال

زۆربەی زنجیرە شاخەکانی کوردستان بە ئاراستەی باکووری خۆرئاواو باشووری خۆرهەڵات درێژ دەبنەوە، جگە لە چیای شنگال کە لە خۆرهەڵاتەوە بەرەو خۆرئاوا درێژدەبێتەوە، تا ئەمڕۆش جیۆلۆجییەکان نەگەیشتوونەتە ئەوەی هۆکاری زانستانەی ئەم دیاردە ناوازەو ئاوارتەیە شرۆڤە بکەن، چیای عەبدولعەزیزیش لە خۆرهەڵاتەوە بەرابەری دەبێتەوە کە ئەویش دەکەوێتە هەمان ئاراستەی چیای شنگالەوە، درێژیی چیای شنگال ٧٢ کیلۆمەترەو پانایی بریتییە لە ٦ کیلۆمەتر، بەرزترین لووتکەی ١٤٦٣ مەترە لەسەر ئاستی ڕووی دەریاوە، کە چیاکە لە

ڕووی جیۆلۆجییەوە بە بانێکی تێکچرژاو دەناسرێتەوە، لاریی بناری باشووری چیاکە بە ٧٠ پلەی سەدی و بناری باکووریشی نزیکەی ٤٥پلەی سەدیە.

ئەو کەلێن و کەرتە جیۆلۆجیانەی لە بناری چیاکەوە تا ناوەندەی هەن، پێیان دەوترێت (کەلی کەرسی) نزیکەی هەشت پێکهاتەی بەردی هەمەجۆر لە خۆدەگرێت بە زاراوەی زانستی جیولۆجی لە نێوان تازەترین تا دێرینترین تەمەنی جیولۆجی دەگیرسێنەوە، ئەو پێکهاتانەی هاتوونەتە سەر ڕووی زەوی بریتین لە(جریبی، زوبان، سەری کانی، جیدالە، ئاڤانا علێجی، شنگال، شەرانش) تەمەنی ئەو پێکهاتە بەردینیانە لەنێوان چاخی کاینوزوی و سەرەتای چاخی میزوزی واتا تەمەنیان نزیکەی ٦٥ ملیۆن ساڵە، ئەمە وێڕای ئەو پێکهاتانەی تری هەردوو چاخی میزوزی و پالیوزوی کە دەکەونە ژێر پێکهاتەی شەرانشەوە، زۆربەی بەردە سەرچاویەکان و بەردە دڕنەکان و بەردە داپۆشراوەکان چری نەوتیان تێدایە، ئەم بەردانەش دەکەونە هەردوو چاخی میزووزی و پالیوزوی) لەچاخە جیۆلۆجییە کۆنەکانەوە نیشتەنی بوون، لەوانەش لە چاخەکانی (تەباشیری و جوارسی و ترياسی و بەرمی و کاربۆنی).

### ■ پێوەندیی ڕاستەوخۆی سیاسەتی تەعریب بە نەوت و غازەوە

دەوڵەمەندێتیی خاکی کوردستان بەتایبەتی ئەو دەڤەرانەی دەکەونە خۆرئاوای دیجلەوە، لەوانەش شنگال پڕیانە لە نەوت و غازی سروشتی، هاندەری سەرەکیی ڕژێمەکانی پێشوو بووە بۆ ئەوەی ئەو دەڤەرە کۆچی بەزۆرە ملێیان پێبکرێت یان تەعریب بکرێن، تاکو ناسنامەی دیموگرافی و جیۆگرافی و کارگێڕیی بگۆڕدرێت، بە بەردەوامیش چالاکییەکانی توێژینەوە بەدواگەڕانی نەوت و غازی سروشتی لەم ناوچەیەدا زۆر بە نهێنی ئەنجامدراون، لەبەر ئەوەیە کە زانیاریی ڕاست و دروستی ورد لە خەمڵاندنی ژمارە ڕاستەقینەکان بە زەحمەت دەست دەکەون کە چەند پێکهاتەی یەدەگی نەوت و غاز لەو دەڤەرەدا هەیە، بەڵام ئەگەر بێت و بەراوردی بکەین بە کێڵگەکانی دەڤەری حەسەکە و عەین زالە— سەفییەو تەلەعفەرو ڕەبیعەو گەیارە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئەم ناوچەیەش چەندە بەنەوت و غازو گۆگرد دەوڵەمەندە ئەمە جگە لە هەندێك کانزای فلزیی پڕ بایەخ.

### ■ پرۆژە پیشەسازییەکانی قەزای شنگال

حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق توانییان کەڵك لە تایبەتمەندێتیی جیولۆجییانەی دەڤەری شنگال وەربگرن، چەند کارگەیەکی وەك کارگەی دروستکردنی چیمەنتۆو دروستکردنی حەلان و بەرهەمهێنانی گەچ، ئەمە وێڕای دروستکردنی سایلۆی شنگال دامەزرێنن، هەروەها حکومەتی عێراقی لەو پەنجا ساڵەی سەدەی رابردوودا توانی شنگال بکاتە ناوچەیەکی سەربازی بۆ حەشاردانی دەیەها چەکی قورس و دانانی چەندین فرۆکەخانەی سەربازی و پێگەی هاویشتنی مووشەکی زەمینی، وەك هەڕەشەکردن بۆ سەر ئەو وڵاتانەی دراوسێ کە لێوەی نزیکن.

### ■ چڕ بوونەوەی پەلامارەکانی داعش بۆ سەر کێڵگە و دامەزراوەکانی نەوت و غاز

لێکچوونێك هەیە لەنێوان تایبەتمەندیەکانی پێکهاتەکانی چینە بەردینەکان وئەو سامانە سروشتییەی تێیدایە لە نەوت و غازو گۆگرد بە درێژایی هەردوو دیوی سنووری نێودەوڵەتیی عێراق(هەرێمی کوردستان) و سووریا(دەڤەری کوردستانی خۆرئاوا)، دەکرێت سەرنج بدەینە کێڵگەکانی عەین زالە ـ علیۆکا کە کەوتۆتە بەرامبەر خۆرئاوای کێڵگەکانی قەرەچوغ ـ ڕمێلان لەنێوان هەردوو قەزای زومار و دێرك، هەروەها لەباشوورییشەوە دەتوانین سەرنج بدەین لە کێڵگەکانی حەسەکە کە کەوتوونەتە بەرامبەر پێکهاتە جیۆلۆجییەکانی قەزای شنگالەوە. ئەم تایبەتمەندییە جیۆلۆجییەی کێڵگەکانی نەوت و غازی هەردوو دیوی سنووری عێراق و سووریا، دیاریکراوترین ئامانجی داعش بوو کە هەر لەسەرەتای پەلامارەکانییەوە، شاڵاوی سەربازی تیرۆریستانەی بۆ بردن، سەرەتا بۆ کێڵگە نەوتی و غازییەکانی خۆرئاوای کوردستان، پاش ئەوەی لەوێ شکستی خوارد، ئیدی داعش لاوازیی سوپای عێراقی قۆستەوە و توانی بە چەندین ئاراستەی دیکەدا بجووڵێت، بە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی هەموو دامەزراوە نەوتییەکانی پارێزگای نەینەوا، بەو شێوەیە توانی زۆربەی کێڵگە نەوتییەکان هەر لە حەمرین و گەیارەوە تا پاڵاوتگەی کەسکێی نزیك تەلەعفەر بخاتە بن دەستی خۆی، پاش ئەوەی شاری موسڵی کۆنترۆڵ کرد، دواتر کەڵکی بینی لەو سەدان تانك و زرێپۆشە سەربازییانەی کە سوپای عێراق بەجێی هێشتن، دووبارە ئەوانەی خستەوەکار تا کۆنترۆڵی کێڵگە نەوتی و غازییەکانی حەوزی عەینزالەو بەنداوی ستراتیژیی موسڵ بکات، هەر بەو چەکە قورسانەوە بە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی کێڵگە نەوتیەکانی خۆرئاوای کوردستانیش شاڵاوی بەربڵاوی بردەوە تا کێڵگەکانی قەرەچوق- ڕمێلان و حەسەکە دەست بەسەردا بگرێت، بەڵام لە بەرامبەر بۆردومانەکانی هاوپەیمانان و هێرشەکانی زەمینیی هێزی پێشمەرگەدا خۆی ڕانەگرت و ئامانجەکانی خۆی پێ نەپێکرا، دەرئەنجام لە قەزای شنگال داعش تێکشکێنراو هێزی

**هەندێ بەردی زەبەلاحی دەریایی لە شنگال ئەستوورایییان دەگاتە ٦ کیلۆمەتر و ئەمەش بە پێی ناوچەکە دەگۆڕدرێت، واتە لە دهۆک حەوت تا هەشت کیلۆمەتر و لە هەولێریش لە هەشت تا نۆ کیلۆمەتر و لە کەرکووکیش دەگاتە نزیکەی دوازدە کیلۆمەتر**

**کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی شنگال لێدانێکی گورچکبڕ بوو دژ بەداعش، هەروەها دوورخستنەوەی بوو لە کێڵگەو دامەزراوە نەوتییەکانی ناوچەکەو زۆربەی تەنکەرەکانی گواستنەوەی نەوتی داعش لەناو بردران**

پێشمەرگە ئەو ناوچانەی رزگارکردەوەو هێڵی ستراتیژی ناسراو بەهێڵی ٤٧یش کە موسڵ دەبەستێتەوە بە رەققەی پایتەختی داعشەوە لەدەست تیرۆریستان دەرهێنرایەوە، کە بە شەقامی شادەماری ئابووری و سەربازیی داعش دادەنرێت.

بەو شێوەیە کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی شنگال لێدانێکی گورچکبڕ بوو دژ بەداعش، هەروەها دوورخستنەوەی بوو لە کێڵگەو دامەزراوە نەوتییەکانی ناوچەکە بەگشتی. لەم دواییەشدا زۆربەی زۆری ئەو تەنکەرە نەوتییانەی کە داعش بۆ گواستنەوەی نەوتی نێوان عێراق و سووریا بەکاری دەهێنان لەناو بردران کە سەرچاوەی پارە بەدەستهێنانیان بوو، بەهۆیانەوە داعش نزیکەی ١٠ ملیۆن دۆلاری مانگانەی دەست دەکەوت، ئەمە وێڕای ئەوەی لە ئەنجامی دزین و داپاچینی پارچە شوێنەوارەکانی مۆزەخانەی موسڵ و شوێنەوارەکانی تری پارێزگاکەدا پارەی تریان دەست کەوتبوو، خوێندنەوەیەکی واقیعانەی ئابووری و ستراتیژیی ناوچەکە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت، کە پێویستە لەسەر هێزە کوردستانیەکانی هەردوو لای باشوورو خۆرئاوا ئەم تایبەتمەندییەی ناوچەکە بەهەند وەربگرن تا لە هەردوو لاوە دەڤەرەکە بپارێزن و تیرۆرستانی لێ دووربخەنەوە، لە پێناوی ئەوەی ئاوارەکانیش بگەڕێنەوە شوێنی ئاسایی خۆیان و جارێکی دیکە ئەو کارەساتە دڵتەزێنانە بۆ خەڵکی رەسەنی دەڤەرەکەدا دووبارە نەبێتەوە بەتایبەتی بۆ کوردی ئێزیدی.

## ■ ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی دەڤەرەکانی خۆرئاوای دیجلە(شنگال) دەبنەوە:

١- دەڤەرەکە کەشوهەوایەکی نیمچەگەرمەسێری هەیە، گردولکەو بانی نیمچە ڕووتاوەی بێ ڕووەکی تێدایە، جگە لە چیای شنگال، هەروەها زۆربەی جار دەڤەرەکە دەکەوێتە بەر گێژەنگی گێژەڵوکەی بیاباناوی گەرم.

٢- کەمیی سەرچاوەکانی ئاوی سەر زەوی( کانیی ئاوی سروشتی و رووبار) بەڵام لە سەرێکی ترەوە دەوڵەمەندە بە ئاوی ژێر زەوی، بە تایبەتی لە دەڤەری شنگالدا کە ناسراوە بەوەی چەندین کارێزی ئاویی تێدایە.

٣- بەهۆی شاڵاوەکانی تەعریب و کۆچی زۆرەملێ و گۆڕینی دیمۆگرافیای دانیشتووانی ناوچەکەوە لە ماوەی ٤٠ساڵی پێشوودا بەرهەمی کشتوکاڵی و سامانی ئاژەڵداری تێیدا کەمی کردووە.

٤- پشتگوێخستنی دەڤەرەکە لە لایەن ڕژێمە فەرمانڕەوایەکانی عێراقییەوە، کە بۆتە هۆی ئەوەی دانیشتووانەکەی هەردەم بێکارو هەژاربن.

٥- ناسەقامگیربوونی دەڤەرەکە بەهۆی ئەوەی کە هاوسنووری سووریایە، ئەمەش هاریکار بووە بۆ بڵاوبوونەوەی چالاکییەکانی تیرۆریستان و کاری ئاودیوکردن و قاچاغچێتی لە لایەن چەندین گرووپی مافیاییەوە.

٦- دەڤەرەکە لە پێشوودا بە تایبەتی چیای شنگال کرابووە بنکەیەکی سەربازیی بۆ هەڕەشەکردن لە وڵاتانی ناوچەکە.

٧- هەبوونی کێڵگەکانی نەوت و غاز لە هەردوو دیوی سنووری هاوبەشی نێوان عێراق و سووریا، کە بە نەرێنی لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتی سووریاو عێراق رەنگی داوەتەوە، ئەمەش هۆیەك بووە بۆ دەربەدەرکردن و دەرکردنی گەلی کورد لە ناوچە نەوتییەکانی هەردوولادا، بەو هۆیەوە ناسنامەی دیمۆگرافی و جیۆگرافیی دەڤەرەکە گۆڕاوە.

٨ - ناهەمواربوونی باری کۆمەڵایەتی و دەروونی دانیشتووانی ڕەسەنی شنگال کە بە درێژایی مێژوو ڕووبەڕووی ٧٤ فەرمان(جەنگ و ماڵوێرانی )بوونەتەوە، بە پێی ئەو پەندەی دەڵێ مارانگاز لە خشەی مار دەترسێ، بەردەوام ترسێنراون، بەڵام ئەم تۆڵەکردنەوەیەی دوایی کە بووە هۆی ڕزگارکردنی شاری شنگال لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگەوەو بە پاڵپشتیکردنی نێودەوڵەتی، متمانەی بۆ خەڵکی شنگال گێڕایەوە، ڕۆژی ڕزگارکردنی شنگال کرایە ڕۆژی سەرکەوتن لە لایەن برا ئێزیدیەکانەوە هەروەها بووە رۆژی سەرکەوتنی گەلی کوردستان بەسەر تیرۆریستان.

ئاڵۆزی و تێکچڕژاوی ئیداریی دروستکراو لە سنووری قەزاکانی تەلەعفەرو زوممارو شنگال و بەستنەوەی زۆردارەکێیانەی ناحیەی ڕەبیعە کە چەند گوندێکی عەرەبنشینی تێدایە بە تەلەعفەرەوە، ئەمەش بەربەستێکی عەرەبییە بۆ دابڕاندنی قەزای زوممار لە شنگال، بۆ خۆی بەربەستێکی گەورەیە لە ڕێی بوارەکانی پەرەپێدان و ئاوەدانیی ناوچەکەدا.

## ■ چارەسەرو پێشنیازەکان:

ئەو زنجیرە سەرکەوتنانەی هێزە پاڵەوانەکانی پێشمەرگە وەدییان هێنا بە پاڵپشتی هێزی نێودەوڵەتی تۆماریان کرد، گەورەترین هێزی تیرۆریان لە دنیادا وەدەرنا، هەر لە خۆرئاوای ڕووباری دیجلەوە تا دەگاتە بەنداوی موسڵ و دواتر تا ناو سەنتەری شنگال، ئەرکێکی گەورەی خستە سەر شانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پێویستە بە هاوکاریی حکومەتی عێراق و بە پاڵپشتی هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی کارێك بکرێت

> ■ ڕزگارکردنی شاری شنگال لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە، متمانەی بۆ خەڵکی شنگال گێڕایەوە، ڕۆژی ڕزگارکردنی شنگال کرایە ڕۆژی سەرکەوتن لە لایەن برا ئێزیدییەکانەوە

> ■ بەهۆی شاڵاوەکانی تەعریب و کۆچی زۆرەملێ و گۆڕینی دیمۆگرافیای دانیشتووانی ناوچەکەوە بەرهەمی کشتوکاڵی و سامانی ئاژەڵداری تێیدا کەمی کردووە

> ■ داواکارین لە سەرۆکایەتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان لیژنەیەکی تایبەتمەند ئامادەبکات تا سەردانی ناوچەکە بکات و قەبارەی ئەو زیانە مرۆیی و مادیانەی پێیکەوتووە، دیاریبکات



بۆ پاراستنی ناوچەکەو گێڕانەوەی خەڵکەکەی، ئەوەش بە پێی گرتنەبەری پلانێکی تۆکمە کە تێیدا پشت ببەسترێت بە چەندین بڕگەی ئەرێنی و هەروەها خاڵە نەرێنیەکانی ناوچەکەش لەبەرچاو بگیرێت بەم شێوەیە:

١. داواکارین لە سەرۆکایەتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان لیژنەیەکی تایبەتمەند ئامادەبکات بۆ ئەوەی راستەوخۆ سەردانی ناوچەکە بکات، لە پێناوی هەڵسەنگاندنی واقیعی ڕاستەقینەی ناوچەکەو دیاریکردنی قەبارەی ئەو زیانە مرۆیی و مادیانەی پێیکەوتووە.

٢. گێڕانەوەی ئارامی و ئاسایش بۆ ناوچەکە کە بەهۆیەوە دەبێتە بنەمایەك بۆ کارو جووڵانەوە بەهەموو ئاڕاستەکاندا، لە پێناوی گێڕانەوەی خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان.

٣. تایبەتمەندیەکانی ناوچەی خۆرئاوای ڕووباری دیجلەو دەڤەری شنگالیش پێویستی بە پلان و کارگێڕی و بودجەو پارەیە، بە پێی بەرنامەڕێژییەکی ڕێکوپێك تا بە شێوەیەکی هاوچەرخانە ئاوەدان بکرێتەوە.

٤. بەشداری پێکردنی خەڵکی شنگال و ناوچەکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە هەموو بوارەکانی کارگێڕییدا تا ببێتە زەمانەتێك بۆ پاراستنی ئارامی و ئاسایش و پەرەپێدان و سەرخستنی پرۆژە پێشنیازکراوەکانی ژیانەوەی ناوچەکە.

٥. بەستنی چەند کۆنگرەیەك لەسەر ئاستی ئیقلیمی و عێراقی و نێودەوڵەتی بۆ سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدانی ناوچەکە بە کەڵك وەرگرتن لە بنەما ئەرێنیەکانی (سامانی سروشتی ناوچەکە) لە میانەی داوەتکردنی کۆمپانیا جیهانییەکان لە کەرتەکانی سامانی سروشتی وەبەرهێنان بۆ ناوچەکە.

٦. گۆڕینی ناوچەی شنگال لە بنکەیەکی سەربازییەوە بۆ بنکەیەکی ئاشتیخوازی بە ئامانجی پتەوکردنی ئاسایش و ئارامی و سەقامگیری و پێکەوەژیان لە ناوچەکەدا.

٧. کەڵك وەرگرتن لە زانست و زانیاری نێودەوڵەتی و هەرێمیی بۆ بەڕێوەبردن و پاراستنی خەڵکی ناوچەکەو گۆڕینی شێوازی بیاباناوی ناوچەکەو گۆڕینی بۆ ناوچەیەکی ئابووری بەرهەمهێنی کشتوکاڵی و پیشەسازی هەمەچەشنە کە دواجار ببێتە هۆی بووژانەوەی ناوچەکەو پەرەسەندنی لە هەموو بوارەکاندا.

٨. سوود وەرگرتن لە بەنداوی موسڵ و پرۆژەی گلدانەوەی ئاودێری تا پرۆژەیەکی تایبەتمەند بە ئاسایشی ئاویی بۆ ناوچەی خۆرئاوای ڕووباری دیجلە ڕێك بخرێت، هەروەها پشت بە پرۆژەی سیستمی دڵۆپاندنی ئاودێری لە بواری کشتوکاڵ ببەسترێت.

---

***ڕاوێژکاری ئاسایشی ئابووری لە ئاژانسی پاراستنی هەرێمی کوردستان**

**ئەو زنجیرە سەرکەوتنانەی کە هێزەکانی پێشمەرگە تۆماریان کرد، گەورەترین هێزی تیرۆریان لە دنیادا وەدەرنا، هەر لە خۆرئاوای ڕووباری دیجلەوە تا دەگاتە بەنداوی موسڵ و دواتر تا ناو سەنتەری شنگال**

# چەند سەرنجێک لەسەر چاکسازی مووچەو دەرماڵەی فەرمانبەران



د.وەلی مەحمود*

تایبەت بۆ گولان نوسیوویەتی

ماوەیەکە بە زۆر شێوازی جیا جیا و لەلایەن کەسانی پسپۆڕ و خەمخۆر و ناپسپۆڕیش لەم بارەیەوە زۆر بابەت و راپۆرت نووسران. یەکێك لەو راپۆرتانە زۆر شیکاری و گشتگیر بوو کە لە لایەن هاوڕێ و برای خۆشەویستم (د.خالید هادی چاوشلی ) بەرپرسی دەزگای چاودێری دارایی هەرێمەوە نووسرابوو، کە لە گۆڤاری (گولان) ژمارە ١٠٤٩ رۆژی ٢٠١٥/١١/٩ لاپەرە (٤٨-٥٥) بڵاوکراوەتەوە. نەمدەویست لەسەر ئەم بابەتە هیچ بنووسم و پێموایە کە دەبێ خەڵکی لە ئاستی د.خالید چاوشلی و باڵاتر و وەك ئەو جددی هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم پرسە بدەن و کەموکوڕییەکان بەدیار بخەن و چارەسەریش دیاری بکەن، بەڵام وەك ئەوەی تێکڕای بابەتەکەم خوێندەوە، هەستم کرد کە هەندێك کون و کەلەبەر هەیە و دەکرێت منیش لەسەری بنووسم و بەدیاری بخەم. لەبەر ئەوەی ئەم بابەتی قەیرانی دارایی و مووچە و بەڕێوەچوونی دام و دەزگاکانی حکومەت

پێویستی بەوەیە کە هەموومان لە سەری بنووسین و هاوبەشی بکەین لە چارەسەری و ڕێنوێنی حکومەت و بەرپرسانی (باڵای حکومەت). ئەم بابەتەی کە من لە سەری دەنووسم، تەنیا بابەتی –خانەنشینی-یە بۆ مامۆستایانی زانکۆ. ماوەیەك لەمەوبەر وەزعی دارایی کوردستان زۆر باش بوو، خەریك بوو هەموو کەرتەکان دەبووژانەوە، بەتایبەت زانکۆکان و دەزگاکانی خوێندن و پەروەردە.

ئەنجومەنی وەزیران بۆ کارئاسانی و هاتنەوەی هەڵگرانی بڕوانامە و خەڵکی کوردستان کە لە هەندەران بوون و بۆ ئەوەی خاوەنی (عقل) و بڕوانامەکان بگەڕێنەوە کوردستان و خزمەتی زانکۆ و پەیمانگاکان و دەزگاکانی توێژینەوە بکەن، بڕیاری دەرکرد بۆ گەڕانەوەیان بۆ سەرکار و وەزیفەی خۆیان، بڕیاری دا کە هەموو ماوەی دەرەوەیان بۆ بە خزمەت ئەژمار بکرێت. بەداخەوەم زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی دەرەوە کە هاتنەوە باوەشیان بۆ کرایەوە و هەموو ساڵانی دەرەوەیان کە لە دوای (١٩٩١) بووبێ، یاخود پێشتر بۆ بە خزمەت ئەژمار کرا و هەندێکیان بەرپرسیارێتیشیان پێ درا، بەڵام چونکە ئەوان و خۆیان و ژن و منداڵەکانیشیان (کەش و هەوا و شێوازی ژیانی وڵاتانی ئەوروپا و دەوڵەتانی ئەسکەندیناڤیایان قبووڵ بوو، یان پێیان خۆشتر بوو لێرە و چەندین ئیمتیاز و شتیان لەو وڵاتانە هەبوو)، سوودیان لەو بڕیارانە وەرگرت کە حکومەت دەریکرد بۆ خانەنشینی بە مەبەستی کەمکردنەوەی ژمارەی زۆریی فەرمانبەری بێکار و بێسوود کە دەبوایە ئەوان بە دەر بکرێن لەو بڕیارانە، یاخود مەرجی (خزمەتی فعلی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بە (١٠) ساڵ بسەپێندرێ، ئەگەر خزمەتی گشتیان هی چەند ساڵ بێ، یاخود ئەگەر (خزمەتی فعلی) لە (١٠) ساڵ کەمتر بوو بە (٥٠٪) بڕەکە خانەنشین بکرابوونایە، بەڵام ئەمانە هیچی نەکرا و بە سەر وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەزارەتی دارایی و ئەنجومەنی وەزیراندا تێپەڕی و هەموویان خانەنشین کران و دواتر گەڕانەوە ئەوروپا!

دەپرسم: ئایا نەدەکرا حکومەت ئەم بابەتە چارەسەر بکات و نەهێڵێ ئەم هەموو خەڵکە ئەم هەموو ساڵەیان بۆ بە خزمەت ئەژمار بکرێت و دواتریش پارەیەکی (مفتی) خانەنشین وەربگرن و خوێندکار و زانکۆکانیش بەجێ بهێڵن؟

لە ئێستادا حکومەت پارەی (٤) مانگی ئەم مامۆستایانەی پێ نادرێت کە بەردەوامن لە ئەرك و خزمەت، کەچی مانگانە بڕەپارەیەکی زۆر دەڕوا بۆ خانەنشینی کە ژمارەیەکی یەکجار زۆریان بەم وەزعە (ناڕاست و دیراسەنەکراوە) خانەنشین کراون. بەڕاستی سەیرە! (سوپایەك مامۆستای زانکۆ) لە ئەوروپا ژیان دەگوزەرێنن و تەمەنیان زۆری مابوو بۆ خانەنشینی، یاخود (تەنیا چەند ساڵێکی کەم خزمەتی وەزیفەیان کردووە) کەچی بەم حاڵی حکومەت و پارە پەیداکردنە خانەنشین کراون!؟

ساڵی ٢٠١١ سەردانێکی وڵاتی سوید کرد و یەکێك لەو بابەتانەی لەوێ بۆیان باسکردم، بابەتێکی خانەنشینی بوو. وتیان دوای ئەوەی سۆشیال دیموکراتەکان ساڵانێك زۆرینەی پەرلەمان و حکومەت بوون خەڵکیان زۆر خانەنشین کردبوو، دوای ئەوەی لە هەڵبژاردن دەنگەکانیان کەمی کردبوو و حزبی منافس براوە بوو، هەموو ئەو کەسانەی هێشتا تەمەنیان بە بەرەوە مابوو، کە دەکرا بەردەوام بن لە خزمەت هەموویان گەڕاندنەوە بۆ خزمەتکردن بۆ هەر کارێك کە پێیان دەکرا و دەیانتوانی بیکەن. ئەوەیە خەمخۆری و بەدامەزراوەیی و بوونی دەزگاکانی دەوڵەت و پلان و وردەکاری .

لە چوارچێوەی بابەتەکە دەمەوێ چەند ڕوونکردنەوەیەکی دیکە بنووسم، ئەویش ئەمانەن :

١- ناڵێم حکومەتی کوردستان دەرگای کراوە نەبێ بۆ خەڵکی دڵسۆز و بەتوانا و خزمەتگوزار و هانی گەڕانەوەیان نەدات بۆ کوردستان.

٢. ناڵێم ساڵانی دەربەدەری و نەهامەتی و (پێشمەرگایەتی ) بۆ کەس بە خزمەت ئەژمار نەکرێت.

٣. هەرگیز لەگەڵ ئەوەش نیم ئەوانەی بەزۆر دانراون لەم وڵاتە برسێتی و دەربەدەرییان چەشتووە، حکومەت باوەشیان بۆ نەکاتەوە.

٤.بەڵام ناکرێت بێ بەرنامە و بێ پلانی دواڕۆژ ئەم هەموو خەڵکە بەچەند ساڵێك خزمەت کە هێشتا تەمەنیان ماوە بۆخزمەتکردن، خانەنشین بکرێن. ئەمانە زانکۆکان پێویستیان پێیانە و ئەوانیش دەگەڕێنەوە هەندەران، لەوانەیە بەشێکیان لە زانکۆ ئەهلییەکانیش جارێکی دیکە سوودمەند بن!

٥. حکومەت لە ئێستادا یەك تاقە مامۆستاشی پێ دانامەزرێت لە بەر نەبوونی پارە، یەك گرێبەستیشی پێناکرێ لە بەر نەبونی پارە .

دواخاڵ ئەوەیە: داواکارم لە حکومەت بە دۆسیەی خانەنشینیدا بچێتەوە (بە هەمووی) و بابەتی (خزمەتی فعلی + تەمەنی خانەنشینکراو + بڕی پارەکەی) وردبینی و وردەکاری بۆ بکرێت و بێ ترس بەیاسایی بکرێت.

***سەرۆکی زانکۆی کۆیە**

**ناکرێت بێ بەرنامە و بێ پلانی دواڕۆژ ئەم هەموو خەڵکە بەچەند ساڵێک خزمەت کە هێشتا تەمەنیان ماوە بۆخزمەتکردن، خانەنشین بکرێن. ئەمانە زانکۆکان پێویستیان پێیانە و ئەوانیش دەگەڕێنەوە هەندەران، لەوانەیە بەشێکیان لە زانکۆ ئەهلییەکانیش جارێکی دیکە سوودمەند بن**

# بەنداوی موسڵ گەورەترین پرۆژەی ستراتیژی لەناوچەکەدا



محەمەد ئەمین هەورامانی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

لەدوای هەردوو پرۆژەی (السد العالي) لە میسر و (ئەتاتۆرك) لەتورکیا بەنداوی موسڵ بەیەکێك لەگەورەترین پرۆژەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت ، بەڕادەیەك ئەمباری ئاوەکەی کە ١١ ملیار مەتر سێجایە لەکۆی ئاوی هەردوو بەنداوی دوکان و دەربەندیخان زیاترەو کارەباکەشی دەگاتە ١٠٥٢ مێگاوات، ئەمە جگە لەوەی لەهەردوو بواری ئاودێری و کشتوکاڵ سودێکی رادەبەدەری لەناوچەکەدا هەیە، هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو تیرۆرستانی داعش هێرشیان کردە سەر بەنداوەکەو داگیریان کرد، تاوەکو ئەم پرۆژە ستراتیژییە وەکو هەڕەشەیەك لەدژی خەڵکی کوردستان و عێراق بەکار بهێنن . لەبەر ئەوەی بەشی هەرە زۆری سنووری حوگرافیای بەنداوەکە دەکەوێتە ناو هەرێمی کوردستانەوە و خۆشبەختانەش هێزەکانی پێشمەرگە بەپشتیوانی هاوپەیمانان و بەپلانێکی تۆکمە توانیان بەنداوەکە ئازاد بکەن و ئەرکی پاراستنی کەوتە سەرشانی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان، بەمەش توانرا ئەم پرۆژە ستراتیژی و گرنگە لەرووی ئابووری و کشتوکاڵی و وزەوە کۆنترۆڵ بکرێت ، گەرچی پێش ئازادکردنی چەند شوێنێکی پرۆژەکە لەلایەن داعشەوە تەقێنرایەوە وەکو پردی لای راستی پرۆژەکە، بەڵام لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە چاککرایەوە . ئەمڕۆ ئەم پرۆژە گەورەیە رووبەرووی چەندین کێشەو گرفت بووەتەوە کە گرنگترینیان کێشەی بۆماوەیی پرۆژەکەیە لە داخورانی بناغەی بەنداوەکە کە لەساڵی ١٩٨٦ ەوە تا ئێستا سەدان هەزار تەن چیمەنتۆی رەق تەحشییە دەکرێت ، هەروەها گرفت و کێشەکانی تری وەکو دەرگای بەردانەوەی ئاوی لەناکاو بەگرنگترین گرفتە تەکنیکیەکانی بەنداوەکە دادەنرێت، کۆمپانیای راوێژکاری واشنتۆن ئینترناشناڵ گروپ لە توێژینەوەیەکیدا باس لە ئەگەری هەرەسهێنانی بەنداوەکە دەکات کە دوای ٣ کاتژمێر مەزندەی گەیشتنی سەرەتا شەپۆلەکانی ئاوی



بەنداوەکە بۆ ناو شاری موسڵ بەقووڵی ٢٠ مەتر دەکات و کاریگەری مەترسیداری بۆ سەر ٢ ملیۆن کەس لەو شارەدا هەیە، لەکۆنگرەیەکی فراوانی نێودەوڵەتیشدا (هایدرۆی ٢٠١٥) بەندە لێکۆڵینەوەیەکی پێشکەش کرد کە لەو کۆنگرەیەدا ١٤٥٠ شارەزا ئامادەیبوون ئەمە جگە لە ئامادەبوونی ڕێکخراوە جیهانییەکان وەکو ئەنجومەنی نێودەوڵەتی بۆ بەنداوە بەرزەکان International Commission of Large Dams ( ICOLD)، تێیدا ئامادەبووان ڕۆڵی پێشمەرگەیان بەرز نرخاند لە کۆنترۆڵکردنەوەو پاراستنی ئەم بەنداوە گەورەیە تەنانەت لە دۆکۆمێنت و بڵاوکراوە جیهانییەکانی ئاژانسەکە و رابەرو ئەتڵەسی جیهانی پیشەسازی وزە باسی ئازایەتی پێشمەرگە کراوە لەپاراستن و کۆنترۆڵکردنەوەی بەنداوەکە ، لەبەشێکی کۆنگرەکەدا داوا لە بانکی نێودەوڵەتی و کۆمپانیا و دامەزراوە قەرزبەخشەکان کرا تاوەکو هاوکاری هەرێمی کوردستان بکەن بۆ پێشخستن و نۆژەنکردنەوەی ئەو چەشنە پرۆژانە، داواکەشیان لەلایەن کۆمپانیا گەورەکانی ئەوروپاوە کە سپۆنسەری کۆنگرەکە بوون بەهەند وەرگیرا.

نۆژەنکردنەوەو بەڕێوەبردنی پرۆژەی ستراتیژی بەنداوی موسڵ بەیەکێك لەو ئەرکە گرنگانە دادەنرێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە مشوری جیدی بخوات، چونکە پێگەی ئەم بەنداوە دەکەوێتە ناو جوگرافیای کوردستان و بەخوێنی شەهیدەکانی پێشمەرگە ئازاد کراو ئێستاکەش برێك لەکارەبای لێ بەرهەم دێت و زۆربەی ناوچە ئازادکراوەکانی دەشتی نەینەوا سوودی لێوەردەگرن و لەداهاتووشدا بۆ ئاوەدانکردنەوەی شنگال پێویستمان دەبێت ، ئەمەش پارەو تەمویلێکی گەورەی دەوێت کە دەکرێت هەوڵ بدرێت لە ڕێگای ئەو گەورە کۆمپانیاو ڕێکخراوە پێوەندارە نێودەوڵەتییانەوە قەرزو هاوکاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت.

---

*راوێژکار لەبواری هایدرۆپاوەر

